WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16 25ی گەلاڕێزانی 2715 (750) دینار

## هەر پێنج کوڕەکەی گوللەباران دەکەن و کچەکانیشی دەبەن

**ڕووداو- دهۆک**

غەزال قاسم، ژنێکی بەساڵاچووی کوردی ئێزدییە و یەکێکە لە ڕزگاربووانی دەستی داعش، ئەو باسی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی دووڕیانی گرعوزێر دەکات کە ڕۆژی 2015/11/15 دۆزرایەوە و دەڵێت پێنج لەوانەی لە نێو گۆڕەکەدان کوڕەکانی ئەون.

دوای ئازادکردنی شنگال دوو گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرانەوە کە گۆڕێکیان تەرمی 80 کچی تێدایە و گۆڕەکەی دیکەش 50 تەرمی تێدایە و سەرجەمیان پیاون.

غەزال بە چاوی خۆی کوشتنی یەکێک لە کوڕەکانی خۆی بینیوە و دەڵێت "کوڕێکم بریندار بوو بوو، یەکێک لە چەکدارانی داعش گوتی ئەوە تەواو نەبووە، ئەوی دیکەش دەیگوت من دڵنیام هەموویان تەواو بوون، ئینجا چەکدارەکەی دیکە گوللەیەکی لەبن گوێی دا و تەواوی کرد".



غەزال گێڕایەوە کە کوڕێکی دیکەی لە گوند بریندار بووە، بەڵام کاتێک براوەتە شنگال بۆ چارەسەر، لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بردراوە و تاوەکو ئێستا چارەنووسی دیار نییە. دەڵێت پێنج کچیشیان ڕفاندووە و تاوەکو ئێستا هیچ لەبارەی چارەنووسیان نازانن.

2 »

## دادگای لاهای لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەی ئێزدییەکان راگرت


2

## 50 شوفێری کورد لە بەغدا و بەسرا گیریان خواردووە

3

## ڕووداو بەڵگەنامە مەترسیدارەکانی ئەحمەد چەلەبی بڵاودەکاتەوە

5



### پرۆژەی شکستخواردوو لە پێناوی رەگەزنامە دەکرێن

# بەرپرسانی کورد لە سوێد پارە سپی دەکەنەوە

> 3



## دوژمنێکی مایکرۆسکۆپی هەڕەشە لە کوردستان دەکات



18

## ئەوەی لە پاریس ڕوویدا "فیلم" بوو

17

## پێشمەرگە هۆڵەندییەکە چەکەکەی بۆ بلیتی گەڕانەوە فرۆشت

7

## سابیئەکانیش داوای نوێنەر دەکەن

**رووداو- هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، لە رۆژانی رابردوودا خالید ئەمین رومی کەسایەتی سابیئەی مەندائی و سەهم مەهاوی زامل، سەرۆکی ئەنجوومەنی کاروباری سابیئەی مەندائییەکان سەردانی وەزارەتیان کردووە و وەک پێکهاتە ئاینیەکانی دیکە داوای دەستنیشانکردنی نوێنەریان لە وەزارەتی ئەوقاف کردووە کە نزیکەی 120 خێزان لە تائیفەی سابیئەی مەندائی ئێستا لە کوردستان دەژین. مانگی رابردووش وەزارەتی ئەوقاف بە فەرمی دوو کەسی وەک نوێنەری جووەکان لە وەزارەت دەستنیشانکرد.



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16

### چیرۆکەکە بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە

# داعش لەبەرچاوی خۆی هەر پێنج کوڕەکەی گوللەباران دەکەن و کچەکانیشی دەبەن

**عوبێد رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

دوای ئازادکردنی شنگال لە ماوەی دوو رۆژدا دوو گۆڕی بە کۆمەڵ دەدۆزرێنەوە کە گۆڕێکیان تەرمی 80 کچی کوردی ئێزدی تێدایە و گۆڕەکەی دیکەش 50 تەرمی تێدایە کە سەرجەمیان پیاون، شایەتحاڵێکیش دەڵێت پێنج لەو تەرمانەی لە گۆڕەکەدان کوڕەکانی ئەون و بە بەرچاوی ئەوانەوە لەلایەن داعشەوە گوللەباران کراون.

رۆژی 2015/11/14 بە دووریی چەند مەترێک لە پەیمانگای تەکنیکیی شنگال، گۆڕێکی بەکۆمەڵی کچانی کوردی ئێزدی دۆزرایەوە کە رووفاتی 80 کچی تێدایە.

قاسم سمۆ، بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال بە (رووداو)ی گوت "ئێمە پێشتر زانیاریمان لەبارەی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە هەبوو، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستمان پێشبینی دەکەین ئەوانەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکەدان هەموویان ئافرەت بن".

کامێرای رووداو وێنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی گرتووە کە پرچی کچان و شەویلگەیان بەدەرەوەیە و هەندێک لە رووفاتەکانیش جلوبەرگەکانیان دیارە.

بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال گوتی "ئەو شوێنەی ئێستا بووەتە شوێنی گۆڕی بەکۆمەڵی کچانی کوردی ئێزدی، پێشتر حەوزی بەخێوکردنی ماسیی پەیمانگاکە بوو".

رۆژێک دواتر لە دووڕیانی گرعوزێر لە دوایین خاڵی نێوان پێشمەرگە و داعش، گۆڕێکی دیکەی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە. شایەدحاڵێک بە رووداوی گوت " نزیکەی 50 رووفات لە گۆڕە بەکۆمەڵەکەدا هەیە و هەموو رووفاتەکان پیاون".

پەیامنێری رووداو کە چووەتە شوێنی گۆڕەکان گوتی "رووفاتەکان لە 8 گۆڕدا ژێرخاک کراون". شایەدحاڵێکیش گوتی "رووفاتی مام و چەند ئامۆزایەکم لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندان".

### پێنج کوڕیان سەربڕیوە

غەزال قاسم، ژنێکی بەساڵاچووی کوردی ئێزدییە و یەکێکە لە رزگاربووانی دەستی داعش، ئەو باسی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی دووڕیانی گرعوزێر دەکات و دەڵێت پێنج لەوانەی لە نێو گۆڕەکەدان کوڕەکانی ئەون.

غەزال باسی ساتی هاتنی داعش بۆ شنگال دەکات و دەڵێت "من لە ماڵی کوڕەکەم دانیشتبووم، ئێمە حەوت ماڵ بووین بە یەکەوە بووین، بە کوڕەکانی خۆم گوت با بڕۆین، بەڵام ئەوان گوتیان هیچ نییە، ناڕۆین".

بەڵام دواتر داعش ئەو قیامەتە لە شنگال دروست دەکات کە لە ئاینە ئاسمانییەکاندا باسکراوە و لەوێ وەک ئەوەی حەشریان بکات، هەموویان دەستگیر دەکات و لە شوێنێکدا کۆیاندەکاتەوە.

غەزال گێڕایەوە کە لەوێ ژن و پیاوە بەتەمەنەکانیان جیاکردنەوە، پاشان کچەکانیان جیاکردنەوە، دواتر ئەو پیاو و گەنجانەی لەوێ مابوون جیاکرانەوە بۆ لایەک.

غەزال زۆر هەوڵی داوە کچەکانی لێ دانەبڕێنرێن، بەڵام دەڵێت چەکدارانی داعش بە قۆنداخە تفەنگ لێیانداوە و لەگەڵ پیرەژن و پیرە پیاوەکان لە ژوورێکیان کردوون.

غەزال باسی چارەنووسی گەنج و پیاوەکان دەکات و دەڵێت "هەر لەوێ لەبەرچاوی ئێمە فەقیرێکیان سەربڕی، دواتر ئەوانی دیکەیان یەک بە یەک کوشت، کچەکانیان برد، ئینجا دەرگایان لەسەر ئێمە کردەوە".

غەزال بە چاوی خۆی کوشتنی یەکێک لە کوڕەکانی بینیوە و دەڵێت "کوڕێکم بریندار بووبوو، یەکێک لە چەکدارانی داعش گوتی ئەوە تەواو نەبووە، ئەوی دیکەش دەیگوت من دڵنیام هەموویان تەواو بوون، ئینجا چەکدارەکەی دیکە گوللەیەکی لەبن گوێی دا و تەواوی کرد".

غەزال گێڕایەوە کە کوڕێکی دیکەی لە گوند بریندار بووە، بەڵام کاتێک براوەتە شنگال بۆ چارەسەر، لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بردراوە و تاوەکو ئێستا چارەنووسی دیار نییە. هەروەها دەڵێت داعش پێنج کچی رفاندووە و تاوەکو ئێستا هیچ شتێک لەبارەی چارەنووسیان نازانێت".



ئەو ژنە کە ئاژەڵدار بووە، دەڵێت داعش بە کوشتنی کوڕەکانی و بردنی کچەکانی وازی نەهێناوە، بەڵکو سەرجەم ئاژەڵەکانیشیان لێ بردووە. دەشڵێت "ئەوەی ئاژەڵەکانی برد دەمناسی، بەڵام ئەو منی نەدەناسی".

پەری نووری عەزیز، سەرپەرشتیاری گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەبارەت بە پلانی وەزارەتەکەیان بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان گوتی "دەبێت ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە بەشێوەیەکی زانستی هەڵبدرێنەوە، بۆ ئەوەی لە مەسەلەی بە جینۆسایدناسینی تاوانەکە سوودیان لێ وەربگیرێ". گوتیشی "دەبێ بۆ ئەمە پلانێکی تۆمەکە هەبێت،، ئەو پلانەش تەنیا و تەنیا وەزارەت بەرپرس نییە لە جێبەجێکردنی، بەڵکو بە پلەی یەکەم وەزارەتی پێشمەرگە، چونکە ئەوان یەکەم کەسن دەگەنە ئەو شوێنانە. ئێمە بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی پێشمەرگەمان ئاگادار کردووەتەوە کە گۆڕێکی بە کۆمەڵ دەبینرێتەوە زۆر گرنگە بیپارێزن و دەستکاری نەکەن".

### داوای قسەی دیلەکانی داعش دەکات

# دادگای لاهای لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەی ئێزدییەکان راگرت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

سەرۆکی تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ بەشداری لە کۆنگرەی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان رایدەگەیەنێ، بەهۆی رادەستنەکردنی دیلی داعش لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە و یەپەگەوە، لە مانگی ئابی ئەمساڵەوە کەیسی ئێزدییەکان لەو دادگایە رەتکراوەتەوە، بەڵام وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان دەڵێت "دادگاکە پێیگوتین لێکۆڵینەوەی تێدا ناکەین".

وا بڕیارە رۆژی 2015/11/18 چواردەمین کۆنگرەی وڵاتانی ئەندام لە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان لە شاری لاهای لە هۆڵەندا بەڕێوەبچێت و ماوەی 8 رۆژ بخایەنێت، لەو کۆنگرەیەدا 123 وڵاتی ئەندام لەو دادگایە بەشداری دەکەن. باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا و تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکانیش بەشداری دەکەن.

### دادگا دانپێدانانی دەوێ

دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بە سێ رێگە لێکۆڵینەوە لە تاوان دەکات، یەکێکیان ئەگەر ئەو وڵاتەی تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە ئەندامی دادگاکە بێت، یان لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە داوایان لێ بکرێ، سێیەمیش لەڕێگەی دادگاییکردنی دیلێکی ئەو رێکخراوەی تاوانەکەی کردووە.

دوای داگیرکردنی قەزای شنگال لە 3ی ئابی 2014 لەلایەن چەکدارانی داعش و کوشتنی سەتان کوردی ئێزدی، وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئۆکتۆبەری 2014، داوایەکی پێشکەشی ئەو دادگایە کرد بۆ بەجینۆسایدناسینی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ئێزدییەکان کراون.

عەلی مەحمود، سەرۆکی تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان کە بەشداریی کۆنگرەکە دەکات، بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ یەکەمجار رایدەگەیەنین، لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی دیلێکی داعش کە پاسپۆرتی یەکێک لەو 123 وڵاتەی هەبێت رادەستی ئەو دادگایەی بکەن تا لەڕێگەی دادگاییکردنەوە پێناسی تاوانەکە بکرێت، ئەو کەیسە لە مانگی ئابی ئەمساڵدا رەتکرایەوە".

ناوبراو گوتیشی "ئەمجارەش لەڕێگەی (رووداو)ەوە داوا لە حکومەت و یەپەگە دەکەم ئەگەر دیلی داعشیان لایە جا لە هەر پلەیەکدا بێت رادەستیان بکەن، یاخود کوردی دەرەوەی وڵات هەر داعشێک دەناسن پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن تا بدرێتە ئەو دادگایە".

### کەیسەکە رەتنەکراوەتەوە

بەڵام مەحمود حاجی ساڵح، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە دوایین نامەی بەرپرسانی ئەو دادگایە کە لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا بۆیان رەوانە کراوە، ئەوەی رەتکردەوە کە کەیسەکە لەلایەن دادگاوە رەتکرابێتەوە و بە (رووداو)ی گوت "رۆژی 2015/9/16 نامەیەکمان لەلایەن مارک پێدیرۆن، سەرۆکی بەشی زانیاری و بەڵگە لە نووسینگەی داواکاری گشتی لە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بۆ هاتووە کە دەڵێن ناتوانین لێکۆڵینەوە لە کەیسی ئێزدییەکاندا بکەین، بەڵام نەیانگوتووە رەتمانکردووەتەوە".

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان گوتی "ئەوان تا ئێستا بۆ ئەو مەبەستە قسەیان لەگەڵ یەپەگە نەکردووە، بەڵام نامەیان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکانی دیکەش ناردووە، ئەگەر دیلێکی داعشیان لایە و پاسپۆرتی یەکێک لەو 123 وڵاتەی هەبێت رادەستی دادگاکەی بکەن، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداونەتەوە و گوتی "دادگای تاوانەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ئەو دیلە فەرماندە بێت". جگە لە رادەستکردنی دیلێکی داعش، یەکێک لە رێنماییەکانی ئەو دادگایە بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە کەیسی ئێزدیەکان ئەوە بوو کە عێراق نامەیەکیان بۆ بنێرێت و داوا بکات لێکۆڵینەوە لەو رووداوە بکرێت و گوتی "ئێمەش لەڕێگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نووسراومان بۆ د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆمار و حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیران ناردووە، بەڵام وەڵامیان نەبووە".

دلێر مستەفا، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوانیش قسەیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکان کردووە، بەڵام پێیان راگەیاندوون تائێستا دیلێکی داعشیان دەستگیر نەکردووە کە فەرماندە بێت و پاسپۆرتی یەکێک لەو وڵاتانەی هەبێت.

### زەکی شنگالی، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی KCK:

# دەبێ فەرماندارییەکی هاوبەش بۆ شنگال دروست بکرێ

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- شنگال**

بەرپرسێکی پەکەکە دروستکردنی فەرماندەیەکی هاوبەش لە شنگال بە پێویست دەزانێت و دەڵێت هێشتا مەترسیی داعش لەسەر کورد ماوە. ئەو فەرماندەیە رەتیدەکاتەوە ئەوان هاتبن دەست بەسەر شنگالدا بگرن و دەڵێت ئێمە بۆ پاراستنی خەڵکی شنگال هاتووین.

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK کە پەیوەندییەکی ساردی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، دوای 3ی ئابی 2014، داگیرکردنی شنگالی لەلایەن داعشەوە بە دەرفەت زانی و هەر زوو خۆی گەیاندە سەر چیای شنگال و لەوێ هێزێکی لەژێر ناوی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال دروستکرد.

ئەو هێزەی PKK کە لە رۆژئاوای کوردستانەوە خۆیان گەیاندە چیای شنگال، لەگەڵ پێشمەرگەدا رۆڵیان هەبوو لە کردنەوەی رێگایەک بۆ ئەو ئێزدیانەی لەسەر چیای شنگال گیریان خواردبوو. ئەو هێزە هەرزوو لەوێ شوێنپێی خۆیان قایم کرد و تاوەکو ئێستاش لەوێ ماون.

دوای رزگارکردنی ئاوارەکان، پەکەکە دوو هێزی بەناوەکانی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال و یەکینەکانی بەرخودانی ژنانی شنگال دروستکرد. ئێستا ئەو هێزانە لە چەند شوێنێکی ستراتیژیی چیاکە جێگیربوون و فەرماندەکانیشیان دەڵێن بەشداریی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شنگالیان کردووە لە چەند رۆژی رابردوودا.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

عەگید جڤیان، فەرماندەی گشتیی هەپەگە لە شنگال، سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال قسەی بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) کرد، ئەو بەر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (رووداو) گلەیی لە دەزگاکانی راگەیاندن کرد کە تاکلایەنە رووماڵی شەڕەکەیان کردووە و گوتی "رەخنە لە راگەیاندنی هەموو لایەنەکان دەگرم، هەرچەندە رووداو باشترە و دووجار سەردانیان کردووین و قسەمان کردووە، بەڵام ئەوانی دیکە یەکلایەنە شەڕەکە رووماڵ دەکەن".

ئەو بەرپرسەی پەکەکە هۆکاری هاتنیان بۆ شنگال روونەدکاتەوە و دەڵێت "لە 3ی ئابی 2014 هێرشکرایە سەر شنگال و پارچەیەکی باشووری کوردستان دابڕا، رۆژی 5ی هەمان مانگ ئێمە وەک هێزەکانی هەپەگە لێرە بووین و لەوکاتەوە شنگال دەپارێزین، 15 مانگە بەرخودان دەکەین، پاشان لە دەوروبەری شنگال ئۆپەراسیۆن دەستی پێکرد و لە 2014/12/19 هەم لەلای رۆژئاوا، هەم لەلای زوممار پێشڕەوی هەبوو".

عەگید چڤیان گوتیشی "هەر ئەو رۆژە دەمانەویست شنگالیش بگرینەوە و هێزەکانمان لە هەپەگە و یەپەشە چوونە نزیکی شنگال و هێزێکی زۆری پێشمەرگەش ئەوکات هاتن، ئەو شوێنانە 11 مانگە لەدەستی هەموو هێزەکاندان، ئەگەر ئەوکاتیش بەردەوامباین لە ئۆپەراسیۆن، ئەو شوێنانەی ئەم دوو رۆژە گیراونەتەوە، 11 مانگ پێش ئێستا دەمانگرتنەوە، لەو کاتیشەوە ئێمە لە شنگال شەڕمان کردووە و تەنیا لەنێو شنگال 35 هەڤاڵمان لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە و جەنگاوەری ئێزدی شەهیدبوونە".

ئێستا شەڕێکی سارد لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەیە، هەرچەندە ئەوان دەڵێن بەشداریان لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی شنگالدا کردووە، بەڵام مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا گوتی "تەنیا پێشمەرگە بەشداری کردووە".

ترسێک هەیە کە پەکەکە دەست بەسەر شنگالدا بگرێت و بیکاتە کانتۆنێک، بەڵام بەرپرسانی پەکەکە هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکەوە.

عەگید جڤیان کە چەند رۆژێک پێش کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال گوتبووی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی، شنگال جێدەهێڵن، گوتی " ئێمە هەردەم گوتوومانە کە نامانەوێ شنگال دابڕین و بیخەینە ژێر رکێفی خۆمان، ئێستا لەنێو شار و دەرەوەی شنگال چەتەی داعش هەن، هەروەها بڕیاری کۆتایی لەلای سەکردایەتیمانە و دەمانەوێ ئێمە لە دانوستاندن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوامبین و کۆتایی بەو کێشەیە بێنین".

پێشمەرگە دوای ئازادکردنی کۆبانێ، ئەوێی جێهێشت، چما پەکەکە لە شنگال ناڕوات؟ ئەو بەرپرسەی پەکەکە دەڵێت "کێشەی گەورە ئەوەیە ئینکاری لە هەبوونی هەپەگە لێرە دەکرێ و، کامێرای میدیاکانیش چالاکییەکانمان رووماڵ ناکەن و زوومی کامێراکانیان لە گەریلاکانمان لادەدەن". گوتیشی "پێشمەرگە لە کۆبانێ پێشوازی لێکرا دڵی هەموو کوردێکی خۆشکرد، بە بڕیاری خۆشیان کشانەوە، بەڵام لێرە چالاکی پەکەکە و هەبوونی بچووک دەکرێتەوە".

لەبارەی گرژییەکانی نێوان پێشمەرگە و پەکەکە و ئەگەری روودانی شەڕ لەنێوان هەردوولا، ئەو فەرماندەیەی هەپەگە گوتی "ئێمە سەرجەم گەریلاکانمان ئاگادارکردوونەتەوە لەوەی ئێمە بۆ شەڕی داعش هاتووین نەک پێشمەرگە، هەروەها سەرۆک بارزانی ئەوەی بە هەموان گوتووە کە شەڕی براکوژی نەکرێ و فەرماندەی پێشمەرگەش هەن بە حەزەرەوە هەڵسوکەوت دەکەن".

لەبارەی پەیوەندییەکانی پەکەکە و پارتیش گوتی "دەرفەتی زۆر بۆ کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان هاتوونەتە پێشەوە و پێویستە سوودیان لێوەربگرین، لەگەڵ پارتی لە خوارەوە و لەسەر ئاستی نزم پەیوەندیمان هەیە و کۆبوونەوەمان کردووە، بەڵام پێیان دەگوتین دەبێ چالاکیتان سنووردار بێ".

زەکی شنگالی، ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبردنی کۆما جڤاکێن کوردستان، رۆژێک دوای رزگارکردنی شنگال کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی لە نێو قەزای شنگال ساز کرد. ئەو لە کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەدا گوتی "پێویستە فەرماندەییەکی هاوبەش بۆ پاراستنی شنگال لەنێوان هێزەکان دروست بکرێ".

شنگالی لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداو) دا کە ئایا شنگال بەجێدێڵن؟ گوتی "هاتنی ئێمە بۆ شنگال بۆ ئەوە نییە دەست بەسەر شارەکەدا بگرین، شنگال بێ پاراستن ما، ئێمە هاتین خەڵک لە چەپەڵێتی داعش بپارێزین". گوتیشی "شەنگال کوردستانە، ئێمەش هێزێکی کوردستانین، لە هەر شوێنێک کوردستان هەبێت، ئێمە لەوێین".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16



## "پەرلەمان و حکومەتم لە مەترسی داعش ئاگادارکردبووەوە"



**رووداو- هەولێر**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیێنێ، پێشتر بەنووسراوی فەرمی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە مەترسییەکانی حەشدی شــەعبی ئاگادارکردوونەتەوە. بێســتوون فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردســتان بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشتر چەندجارێک سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەتی لە مەترسی بوونی میلیشیا شیعەکان لە خورماتوو و ناوچەکانی گەرمیان ئاگادارکردوونەتەوە، بەڵام لەبری رێگرتن لەو هێزانە، لە خورماتوو و چەند شوێنێکی دیکە جێگیرکراون. دەشڵێت "زیاتر مانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی کارەسات و شەڕی گەورەتری بەدوادادێت، بەتایبەت لە سنووری خورماتوو".

# حەشدی شەعبی لە خانەقین و خورماتوو 4800 کەسی چەکدار کردووە

نەوزاد مەحموود و مەحموود یاسین
رووداو – سلێمانی، هەولێر

شەڕە چاوەڕوانکراوەکە لە خورماتوو روویدا، ئەو شـارۆچکەیەی وەک پێکهاتەکـەی ئاڵۆز و وەک هەڵکەوتـە جوگرافییەکەشـی ئاسـانە بۆ ئەوەی شـەڕی نەتـەوەکان و مەزهەبەکانی تێدا بەرپـا ببێ. بەرپرسـێکی سـەربازی دەڵێت با یەکێتی باجی سەرەڕۆییەکانی حەشدی شەعبی بـدات "چونکـە هەر خـۆی دەرگای بۆ کردنەوە بێنەوە ناوچەکە".

شەڕە چاوەڕوانکراوەکە، بەلای زۆر لە بەرپرسە سەربازییەکانەوە لە داهاتوودا رووبەڕووبوونەوەی پێشـمەرگە و حەشدی شـەعبییە. ئەو هێزەی دوای شکستهێنانی سـوپا زەبەلاحەکەی عێراق لە بەرامبەر داعش، بە پشتیوانیی مەرجەعیەتی باڵای شـیعە قوت بوونەوە بۆ ئەوەی پێشڕەویی داعش رابگرن.

بەرپرسـە شـیعە مەزهەبەکانـی عێـراق دەمێکـە داوای گرتنـەوە دەسـتی دەسـەڵاتی ئیـداری و سـەربازیی ئـەو ناوچانـە دەکەن کە دوای شکستهێنانی سـوپای عێراق، پێشمەرگە پاراستوونی.

بۆ سـێیەمجار، گرژی و شەڕ کەوتەوە نێوان پێشـمەرگە و حەشدی شـەعبی لە خورماتوو، هەرچەندە ئێران و حکومەتی بەغدا نێوەندگیری نێوان یەکێتی و هێزەکانی حەشـدی شەعبییان کرد، بـەڵام ژمارەیـەک ماڵ و دوکانـی کوردی ئەوێ سووتێنران و رفاندنی چەند هاووڵاتییەکی کوردیشی بەدوادا هات.

### لە داعش مەترسیدارتر

عادل نووری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەڵێ لە هەر جێگایەک حەشدی و شەعبی و پێشمەرگە نێوانیان تێکبچێ، کەتیبەکانی حەشدی شەعبی پەلاماری هاووڵاتیانی کورد دەدەن و دەیانڕفێنن "هەر بۆیە کوردی بەغدا ترسێکی زۆریان هەیە".

عـادل نـووری هەروەها دەڵێ، کاتێک شـەڕ لە خورماتـوو بەرپـا بـوو، کوردێکی دانیشـتووی بەغدا خۆی گەیاندووەتە نووسـینگەکەی ئەو لە بەغدا و داوای کردووە بیپارێزن "کوردی بەغدایە و چەکدارانـی حەشـدی شـەعبی دەمانچەیـان خسـتووەتە سەر سەری بیکوژن و خۆی دەرباز کردووە".

ئـەو پەرلەمانتـارە کـە پێشـتر داوای لـە هاووڵاتیانـی باشـووری کوردسـتان کـردووە سـەردانی بەغـدا نەکـەن و ژیانیـان نەخەنـە مەترسـییەوە، دەڵێـت زۆر جـار ئەوانیش وەک پەرلەمانتار ژیانیان لە مەترسـیدایە "ماوەی دوو رۆژ لە بازگەکان پرسـیاری کوردیان کردووە بۆ ئەوەی دایانبەزێنن، بـەڵام بەداخەوە ئێمە وەک لایەنە کوردییەکان لە بەغدا یەکهەڵوێسـت نین بەرامبەر حەشدی شەعبی".

عـادل نـووری داوا لـە هەمـوو فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکانی پەرلەمانی عێـراق و هەموو حیزبەکانـی باشـووری کوردسـتان دەکات وەک چـۆن بەرامبـەر داعـش یەک هەڵوێسـت بوون "پێویسـتە بەرامبەر حەشـدی شەعبیش یەکهەڵوێست بین و بڕوا بێنین بەوەی دوژمنی لە داعش مەترسیدارتری ئێمە، حەشدی شەعبییە".

### کورد و حەشد یەکدی دیل دەکەن

لـە رۆژی شـەممەوە، حەشـدی شـەعبی و ئاسایش و پێشمەرگە لە خورماتوو 83 کەسیان لـە یەکدی گرتـووە. ئاسـایش 35 کەسـی لە ئەندامانی حەشـدی شـەعبی دەسـتگیرکردووە و هێزەکانـی حەشـدی شـەعبیش 48 کوردیان دەسـتگیرکردووە. سـەرەڕای رێککەوتنەکـەی ئێـوارەی شـەممەی رابـردوو بـۆ گۆڕینـەوەی دەستبەسەرکراوەکان، هێشتا 13 هاووڵاتی کورد لای حەشدی شەعبی و 7 حەشدی شەعبی لای ئاسایش ماون.

شەلال عەبدول، قایمقامی قەزای خورماتوو کە بە بەردەوامی سـەرقاڵی وەڵامدانەوەی تەلەفۆن و کێشـەکانی قەزاکەیـە، دەڵـێ "هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی دۆخەکە وەک پێشـوو ئاسـایی بکرێتـەوە". بەڵام سـەرچاوەیەکی ئاسـایش لە خورماتوو دەڵێ "حەشـدی شـەعبی قسـەیان لەگەڵ ناکرێت و متمانەمان پێیان نەماوە، چونکە هەر زوو رێککەوتنەکان تێکدەدەنەوە".

رووداوەکەی خورماتوو، بە خێرایی حکومەتی بەغدا و بەرپرسی هێزە جیاوازەکانی نێو حەشدی شەعبی هێنایە سەرهێڵ. تەنانەت کەسێکی وەک قەیس خزعەلی، سەرۆکی رێکخراوی عەسائیبی ئەهلـی حـەق، کاردانەوەکـەی ئـەوە بـوو کە بەرامبـەر کۆنترۆڵکردنـەوەی شـنگال لەلایەن پێشمەرگەوە دەریبڕی و گوتی "هێزێکی خراپتر لە داعش چووە شنگال". گوتیشی "هێزی زیاتر رەوانەی خورماتوو دەکەین".

ئەشـواق جـاف، پەرلەمانتـاری پارتـی لـە پەرلەمانـی عێـراق، باسـی مەترسـی لەسـەر ژیانـی کورد دەکات لە بەغـدا و دەڵێ: "کاتێک شەڕەکەی خورماتوو دەستیپێکرد، پەیوەندیمان پێوە دەکرا و دەیانگوت مەترسی لەسەر ژیانتان هەیە لەناوچەی سەوز دەرنەچن".

### "تەنیا بە قسەی مەرجەعیەت دەکەن"

ئەشـواق جـاف، لە بەرپرسـانی حەشـدی شـەعبی دەپرسـێ "بیـر لەو هەمـوو عەرەبەی باشووری کوردستان ناکەنەوە وا هاووڵاتی کورد دەڕفێنن؟". ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە کێشـەی گەورە ئەوەیە کە حەشدی شەعبی گوێ لە هیچ هێزێک و حکومەتیش ناگرن "دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ مەرجەعییەتی باڵای شـیعە بکرێ و تەنیا ئەوان دەتوانن حەشدی شەعبی بێدەنگ بکەن".

بـەڵام پەرلەمانتارێکی یەکێتی رەتیدەکاتەوە مەترسـی لەسـەر کورد هەبێ لە بەغدا و دەڵێ ئەگـەر شـەڕ لەنێوان پێشـمەرگە و حەشـدی شـەعبیش دروسـت ببێتـەوە "کـوردی بەغـدا کێشـەیان نییە وەک چۆن لەسەردەمی سەددام توانیویانـە لە بەغدا بژین". بەختیار شـاوەیس دەڵێ "مەترسی لەسەر شنگال و دووز و خانەقین و کەرکووک هەیە و باشـترین چارەسەر ئەوەیە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێ".

بەرپرسـێکی سـەربازیی هێزی پێشمەرگە لە کەرکـووک، گفتوگۆکـردن و رێککەوتـن لەگەڵ حەشـدی شـەعبی بە ئەسـتەم دەزانێ "ئەوان دەسـەڵاتیان دەوێ و دەیانـەوێ بگەڕێنـەوە کەرکـووک و لـە خورماتـووش دەیانـەوێ دەسەڵاتیان لەگەڵ دابەش بکرێ". ئەو بەرپرسە سـەربازییە کە نەیویسـت نـاوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەهـا دەڵێ "یەکێتی خـۆی رێگای هاتنەوە نـاوەوەی بۆ کردنەوە و رێگای بۆ خۆشکـردن، هەر بۆیە ئەمڕۆ دەبێ خۆی باجەکەشـی بدات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە".

### 3800 چەکداری حەشد لە خانەقین و خورماتوو

ئەو بەرپرسـەی پێشـمەرگە زانیـاری زۆرتر دەدات و دەڵـێ لەمـاوەی ئـەو سـاڵەی ئەوان هاتوونەتە ناوچەکە "زیاتر لە 3000 کەسیان لە خورماتوو چەکدار کردووە و لە چەند ناوچەیەکی دیکـەش فەوجیان دروسـتکردووە کـە هەر بۆ شەڕی کوردیان دەوێ".

> **بەرپرسێکی سەربازی:** یەکێتی خۆی دەرگای بۆکردنەوە و دەبێ چارەسەریشیان بکات

> **پەرلەمانتارێکی پارتی:** لە بەغدا ژیانمان لە مەترسیدایە

> **پەرلەمانتارێکی یەکێتی:** مەترسی لەسەر ژیانمان نییە

بەپێی ئەوزانیارییانەی لە نێو خورماتوو دەست (رووداو) کەوتـوون، ژمارەیەک نیشانەشـکێنی سەر بە حەشدی شەعبی لە نێو ماڵ و بیناکانن و هێشتا گولله بە خەڵکەوە دەنێن. ئەمە سەرباری ئەوەی دوێنێ یەکشـەممە دوای ئازادکردنی ئەو سێ پاسەوانەی سـەرۆکایەتی کۆمار بە هەوڵی زۆری یەکێتی لـە خورماتوو، لە نزیک مەندەلی سـێ کادری دیکەی پارتییان دەستگیرکردووە و هێشـتا ئازاد نەکراون. هەروەها لەوەتەی شەڕی داعش دەسـتی پێکردووە، حەشدی شەعبی لە خانەقیـن لیوایەکیان بۆ کوردە شـیعەکانی ئەو سـنوورە پێکهێناوە کە ژمارەیان 1800 کەسـە و فەرماندەی لیواکە کوردێکی شیعە مەزهەبە.

### "هێزێکی بێ دایک و باوکن"

وەستا رەسـوڵ کە فەرماندەیەکی سەربازیی یەکێتییە لە باشـووری کەرکـووک، بە (رووداو) ی گوت "حەشـدی شەعبی هێزێکی بێ دایک و باوک و فرە سەرکردەیە، ئێمە قبووڵ ناکەین لەو ناوچانـەی بە خوێن ئازادمان کردوون ئەوان بێن تێکیبدەن، هەر خاکێک بە خوێن بیگرین، مەگەر بە خوێن چۆڵی بکەین".

محەممـەد حەکیـم، ئەندامـی ئەنجوومەنـی سیاسـی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە خۆی خەڵکـی قـەزای دووزخورماتـووە، لـە بـارەی حەشدی شـەعبییەوە دەڵێت "ژمارەیەکی زۆری چەکدار و قەناس بەدەسـتی حەشـدی شەعبی لە خورماتـوو بڵاوەیان پێکـراوە، دیمۆگرافیای ناوچەکەیـان گۆڕیوە، بۆیە پێمانوایـە لە دوای داعش، حەشدی شەعبی مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات".



---

**عەسائیبی ئەهلی حەق لە بەغدا بەدوای کورددا دەگەڕێ**

# 50 شوفێری کورد لە بەغدا و بەسرا گیریان خواردووە

سیروان عەباس
رووداو- هەولێر

نزیکـەی 50 شـوفێری کـورد لـە بەغدا و بەسرا گیریان خواردووە و لە ترسی چەکدارانی عەسـائیبی ئەهلـی حـەق کە میلیشـیایەکی شـیعەن، ناوێـرن بگەڕێنـەوە کوردسـتان. هەندێک لەو شوفێرانەش پەنایان بردووەتە بەر دەرهێنانی ناسنامەی ساختە و بەناوی کوردی شەبەکی شیعەوە خۆیان لە دەستی میلیشیاکان رزگار دەکەن.

دوای سـەرهەڵدانی کێشـە و ئاڵـۆزی لـە نێوان پێشـمەرگە و حەشدی شەعبی لە قەزای خورماتوو، چەکدارانی حەشـد لەسـەر رێگای سـەرەکیی خورماتوو-بەغـدا چەندین بازگەیان دانـاوە و شـوفێرانی کورد دەسـتگیر دەکەن. عەسـائیبی ئەهلـی حەقیـش کـە گرووپێکی شـیعەیە، لە بەغدا دەسـتیان بـە هەڵمەتێکی گەڕان بەدوای کورددا کردووە.

شـوفێرێکی کـورد کە لە ترسـی میلیشـیا شـیعەکان لە بەغدا گیـری خـواردووە، دەڵێ "هەر من نیم، بە دەیان شۆفێری کورد لە بەغدا گیریان خواردووە و ناتوانن بگەڕێنەوە، ئەگەر لە رێگەی دۆستەکانیشیانەوە نەبێت، ناتوانن بچنە دەرەوە بۆ نانخواردن".

ئـەو شـۆفێرە کـە لەترسـی گیانـی خۆی نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتـەوە، بە تەلەفۆن بە (رووداو)ی گوت "کۆمەڵە چەکدارێک کە نازانین کێن، لەسـەر رێگای خورماتوو-بەغدا بازگەیان داناوە و لێمان دەدەن، پارە و مۆبایل و شـتی بەنرخمان لێ دەسـتێنن". ئەو شۆفێرە کوردە هەروەها گوتی "سەرەڕای لێدان و ئیهانەکردنی چەندین شۆفێری کورد لەلایەن ئەو چەکدارانەوە، دوو شۆفێری خەڵکی هەولێریشیان رفاندووە کە بازرگانی سەوزە و میوەن".

### لە بەسرا گیریان خواردووە

شوفێری بارهەڵگرێک کە خەڵکی هەولێرە و ئێسـتا لە بەسرایە بە (رووداو)ی گوت "ماوەی چەند رۆژێکە 20 شۆفێری کورد لە شاری بەسرا گیریان خواردووە و ناوێرن بگەڕێنەوە، ترسمان لە بازگەکانی حەشدی شەعبی هەیە".

سـەبارەت بە رێگەچـارەی گەڕانەوەیان ئەو شـوفێرە کـوردە گوتی "هەتا ناسـنامەکانمان نەگۆڕین ناوێرین بگەڕێینەوە، چونکە حکومەتی عێراق هیچ رێگرییەک لە کردەوەکانی حەشـدی شەعبی ناکات".

"حەشـدی شەعبی حیسـابی پێشمەرگە بۆ کاسبکارانیش دەکات" ئەمە قسەی شۆفێرێکی



رێگای سەرەکی خورماتوو-بەغدایە کە نزیکەی دوو هەفتەیـە لـە بەغـدا گیـری خـواردووە و دەڵێت "ئـەو چەکدارانە دەڵێن ئێوە هەمووتان پێشمەرگەن، پێدەچێت ئەوانە حەشدی شەعبی بن و تۆڵـەی رووداوەکانـی خورماتوو لە ئێمە بکەنەوە".

پەرلەمانتارێکـی کورد لە بەغدا بە (رووداو) ی گـوت گرووپـی عەسـائیبی ئەهلـی حـەق کـە گرووپێکـی شـیعەیە، دەسـتیکردووە بە هەڵمەتێکـی گـەڕان بـۆ دەسـتگیرکردنی ئەو کوردانەی لە بەغدان.

عـادل نـووری، پەرلەمانتـاری کـورد لـە پەرلەمانی عێراق داوا لە هاووڵاتیانی کورد دەکات بۆ هیچ کارێک سەردانی بەغدا نەکەن، ئەوانەشی کە لە بەغدان بەهیچ جۆرێک نەیەنە دەرەوە، تا ئەوکاتەی رەوشەکە ئاسایی دەبێتەوە.

### خۆیان دەکەنە شەبەک

بەشێک لەو شۆفێرە کوردانەی لە شارەکانی دیکـەی عێـراق ماونەتـەوە، رێگایەکـی نوێ بەکاردەهێنن بۆ خـۆ رزگارکردن لە بازگەکانی حەشدی شەعبی و ناسنامەی باری شارستانی ساختە بە بڕە پارەیـەک دەردەهێنن و خۆیان دەکـەن بە کوردی شـەبەکی شـیعە مەزهەب، وەک خۆشـیان دەڵێـن "ئـەوە تەنیـا رێگەیە بـۆ دەربازبوونیان لەدەسـت ئـەو چەکدارانە". جگە لـەوەش کتێب لەبارەی مەزهەبی شـیعە دەخوێننـەوە، بۆ ئەوەی خۆیـان گومانیان لێ نەکەن.

شـوفێرە کوردەکەی بەسـرا گوتـی "زیاتر لە هەفتەیەکە زانیاری لەسـەر ئاینزای شـیعە دەخوێنمـەوە، بۆ ئەوەی لـە بازگەکاندا ئەگەر پرسیاریان لەسەر ئاینزای شیعە لێکردم زانیاریم هەبێت و تووشی کێشە نەبم"

دوای کۆبوونەوەکانـی فەرماندەکانـی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی، بە ئامادەبوونی بریـکاری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری سـەرۆک کۆماری عێراق، دەیان دیل لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی ئاڵوگۆڕیان پێکرا. هەندێک لەو دیلانە شـۆفێربوون و خەڵکی سـلێمانی و هەولێر بوون. بەڵام چارەنووسـی دوو شوفێری کورد لەو رێگەیە دیار نییە. شـوفێرێک دەڵێت "گومـان لـەوەدا نییە ئەوان لەلایـەن چەکدارە شیعەکانەوە رفێندراون".

> **شوفێرێکی کورد:** بە ناسنامەی ساختەوە خۆمان دەکەینە شەبەک و دەگەڕێینەوە


**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێ، ئازادکردنی شنگال لەلایەن هێزی پێشمەرگە ئەو قەناعەتەی بۆ هەموو لایەک دروستکردووە کە داعش شکست دەخوات و لەنێودەچێت. رۆژی 2015/11/15، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ محەممەد حاجی مەحموود، سەرپەرشتیاری میحوەری کەرکووکی پێشمەرگە و شاندێکی یاوەری کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرپەرشتیاری میحوەری کەرکووک بەبۆنەی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگال پیرۆزبایی لە بارزانی و هێزی پێشمەرگە کردووە. بارزانیش وردەکارییەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوون و سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگالی بۆ باسکردوون و گوتوویەتی "ئازادکردنی شنگال لەلایەن هێزی پێشمەرگە ئیدی ئەو قەناعەتەی بۆ هەموو لایەک دروستکردووە کە لەنێو دەچێت".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16

# گۆڕان دڵنیایی دەداتە یەکێتی کە لە حکومەت ناکشێتەوە



## گوتەبێژی گۆڕان: پێشتریش پلانی کشانەوەمان لە حکومەت نەبووە

## ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی: ناکرێت گۆڕان لە حکومەت بن و ئۆپۆزیسیۆنیش بن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان دڵنیایی دەداتە یەکێتی کە لە دوای گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ شاری هەولێر و وەزیرەکانی بۆ شوێنی کارەکانیان، بیر لەوە ناکەنەوە لە حکومەت بکشێنەوە. یەکێتیش ئەو پەیامەی گۆڕان دەگەیەنێتە پارتی.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەستیکردووە بە هەوڵەکانی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و وابڕیارە ئەمڕۆش (دووشەممە) یان سبەی لە شاری هەولێر لەگەڵ شاندی پارتی کۆببنەوە و نوێترین پەیامی گۆڕانیان پێبگەیەنن.

گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و گۆڕان دوای ئەوە هات کە لە 2015/10/9 لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی زنجیرەیەک خۆپیشاندان کران و هێرشکرایە سەر ژمارەیەک بارەگای پارتی و هەندێکیشیان سووتێنران. پارتیش، بزووتنەوەی گۆڕانی بە هێرشکردنە سەر بارەگاکانی تۆمەتبار کرد، بۆیە رۆژی 2015/10/12 تاکلایەنە بڕیاری دا بە هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ گۆڕان، هەروەها رێگری لە د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمان کرد بگەڕێتەوە شاری هەولێر و وەزیر و بەرپرسانی گۆڕانیشی لە حکومەت دوورخستەوە.

### گۆڕان دڵنیایی دەدات

یەکێتی ماوەی زیاتر لە هەفتەیەکە دەستیکردووە بە سەردانی لایەنەکان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە و نێوەندگیریی پارتی و گۆڕان، رۆژی شەممەش سەردانی مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕانیان لە شاری سلێمانی کرد.

ئەندامێکی شاندەکەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت، هەوڵەکانی حیزبەکەی لە سەردانی لایەنەکان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان نێوەندگیرییە لە نێوان پارتی و گۆڕان، چونکە هەردوو لایان مەیلیان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە و دانیشتن لەگەڵ یەکدی هەیە.

ئەو سەرچاوەیە باسی ترسێکی پارتی کرد لە گۆڕان کە ئێستا لە حکومەت دەرکراون، بەڵام دوای هاتنەوەیان بۆ نێو حکومەت، خۆیان لە حکومەت بکشێنەوە، ئەو سەرچاوەیە گوتی "لەڕاستیدا ئێمەش ئەو گومانەمان هەبوو، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەدا گۆڕان ئێمەیان سەرپشک کرد کە لە کۆبوونەوەماندا لەگەڵ پارتی بەناوی ئەوانیشەوە قسە بکەین و دڵنیایی بدەین کە دوای هاتنەوەیان بۆ نێو حکومەت، هەتا تەواوکردنی ئەم کابینەیەی حکومەت ناکشێنەوە".

ئەو ئەندامەی بەشداربووی کۆبوونەوەکە بەگرنگییەوە لە کۆبوونەوەکەی خۆیان و پارتی روانی و گوتی "کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ پارتی زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر کۆبوونەوەیەکی باش بێت ئەوا دەروازەیەکی نوێ بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە و بەتایبەتیش پەیوەندییەکانی پارتی و گۆڕان دەکرێتەوە".

### مەرجەکەی گۆڕان

د.شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان ئامادەن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بە گفتوگۆکانیان بکەنەوە بەو مەرجەی بارودۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ پێش رووداوەکانی 2015/10/12، د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە شاری هەولێر و وەزیر و بەرپرسەکانیشیان بڕۆنەوە سەر کارەکانیان.

شۆڕش حاجی گوتی "هەڵوێستی ئێمە روون و ئاشکرایە کە داوای چارەسەرکردنی کێشەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە لە ژێر چەتری پەرلەماندا، پاشان شەفافیەت لە دۆسیەی نەوت و دۆسیەکانی دیکەش".

سەبارەت بەوەی گرەنتییان بە یەکێتی داوە کە لە دوای گەڕانەوەیان بۆ نێو حکومەت ناکشێنەوە، گوتەبێژەکەی گۆڕان گوتی "ئێمە کە بە بڕیاری جڤاتی نیشتمانی بڕیارمان دا بەشداریی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئامانجمان ئەوە بوو شان بدەینە بەر چاکسازی، جگە لەوەش ئێمە پلانمان نەبوو لە حکومەت بکشێینەوە، بەڵکو پارتی بەشێوەیەکی تاکلایەنە ئێمەی دوورخستەوە".

هەرلەوبارەوە کاکەمین نەجار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی رایگەیاند کە ئەوانیش باوەڕیان وایە دەبێت بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و دەست بە گفتوگۆ بکرێتەوە "ناکرێت لە وڵاتێک بین و دانیشتن نەکەین بۆ چارەسەری کێشەکان".

بۆ وەرگرتنی گرەنتی گۆڕانیش لەلایەن یەکێتییەوە بە نەکشانەوەیان لە حکومەت، کاکەمین نەجار گوتی "بەڕاستی ئەوەش ناکرێت گۆڕان لەلایەک لە حکومەتدا بێت و لەلایەکی دیکەش ئۆپۆزیسیۆن بێت".

### هەڵەبجەش لیژنەی نێوەندگیریی دروستکرد

رۆژی 2015/11/14 کۆمیتەی ئاشتی لە پارێزگای هەڵەبجە و ژمارەیەک گرووپی ئاشتی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کۆنگرەی ئاشتییان لەو پارێزگایە سازکرد و لیژنەیەکی نێوەندگیرییان دروستکرد.

عەلی عوسمان، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە بە (رووداو)ی گوت، پێشنیاز کراوە لەسەر ئاستی چوار پارچەی کوردستان لیژنەیەکی نێوەندگیری بۆ سەردانی لایەنەکان و بەتایبەتیش پارتی و گۆڕان پێکبهێنرێت.

ناوبراو گوتی "پێشنیاری هەریەک لە مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین ئەمینداریی پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی و عەزیز محەممەد کەسایەتی ناسراو و سەلاحەدین موهتەدی کەسایەتی رۆژهەڵات، مەحموود عوسمان و حاکم شێخ لەتیف پەرلەمانتارانی پێشووی کورد لە پەرلەمانی عێراق و لەیلا زانا ژنە سیاسەتمەداری باکووری کوردستان بۆ ئەو نێوەندگیرییە کراوە".

بەڵام مەحموود عوسمان بێئاگایی خۆی لە ئەندامبوونی لەو لیژنەیە راگەیاند و بە (رووداو)ی گوت "ئاگادار نیم لەو لیژنەیەدا ئەندام بم و هەر کاتێکیش پێیان گوتم، رای خۆم دەڵێم".

مەحموود عوسمان پێیوایە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئێستا پێویستی بە نێوەندگیریی نییە و گوتی "ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بەتایبەتی لەنێوان پارتی و گۆڕان نێوەندگیریی ناوێت، لەبەرئەوەی ئەو دوو لایەنە خۆیان دەزانن چییان کردووە و دەتوانن چاکی بکەنەوە، چونکە هەر لە 23ی حوزەیرانەوە تائێستا چارەسەری کێشەکان بە هەڵە هاتووە".

بەڵێنی داوە نەوت و پارەی بۆ بنێرێ

# بەغدا قەیرانی دارایی لەسەر سلێمانی سووک دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی دەڵێ بەغدا دەستی بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە کردووە کە پێیاندابوون و چاوەڕێی گەیشتنی پارەکەی بەغدا دەکەن. بەڵام بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێت "ئەگەر خەڵکی بەغدا بزانن حکومەتی ناوەندی پارە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێ قبوڵی ناکەن". ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش رایگەیاند کە دەستی پارێزگار و جێگرەکەیان ئاوەڵا کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووتەمەنی.

رۆژی 2015/11/10 شاندێکی پارێزگای سلێمانی بە سەرۆکایەتی ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری سلێمانی و جێگرەکەی و چەند ئەندامێکی دیکە سەردانی بەغدایان کرد. دوای دانیشتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتەکانی نەوت، تەندروستی و کۆچ و کۆچبەران کۆبوونەوە. پێشتریش پارێزگاری سلێمانی رایگەیاندبوو کە بە مەبەستی پەیداکردنی سووتەمەنی و سووککردنی باری گرانی ئاوارەکان دەچێتە بەغدا.

عەبدولخالق محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی کە لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی بووە بۆ بەغدا، دەڵێ قورساییەکی زۆری ئاوارەکانیان بەسەرەوەیە و هێندەی دیکە باری شانی ئیدارەی پارێزگاکەیان قورستر کردووە لەو قەیرانە داراییەدا "بەڵێنیان دا بڕی 3 ملیار دینار بۆ ئاوارەکان خەرج بکەن، ئەو پارەیە بەشێوەی کاش دێت، بەڵام بە پرۆژە بۆ ئاوارەکان خەرج دەکرێ".

عەبدولخالق گەشبینە بە ناردنی پارەکە و دەڵێ "بڕیاری خەرجکردنی پارەکەمان پێگەیشتووە و چاوەڕوان دەکەین لەم هەفتەیەدا ئەو 3 ملیار دینارە بگاتە سلێمانی".

عەبدولخالق محەممەد، قۆناغی دووەمی هاوکارییەکانی بەغدا ئاشکرا دەکات کە ناردنی سووتەمەنی (نەوتی سپی) و دەرمانە "بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق بەڵێنیان پێداین هاوکارییەکی باشمان بکەن و نەهێڵن قەیرانی سووتەمەنی لە سلێمانی دروست ببێت، بەڵام هێشتا روون نییە چەند لیتر سووتەمەنیمان بۆ دەنێرن".

وەک ئەو بەرپرسەی دیوانی پارێزگای سلێمانی باسی دەکات، 58 هەزار خێزانی ئاوارە لە سلێمانین و بە وردەکارییەوە بۆ بەرپرسانی بەغدایان روونکردووەتەوە کە پێویستی ژیاندنی ئەو ئاوارانە چەند قورسە "بڕیارە لە دروستکردنی ژمارەیەک خوێندنگە و کەرەستەو پێداویستی خوێندن بۆ ئەو ئاوارانەش هاوکاریمان بکەن و بەم نزیکانە شاندێکی باڵا لە بەغداوە دێنە سلێمانی".

پێش سەردانەکەی پارێزگاری سلێمانی بۆ بەغدا، هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی رەخنەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت و گوتی کە هەست بە پەراوێزخستنی سلێمانی دەکەن و ئەوەش وای کردووە بچنە بەغدا بۆ ئەوەی هەندێک لە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات. ئەو قسانەی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی درێژکراوەی ئەو ناکۆکییە سیاسییانەیە کە بەهۆی پێکەوە هەڵنەکردنی لایەنە سیاسییەکانەوە رەخنەی جیاوازیکردن لەنێوان شارەکان، لە حکومەتیش دەگیرێ.

فەیسەڵ ئیبراهیم، سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ئاگاداری وردەکاریی سەردانەکەی پارێزگاری سلێمانی نییە بۆ بەغدا و دەڵێ "هێشتا نەهاتووەتە ئەنجوومەنی پارێزگا تاوەکو باسی سەردانەکەی بکات". گوتیشی "بەڵام ئێمە پێشتر دەستمان کردەوە بۆ ئەوەی بە هەر رێگایەک بووە سووتەمەنی پەیدا بکەن و چارەسەر بدۆزنەوە".

فەیسەڵ ئیبراهیم، پێیوایە پارێزگار ناچار بووە سەردانی بەغدا بکات "چونکە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێیگوتین بۆ ئەمساڵ تەنیا یەک بەرمیل نەوت دابەش دەکرێ و لەوە زیاتر ناتوانین".

رێکەوت زەکی، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پێیوایە بەرهەمی سەردانەکەی پارێزگاری سلێمانی بۆ بەغدا زۆرترە لەوەی ئاشکرا بووە "پارێزگار چاوەڕێ دەکات تاوەکو بزانێ بەغدا جێبەجێیان دەکات یان نا، هێشتا هەموو وردەکارییەکانی باس نەکردووە".

تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا نزیکی دوو ساڵ دەبێتەوە، نەوت کە هەر لەسەرەتاوە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نێوانیان بووە، دواجار هێندەی دیکە لێکی دوورخستنەوە و شەڕی داعش رێگە زەمینییەکانی لە نێوانیاندا پچڕی. لەوکاتەوە بە بەردەوامی هەولێر و بەغدا یەکدی تۆمەتبار دەکەن و نێوەندگیرییەکانی نێوانیان هیچ ئاکامێکی نەبووە.


بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بێئاگایی خۆی لەو دانیشتنانە دەربڕی کە پارێزگاری سلێمانی لە سەردانەکەی بۆ بەغدا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق کردوونی. ئەحمەد رەشید، دەڵێ ئێستا شەقامی عێراقی بەرامبەر هەرێمی کوردستان زۆر توندن "ئەگەر ئەو هاوکاریی و پارەیە ببیستنەوە کە بۆ هەرێمی کوردستانی دەنێردرێ، قبوڵی ناکەن، چونکە دەڵێن کورد نەوتی خۆی دەفرۆشێ، چۆن نەوت و پارە دەنێرێ بۆ هەرێمی کوردستان".

ئەحمەد رەشید پێیوایە بڕی سێ ملیار دینار بڕێکی قورس نییە بۆ حکومەتی عێراق، ئەگەر بیداتە هەرێمی کوردستان "بەڵام لەوانەیە ئەوە بەناوی هاوکاریی ئاوارەکانەوە بنێرێ".



ڕووداو راپۆرت
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16

## نوێنەری پۆتن: کورد ژنەکانیشی قارەمانن



**ڕووداو- هەولێر**

شاندێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق، لە مۆسکۆی پایتەختی رووسیایە و لەگەڵ میخایل بەگدانۆڤ، نوێنەری ڤیلادیمێر پۆتین، سەرۆکی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆبوونەوە. شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەکە بە (ڕووداو)ی راگەیاند لەکاتی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەگدانۆڤدا، ئەو بەرپرسە رووسیە زۆر پەسنی هێزەکانی پێشمەرگەی داوە و بە شاندەکەی گوتووە "کورد نەک تەنیا پیاوەکانی، بەڵکو ژنەکانیشی قارەمانن". شاخەوان عەبدوڵڵا گوتیشی "دوای راوێژ لەگەڵ فەرماندەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، داوای چەکی میلانم کرد بۆ پێشمەرگە، چونکە ئەو چەکە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکانی داعش".

### بەر لە مردنی بۆ دەستەی نەزاهەی ناردبوون

# ڕووداو بەڵگەنامە مەترسیدارەکانی ئەحمەد چەلەبی بڵاودەکاتەوە

**ئەلەند مەحوی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەحمەد چەلەبی، کە سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بوو، 23 رۆژ بەر لە مردنی، دەستەی نەزاهەی عێراقی لە دۆسیەیەکی مەترسیداری "گەندەڵی دارایی" ئاگادار کردووەتەوە و داوا لە دەستەکە دەکات "گرنگی پێبدەن بەرلەوەی عێراق بەرەو ئیفلاس بچێت".

چەلەبی رۆژی سێی تشرینی دووەمی 2015 کۆچی دوایی کرد، بەڵام هەرزوو هەندێک لە بەرپرسانی عێراق گومانیان خستە سەر مردنەکەی، هەرچەندە هیچ زانیارییەکی پشتڕاستکراوە نەخرانەڕوو، بەڵام بەرپرسە عێراقییەکان گومانیان دەکرد کە ئاشکراکردنی ئەو بەڵگەنامانە لە پشت هۆکاری مردنەکەیەوە بێت.

لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ژمارە (74) کە لە رۆژی 11ی تشرینی یەکەمی 2015دا بە ئیمزای د.ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی لیژنەکە ئاراستەی دەستەی نەزاهە کراوە، وا دەردەخات کە چەندین بانک لە عێراق رۆژانە بە ناوی وەهمی و لەگەڵ کۆمپانیای وەهمی کاری سپیکردنەوەی پارەیان کردووە.

لە بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا کە کۆپییەکی دەست تۆڕی میدیایی ڕووداو کەوتووە، هاتووە "کەسێک بە ناوی محەممەد یاسر موحسین، دامەزرێنەری کۆمپانیای (الگیب) و بەڕێوەبەری بانکی (هدی) رۆژانە بەناوی وەهمی لەگەڵ کۆمپانیای وەهمی ساختەکاری لە کڕینی رۆژانەی دۆلار لە بانکی ناوەندی عێراقدا کردووە".

لێکۆڵینەوەکە باس لەوە دەکات "محەممەد یاسر لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا بڕی 6 ملیار و 550 ملیۆن و 660 هەزار و 368 دۆلاری لەلایەن بانکی ناوەندی بۆ هەژماری ئەو 3 کۆمپانیا وەهمیە لە بانکی ئیسکانی ئوردنی ناردووە" جگە لە چەند مامەڵەیەکی دیکە.

ئەحمەد چەلەبی لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەم پرۆسەیەی بە کاری "سپیکردنەوەی پارە" ناوبردووە و ئەوەشی ئاشکرا کردووە "زانیاری ورد لەبەردەستە کە بانکی (الشرق الاوسگ) و بانکی (اربیل) هەمان کاری کۆمپانیای (الگیب) یان کردووە".

لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق لەو بارەیەوە داوا لە دەستەی نەزاهە دەکات "بە دواداچوون بۆ پرۆسەی حەواڵەکردنی دراو لەنێوان بانکەکان بکات کە بە هیچ شێوەیەک بەپێی یاساکانی دارایی عێراق ناکرێ".

لێکۆڵینەوەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە "ئەوانە چەند نموونەیەکی زۆر سادەن لە گەندەڵیی بانکەکان لە سەرجەم عێراقدا، ئەمە کارێکی زۆر مەترسیدارە و لە داهاتوودا کار دەکاتە سەر یەدەگی دراوی عێراق لە بانکی ناوەندی، تکایە گرنگی پێبدەن، بەر لەوەی عێراق بەرەو ئیفلاس بچێت".

ئەحمەد چەلەبی لە پێش مردنەکەی خۆی باسی ئەو گەندەڵییە داراییانەی کردووە و گوتوویەتی "بۆمان دەرکەوتووە مافیای گەورە هەیە کە دەستیان بەسەر بانکەکاندا گرتووە و خەڵکیان لەناو بانکی ناوەندیدا هەیە و چەندین بەرپرسیان لە پشتەوەیە کە دەیانپارێزن".

جگە لەو بەڵگەنامانەی کە رادەستی دەستەی نەزاهەی کردووە، زانیارییەکان باس لەوەش دەکەن کە ئەحمەد چەلەبی رۆژێک بەر لە مردنی، دۆسیەیەکی دیکەی گەندەڵی رادەستی مەرجەعیەتی باڵای شیعە کردووە. دۆسیەکە زانیاریی وردی لەبارەی گەندەڵی چەندین کەسایەتی و هێزە سیاسییەکانی عێراق و بانکی ناوەندی و ئەو وڵاتانە تێدا بووە کە بەشدارن لە پرۆسەی بەتاڵانبردنی دراوی عێراق و وڵاتیان کردووەتە مەزادخانەیەک بۆ دراوی بیانی.


گومانەکان لە مردنەکەی ئەحمەد چەلەبی هێندە دەنگدانەوەی هەبوو، هەفتەیەک دوای مردنەکەی بانکی ناوەندی عێراق و ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق بڕیاریان دا لێکۆڵینەوە لەو بەڵگانە بکەن کە چەلەبی بەر لە مردنی ئاشکرای کردوون.


هەر لەسەر هەمان دۆسیە، لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق بڕیاری داوە هەماهەنگی بکات لەگەڵ لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بۆ یەکخستنی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەنێوانیاندا هەیە.

عادل نوری، گوتەبێژی لیژنەی نەزاهە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی راگەیاند "ئێمە بەڵگەنامەی زیاترمان لەبەردەستە لەبارەی ئەو گەندەڵیانە، بەڵام لەگەڵ لیژنەی دارایی هەماهەنگی دەکەین بۆ یەکخستن و بەدواداچوونیان".

ئەو پەرلەمانتارە کوردە هەروەها گوتیشی "لەگەڵ خانەوادەی ئەحمەد چەلەبی کۆدەبینەوە بۆ وەرگرتنی ئەو بەڵگەنامە زۆر نهێنیانەی کە لای خێزانەکەی پارێزراون، تەنانەت نەدراونەتە مەرجەعیەتی باڵای شیعەش".

هۆکاری مردنە لە ناکاوەکەی ئەحمەد چەلەبی هەرچییەک بێت، دوای مردنەکەی نهێنیەکی زۆر گەورەی ئاشکرا کردووە، ئەگەر دەزگاکانی چاودێری و لێپرسینەوە لە عێراق بەدواداچوونی بۆ بکەن، جگە لەوەی ئەرکی خۆیانە، رەنگە ئارامیش بە رۆحی چەلەبی ببەخشن.




### پەرلەمانتارێکی کورد: بەڵگەنامەی زۆر نهێنی لەلای خێزانی ئەحمەد چەلەبین



### ئەحمەد چەلەبی کێ بوو؟

ئەحمەد چەلەبی لە ساڵی 1945 لە خێزانێکی عەرەبی شیعە لەدایک بووە و باوکی لە سەردەمی شادا وەزیر بووە لە عێراق.

لە زانکۆی شیکاگۆ بیرکاری خوێندووە و پاشان لە پەیمانگای ماساچوستس خوێندوویەتی. یەکێک بووە لە سیاسییە دیارەکانی دژی سەدام حوسێنی سەرۆکی پێشووتری عێراق. دوای ئەوەی بانکی بیترای لە ئوردن دامەزراند، بووە بازرگان. لەماوەی ساڵانی نەوەتەکاندا هەوڵی داوە شۆڕش لە دژی حکومەتەکەی سەدام حوسێن بەرپا بکات.

چەلەبی پاڵپشتی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکای هەبوو. بەهەمانشێوە لە پێنتاگۆنیش پاڵپشتی هەبوو. یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکم لە عێراق کە لە ساڵی 2004 دامەزرا.

# کورد لەسەر سەرۆکایەتی ئیئتلافەکەی بەغدا ڕێکناکەون

### پارتی: سەرۆکی ئیئتلافەکە مافی خۆمانە

### گۆڕان: ناکرێ پارتی لە هەولێر کودەتامان بەسەردا بکات و لە بەغداش چاوەڕێی هاوکاری بێت

### کۆمەڵ: با هاوپەیمانێتییەکە بێ سەرۆک بێ

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای ساڵ و نیوێک لە دەستبەکاربوونی ئەم خولەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، فراکسیۆنە کوردییەکان نەیانتوانیوە هاوپەیمانێتییەک دروست بکەن. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "چاوەڕێی وەڵامی پارتین". پارتیش دەڵێ "ئێمە سێیەم فراکسیۆنین لەسەر ئاستی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانێتیەکە مافی خۆمانە".



#### پارتی: نوێنەرایەتی 46%ی کورد دەکەین

د.تارق گەردی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "لایەنە کوردستانییەکان بەشێوەیەکی مەبدەئی ڕێککەوتووین لەسەر دروستکردنی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەڵام هەندێک لایەن نایانەوێت سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە بدرێتە پارتی، لە کاتێکدا ئێمە 28 کورسیمان هەیە کە دەکاتە 46%ی نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا. لەسەر ئاستی هەموو عێراق سێیەم فراکسیۆنین، بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین سەرۆکی هاوپەیمانییەکە بدرێتە ئێمە".

د.تارق گەردی پێیوایە ئەم بابەتە دەبێت لە ئاستی مەکتەب سیاسی حیزبەکان یەکلایی بکرێتەوە و دەڵێ: "پارتی لەگەڵ کۆدەنگی و یەکڕیزی نیشتمانییە لە بەغدا، بۆیە پێویستە مەکتەب سیاسی حیزبەکان ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە".

#### یەکێتی: چاوەڕێی وەڵامی پارتین

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پەرلەمانتاری عێراق، دروستکردنی هاوپەیمانێتی فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا بە گرنگ و پێویست دەزانێت و دەڵێ: "فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانییەکە ڕێککەوتووین، بەڵام لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی و شێوازی دەستنیشانکردنەکە ناکۆکی هەیە، وەکو یەکێتی لە کۆبوونەوەی باڵای نێوان کاک کۆسرەت ڕەسوڵ و کاک نێچیرڤان بارزانی ئەوەمان بە نووسراو داوەتە پارتی، بۆیە چاوەڕێی وەڵامی برادەرانی پارتین کە تاوەکو ئێستا وەڵامیان نییە".

فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا لە نێوان خۆیان پرسەکەیان یەکلایی کردووەتەوە، بەڵام ئارێز عەبدوڵڵا دەڵێت گومانیان لە مەکتەب سیاسی حیزبەکان هەبوو کە بەو ڕێککەوتنە رازی بن، هەر بۆیە ئەو پرسەیان رادەستی حیزبەکانیان کردووە.

#### گۆڕان: گوتاری خۆسەپێنی پارتی ڕێگرە

هۆشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی پێکنەهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییە بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "نەفەسی خۆسەپاندن و خۆ بەخاوەنکردنی گوتاری نەتەوەیی بەشێوەیەکی موزەییەفانە لەلایەن پارتییەوە ڕێگرن لەو یەکگوتارییە، پارتی لە کوردستان و بەغدا و لە دەرەوەش ئەوەندەی لە خەمی شەخسی بارزانی و بیری تەسکی حیزبایەتیدایە، ئەوەندە لە بیری دروستکردنی کۆدەنگی نەتەوەییدا نییە".

هۆشیار عەبدوڵڵا گوتیشی "دوای کودەتاکەی 12ی ئۆکتۆبەر پارتی لەگەڵ فراکسیۆنە عەرەبییەکان هەوڵی دا بۆ وەرگرتنەوەی پۆستەکانی گۆڕان، بەڵام نەیانتوانی و شکستیان هێنا، لە راگەیاندنەکانی عەرەبیشدا ئەوان دەستیان پێکرد و ئێمە بە توندی جوابمان دانەوە و پاشان بێدەنگ بوون، بە کورتی تا پارتی و مەکتەب سیاسیەکەی بەم نەفەسە تەسکبینە سیاسەت بکەن نە لە کوردستان و نە لە بەغدا نابینە خاوەن خیتابێکی هاوبەش و هاوپەیمانێکی جدی".

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق کە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانیشە، دەڵێ "وەک گۆڕان هەرێمی کوردستان و بەغدا بە یەک هاوکێشە دەزانین، ناکرێ پارتی لە هەولێر کودەتامان بەسەردا بکات و لە بەغدا چاوی لە هاوکاریی ئێمە بێت".

#### یەکگرتوو: دروستکردنی هاوپەیمانێتی بووەتە خەون

عادل نووری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت کێشە سیاسییەکانی ئەمدواییەی هەرێمی کوردستان کاریگەری لە سەر یەکڕیزیی کورد هەبوو، بەڵام وەکو یەکگرتوو هەر لە یەکەم رۆژەوە داوایان کردووە هاوپەیمانییەک لە نێوان هەر پێنج فراکسیۆنەکە دروست بکەن، چونکە لە کوردستان مادام حکومەتی بنکەفراوان هەیە حەقە لێرەش یەکڕیزی و یەک گوتاری هەبێ، کە ئەمەش خۆی لە دروستکردنی هاوپەیمانییەک دەبینێتەوە "بەڵام لایەنەکان بەدەم بانگەوازەکەی ئێمەوە نەهاتن".

عادل نووری گوتی "کێشەکانی پارتی و گۆڕان کاریگەریی خۆی لەسەر دواخستنی گفتوگۆکان هەبوو، ئێستاش دروستکردنی هاوپەیمانێتی فراکسیۆنە کوردستانییەکان زەحمەت بووە و خەریکە دەبێتە خەون".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتوو رەخنە لە لایەنەکان دەگرێت بەوەی زۆربەی پۆست و ئیمتیازاتەکانیان بە "ناعەدالەتی و ناهاوسەنگی" دابەشکردوون و دەڵێ "لە غیابی هاوپەیمانییەکی راستەقینەدا، ئێمە وەکو یەکگرتوو گەورەترین ستەممان لێکرا و لە کۆی 30 پۆستی نێو پەرلەمانی عێراق یەک پۆستیشمان وەرنەگرت لە کاتێکدا ئێمە خاوەنی 4 کورسین، بەڵام برایانی کۆمەڵ کە 3 کورسییان هەیە، بڕیاردەری لیژنەی داراییان پێدرا، برادەرانی گۆڕان 9 کورسیان هەیە، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و چەندین پۆستیان لە لیژنەکان پێدرا".

#### کۆمەڵ: با بێ سەرۆک بێ

کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە دروستنەکردنی هاوپەیمانێتی فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا لە ئەستۆی پارتی، یەکێتی و گۆڕانە.

زانا رووستایی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی راگەیاند "کێشەی سەرەکی دروستنەبوونی ئەو هاوپەیمانییە پارتی، یەکێتی و گۆڕانن کە لەسەر پەیکەر و سەرۆکایەتیکردنی هاوپەیمانییەکە ڕێکناکەون، بۆیە وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵ پرۆژەیەکمان بۆ ئەو بابەتە پێشکەش کردووە کە ئەو هاوپەیمانییە سەرۆکی نەبێت و تەنیا گوتەبێژێکی هەبێت بەشێوەی خول لە نێوان لایەنەکان بەڕێوە ببردرێت".

کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا پێنج فراکسیۆنی هەیە: فراکسیۆنی پارتی 28 کورسی، فراکسیۆنی یەکێتی 21 کورسی، فراکسیۆنی گۆڕان 9 کورسی، فراکسیۆنی یەکگرتوو 4 کورسی و فراکسیۆنی کۆمەڵ 3 کورسی.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16



## "یەبەشە سەر بە حەشدی شەعبیە"

**ڕووداو- شنگال**

خدر سالح، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئێزیدییان لە شنگال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە یەکینەکانی بەرخودانی شنگال "یەبەشە" بەفەرمی لەلایەن حکومەتی عێراق ناسێندراون و سەر بە هێزەکانی حەشدی شەعبین. خدر ئاشکرای کرد هەر چەکدارێکی یەبەشە مانگانە 875 هەزار دینار لە حکومەتی عێراق وەردەگرێت و مانگێک مووچەیان وەرگرتووە. گوتیشی کە ئێستا نوێنەری ئەو هێزە لە بەغدایە بۆ هێنانی چەک و هاوکاری سەربازی.

یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (یەبەشە)، باڵێکی دیکەی پەکەکەیە بۆ کوردانی ئێزدی لە شنگال دامەزراوە.

**ئاڵتان تان، پەرلەمانتاری هەدەپە:**

# سیاسەتی پەکەکە هەڵەیە و خەڵک پشتگیریی لێ ناکات

**ئاڵتان تان، دوو خولە لە پەرلەمانی تورکیایە، خولی ڕابردوو وەکو پەرلەمانتاری سەربەخۆی شاری ئامەد و ئەم خولەش وەکو پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە). ئاڵتان تان کە وەک کەسایەتییەکی ئیسلامی ناسراوە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکی قسە لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەمی 2015 دەکات کە پارتەکەی لەو هەڵبژاردنەدا دەنگەکانی لە کورتیی دا بەراورد بە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران. ئەگەرچی ئەو دەڵێت دەنگەکانی پارتەکەی لە کورتیی نەداوە.**

ڕووداو - جمهوریەت



**جمهوریەت: بۆچی لە یەکی تشرینی دووەم ئەمە ڕوویدا؟**

**ئاڵتان تان:** تەیب ئەردۆغان تابلۆی "هاوپەیمانێتی" پێ قووت نەدرا، کە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران بڕیاری لەسەر دا. لەپشت ستراتیژی "جارێکی دیکە هەڵبژاردن" کە هەمان شەو بڕیاری لەسەر دا دوو بنەما هەبوو: یەکەم، وەرگرتنەوەی ئەو دەنگانەی لە ئاکپارتی بۆ مەهەپە چوون. دووەم، گەڕاندنەوەی دەنگی ئەو دوو ملیۆن دیندارەی لە ئاکپارتی بۆ هەدەپە چووە. ڕێژەی لە کورتیدانی ئاکپارتی لە حەوتی حوزەیران نزیکەی 8% بوو. لە بنەمادا ستراتیژی ئەردۆغان ئەمە بوو. بۆ ئەمەش ستراتیژی شەڕ لەگەڵ پەکەکە کە بەر لە هەڵبژاردن دەستی پێکردبوو بەشێوەیەکی توندتر پەرەی پێدا. بەبێ بەزەیی هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی بەکارهێنا. باشە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی توانی لە حەوتی حوزەیران دەرفەت نەدات ئاکپارتی بەتەنیا ببێتەوە دەسەڵات، بۆ پووچەڵکردنەوەی ستراتیژی ئەردۆغان ئەوەی پێویست بوو کردی؟ پێویستە لەسەر ئەو پرسیارە گفتوگۆ بکرێت.

**جمهوریەت: تۆ چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەیتەوە؟**

**ئاڵتان تان:** ئۆپۆزیسیۆن وەکو پێویست سیاسەتی نەکرد. بۆ نموونە: 1- (مەهەپە- جەهەپە — هەدەپە) بەرەیەکی سازشکارانەیان دروست نەکرد. هۆکارەکەشی دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی مەهەپە بوو. باخچەلی داواکاری کلیچدارئۆغلوی بۆ ئەوەی خۆی ببێتە سەرۆک وەزیران وەکو سووکایەتی بینی و ڕەتیکردەوە. بەکورتی، ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژە بوو بۆ هاتنە ئارای ئەنجامی یەکی تشرینی دووەم. 2- دواکەوتنی دامەزراندنی حکومەتی هاوپەیمانی کە بەرپرسیارێتیەکەی لە ئەستۆی جەهەپە و ئاکەپەیە. دوای 39 ڕۆژ جەهەپە گوتی "ئاکپارتی داوای دروستکردنی هاوپەیمانێتی لێ نەکردووم". ئەگەر ئەو هەڵوێستەی زوو ڕاگەیاندبایە 40 ڕۆژ بە فیڕۆ نەدەڕۆیشت. 3- پەکەکە وەکو پێش حەوتی حوزەیران درێژەی بە شەڕ دا. ئەگەر پەکەکە گوتبای تۆ هەرچییەک بکەی من شەڕ ناکەم، تا ڕادەیەکی زۆر ستراتیژی ئاکپارتی هەرەسی دەهێنا. 4- ستراتیژی ئۆپۆزیسیۆن کە شەوی حەوتی حوزەیران ڕاگەیەندرا "بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئاکپارتی هاوپەیمانی ناکەین" هەڵە بوو. لۆژیکی لەناوبردنی ئاکپارتی، ڕەشکردنەوەی ئەردۆغان لەناو سیاسەت بەیەک هەڵمەت مەترسیدارە. ئەگەر ئاکپارتی 35%ی هێنابووایە، هەر بەبێ ئاکپارتی حکومەت دروست نەدەکرا. هەموو پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ئێمەش لەگەڵیاندا بەرپرسیارین لە دانەمەزراندنی حکومەتی هاوپەیمانی. هەڵمەتی "دامەزراندنی حکومەت بەبێ ئاکپارتی" هەڵە بوو.

**جمهوریەت: لەناو ئۆرگانەکانی هەدەپە قسەتان لەسەر ئەمە کردووە؟**

**ئاڵتان تان:** قسەمان نەکرد، چونکە لە شەوی یەکەم گوتمان "لە حکومەتێکدا نابین ئاکپارتی تێدا بێت". ئەو ڕستەیە بڕیاری کۆبوونەوەی سەرکردایەتی نەبوو. دێمە سەر هۆکاری پێنجەم: بەشدارینەکردن لە حکومەتی هەڵبژاردنیش هەڵە بوو. هەدەپە چووە ناو حکومەت. مەهەپە و جەهەپە 9 وەزارەتیان بۆ ئاکپارتی جێهێشت. ئەگەر لەگەڵ ئێمە بڕیاریان دابووایە، بەلانیکەم حکومەت نیوەی تواناکانی دەوڵەتی بەکار نەدەهێنا. ئیدی هەموو ئەمانە ئاکپارتییان گەیاندەوە بە دەسەڵات.

**جمهوریەت: بەشێک پێیانوایە "جارێکی دیکە کورد دەرفەت بۆ ئەردۆغان دەڕەخسێنێ" وەڵامی ئەمە لای ئێوە چییە؟**

**ئاڵتان تان:** لەدڵەوە دەڵێم: ڕێژەی دەنگەکانی هەدەپە بە سەرکەوتنێکی جدی لە قەڵەم دەدەم. لە کورتیدان و دۆڕاندن نییە. هۆکاری ئەمەش بە ژمارە ڕوون دەکەمەوە. بەر لە ساڵ و نیوێک دەنگی ئاکپارتی و هوداپار بەیەکەوە لە ئامەد 41% بوو. دەنگی ئێمە 55% بوو. ئێمە دوای ساڵ و نیوێک لە حەوتی حوزەیران ڕێژەی دەنگەکانمان گەیاندە 79%. ئێستاش بۆ 72% دابەزیوە. ئاکپارتی لە حەوتی حوزەیران لە 41% وە بۆ 14% لە کورتیی دا، ئێستا لە 14% وە بووەتە 22%. لەناوچەکەدا بە جیاوازییەکی زۆر پارتی یەکەمین.

**جمهوریەت: کورد چ پەیامێکی بۆ هەدەپە نارد و چی بە ئاکپارتی گوت؟**

**ئاڵتان تان:** بەشێک لە کوردە موحافەزەکار و دیندارەکان کە دەنگیان بە ئاکپارتی دا، بە هەدەپە

> ### ستراتیژی ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر ئاکەپە هەڵە بوو

دەڵێن "ململانێی دیموکراتیتان لەبەردەم خۆ دانا، گوتتان دەبینە پارتی هەموو تورکیا، ئێمەش پشتگیریمان کردن. بەڵام لێرە بەدواوە کە کارەکە شەڕی لێدەکەوێتەوە و ئێوەش وەکو پێویست دەستپێشخەریتان نەکرد، پشتگیریی خۆمان دەکێشینەوە". ئێستاش دەیڵێم دوو لەسەر سێی ئەو دەنگدەرەی لە ئاکپارتی ڕووی کردە هەدەپە، هێشتا پشتگیری هەدەپە دەکات.

**جمهوریەت: پەکەکە دەڵێت "ئەگەر هەدەپە ستراتیژی ئێمەی جێبەجێ کردبایە، ڕێژەی دەنگەکانی دەگەیشتە 20%". چۆن؟**

**ئاڵتان تان:** من نامەوێ لێرە شەڕە قسە بکەم، ئەگەر دەزانن ڕاستن، با لە شارەوانی گەورەی ئامەد، ماردین، وان و دێرسیم خۆسەری ڕابگەیەنن. درێژە بەهەمان سیاسەت بدەن، دەبینین ئەنجامەکەی چۆن دەبێت؟ ئەگەر وەکو دەڵێن بەڕاستی خەڵک پشتگیری لەو سیاسەتە کردووە، با بفەرموون درێژەی پێبدەن. ئێمە وەکو سیاسەتمەدارانی یاسایی و دیموکراتی گوتوومانە و دەیڵێین ئەو سیاسەتە ڕاست نییە و خەڵک پشتگیری لێ ناکات. لێدانی خەندەق، داخستنی دوکانەکان، بۆرژوازیی بچووک و چینی ناوەندی ترساند. چینی بۆرژوازی بچووک کە توێژی هەرە ناسەقامگیرە، ڕیزەکانی ئێمەیان بەجێهێشت، ئەوانەی ماونەتەوە هی ئێمەن. نزیکەی 70%ی ئامەد سەر بە چینی بۆرژوازیی بچووکە.

**جمهوریەت: لەدوای یەکی تشرینی دووەم جارێکی دیکە سەرۆکایەتی بووە ڕۆژەڤ. لەدوای ئایهان بیلگین، میر دەنگیر محەمەد فورات و جەلال دۆغان بەشدارییان لە گفتوگۆکە کرد. ئێوە بە ئەردۆغانتان دەگوت "تۆ ناکەینە سەرۆک"، ئێستا دەڵێن "گفتوگۆی لەسەر دەکەین" ئەمە لە کوێ پەیدا بوو؟**

**ئاڵتان تان:** گفتوگۆ لەسەرکردن بە واتای "بەڵێ بۆ سیستەمی تاکەکەسی" نایەت. جگە لەمە "گفتوگۆی لەسەر دەکەین" شتێکی نوێ نییە. چونکە لەسەرەتای کۆمیسیۆنی نووسینەوەی دەستوور قسەکانمان دیار بوون، بۆ ئەوانەی دەخوازن بیخوێننەوە نووسراوەتەوە. گوتمان گفتوگۆ لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی یان نیو سەرۆکایەتی و یان سیستەمی پەرلەمانی دەکەین. دیکتاتۆریەت، سەڵتەنەت و سیستەمی تاکە کەسی بەهیچ شێوەیەک پەسەند ناکەین. ئەوەی دوێنێ گوتمان ئەوە بوو، ئەمڕۆش هەمان شتە.

**جمهوریەت: ئەگەر ئاکپارتی دەنگی لە کورتی دابایە، دیسان ئەمڕۆ هەدەپە دەیگوت گفتوگۆ لەسەر سەرۆکایەتی دەکەین؟**

**ئاڵتان تان:** پێموایە دەیگوت. ناچارم دووبارەی بکەمەوە، ئەگەر ئاکپارتی 35%ی هێنابایە بەبێ ئاکپارتی حکومەت پێکنەدەهات، ئەگەر ئەو ڕاستیە نەبینی و سیاسەت بکەی یەکی تشرینی دووەم دووبارە دەبێتەوە.

**جمهوریەت: لە ئاسۆدا چی دەبینی: پرۆسەکە لەناو سەلاجە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ دەگوازرێتەوە؟ پێشبینیتان چییە؟**

**ئاڵتان تان:** حکومەت دەڵێ "تا پەکەکە چەک دانەنێت ئەوان بە موخاتەب نازانین". لەوە زیاتر هەنگاوێکی دیکەش دەچێتە پێشەوە، دەڵێ هەدەپە بە موخاتەب قەبوڵ ناکەین. لەو کاتەی دەڵێ "تا گرتنی دوا ئەندامی پەکەکە درێژە بە ڕێوشوێنی ئەمنی دەدەین"، کەواتە دەربارەی دیموکراتیبوون ناتوانین هیچ بڵێین. هەدەپە دەبێت ململانێی دیموکراتی بەرفراوان بکات و درێژە بە ڕێگاکەی بدات. جگە لەمە ڕێگای دیکە نییە.

> ### هەڵمەتی "دامەزراندنی حکومەت بەبێ ئاکپارتی" هەڵە بوو

# ئەمریکا کامیان هەڵدەبژێرێ، تورکیا یان یەپەگە؟

**ڕووداو- هەولێر**

چاودێرانی سیاسی لەبارەی داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و پەیەدە خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە. بەشێکیان پێیانوایە ئەمریکا ناتوانێ دەستبەرداری پەیەدە بێت و وای بۆ دەچن پەیوەندیی ئەمریکا — پەیەدە ببێتە ستراتیژی، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە ئەمریکا و ڕۆژئاوا هەڵوێستیان بەرامبەر پەیەدە گۆڕاوە.

تاوەکو هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ لە 15ی ئەیلولی 2014، پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا نەبوو. هەرچەندە دەیان شەڕڤانی بیانی پەیوەندییان بە ڕیزەکانی یەپەگەوە دەکرد، بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نەبوو بۆ ئەوەی کرانەوەیەک لە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و پەیەدە ڕووبدات، دواتر هێرش و گەمارۆدانی کۆبانێ لەلایەن داعشەوە، بووە خاڵی وەچەرخان لە پەیوەندیی ئەمریکا و پەیەدە کە وەکو باڵی سیاسی پەکەکە لە سووریا ناسراوە.

دوای پرۆسەی ئازادکردنی کۆبانێش لە 25ی کانوونی دووەمی 2015، پەیوەندیی سەربازیی ئەمریکا و پەیەدە پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، ئەمجارەیان ئەمریکا لە ئاسمان و یەپەگە لەسەر زەوی بەهەماهەنگی هێرشیان دەکردە سەر ئەو شوێنانەی لەژێر چنگی داعش بوون. زۆر لایەنی جیهانییش پشتگیریی ئەو هەماهەنگییەیان دەکرد، تەنیا تورکیا نەبێت.

هاوکاریکردنی ئەمریکا بۆ یەپەگە بە چەک، بەتایبەتی پاش بەردانەوەی 50 تۆن چەک و تەقەمەنی لەلایەن فڕۆکەیەکی بارهەڵگری ئەمریکییەوە لە 11ی مانگی ڕابردوو، ناڕەزاییەکانی تورکیای توندتر کرد، کار گەیشتە ئەوەی سوپای تورکیا چەند سەنگەرێکی یەپەگە لە گرێ سپی بۆردومان بکات. ئەمەش ئەو گومانەی دروستکرد کە ئاخۆ لە کۆتاییدا ئەمریکا بەهۆی گوشارەکانی تورکیاوە دەستبەرداری پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەپەگە دەبێت؟

نووسەر و پسپۆڕی سیاسیی تورک جەنگیز ئاڵگان دەڵێ پشتگیریی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە پەیەدە پاش تێکچوونی پەیوەندییەکانی داعش و تورکیا گۆڕا. ئاڵگان بە (ڕووداو)ی گوت، لەدوای هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەم ئەو قۆناغە بەسەر چوو "لەگەڵ سەرکەوتنی گەورەی ئاکپارتی، هەڵوێستی ڕۆژئاوا گۆڕانی بەسەردا هات. کێشەی کۆچبەرانی سووریاش، یەکێتیی ئەورووپا ناچار دەکات گوێ لە تورکیا بگرێت".

بەڵام نووسەر فەهیم تاشتەکین پێیوایە ئەمریکا جگە لە یەپەگە هیچ هێزێکی دیکەی متمانەپێکراو نادۆزێتەوە کە توانای شەڕکردنی لەدژی داعش هەبێت. تاشتەکین بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمریکا لە پەروەردەکردنی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی وەکو (میانڕەو) حیسابی بۆ دەکرد، سەرکەوتوو نەبوو. چونکە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە هێزی سەربازیی تایبەت بەخۆی دروست نەکرد، کورد تاکە هێزە ئەمریکا پشتی پێ ببەستێ. بەڵام لەبەر ئەوەی تورکیا پەیەدە و یەپەگە ڕەت دەکاتەوە، ئەمریکا لەوە نیگەرانە".

بەبڕوای سەمیح ئیدیز، نووسەر و پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، ئەمریکا ناتوانێ لە پەیەدە پاشگەز ببێتەوە "ئەگەر ئەمە بکات دەستی بێ هێز دەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی



داعشدا، چونکە لە گۆڕەپانەکە جگە لەو هاوپەیمانە هێزێکی دیکەی نییە. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەمریکا ناخوازێ بەهۆی هاوکاریکردنی پەیەدە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا تێکبدات".

جونێد ئولسەڤەر، نووسەر و پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا قسەیەکی دیکەی لەو بارەیەوە هەیە و دەڵێت "سیاسەت بە لۆژیک دەکرێت، بەڵام تورکیا لە بارەی سووریا بە هەست سیاسەتی کرد. کار لەکار ترازا، لەم ساتە بەدواوە هیچ شتێک ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی یەپەگە پاشگەز ناکاتەوە".

30ی ئەیلولی ڕابردوو، خاڵێکی وەچەرخانە لە قەیرانی سووریادا. چونکە لەو ڕۆژەدا بە کردەوە و بە ڕاستەوخۆ ڕووسیا خۆی هەڵکوتایە ناو قەیرانی سووریا و دەستی بە بۆردومانی داعش و گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە کرد، ئەمەش هاوکێشەکەی گۆڕی. تورکیاش چاوەڕێی دەکرد پەیەدە بەلای ڕووسیادا بشکێتەوە و ئەویش ئەجێنداکانی لەناو سووریا لەسەر ئەمریکا بسەپێنێ، بەڵام پەیەدە یارییەکەی خوێندەوە و نەچووە بەرەی ڕووسیاوە.

جونێد ئولسەڤەر پێیوایە دەستتێوەردانی مۆسکۆ لە سووریا بەر لەهەموو لایەک لە بەرژەوەندیی پەیەدە بوو "ڕووسیا و ئەمریکا پێویستیان بە پەیەدەیە، بۆیە هیچ کامیان ناتوانێ لە ترسی ئەوەی دیکە پەیەدە بەجێبێڵێت".

بەڵام جەنگیز ئاڵگان ڕایەکی جیاوازی هەیە و دەڵێت "دەستتێوەردانی ڕووسیا لە سووریا پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و تورکیای گەرمتر کرد. چونکە تورکیا ئەندامی ناتۆیە و وڵاتێکی گەورەیە. پەیەدە لەگەڵ هەردوولا یاری کرد. پشتگیری لە ئەمریکا وەرگرت و چاوی خۆشی لە ڕووسیا داخست. کار گەیشتە ئەوەی بڵێن سەرباز بۆ ناو سوپای ئەسەد دەنێرین. بەڵام لە کۆتاییدا باڵادەستی لەدەستی هێزێکی 10 هەزار کەسی وەکو پەیەدە یان پەکەکەدا نییە، بەڵکو بۆ هاوپەیمانێتی حیساب لەسەر سوپایەکی بەهێزی وەکو تورکیا دەکەن".

سەرەڕای هەموو گوشارەکان، پەیەدە توانی تا ئەو ساتە کرانەوەیەک بە ڕووی ئەمریکا و ڕۆژئاوادا بەدی بهێنێ، بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە و لەوانەیە گۆڕانکارییەکان بە شێوەیەکی خراپ بەسەر ئەو پەیوەندیانەدا بشکێنەوە. ئەم جۆرە پەیوەندیانە بەشی ئەوەش ناکەن دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا مسۆگەر بکات. کارتی پەنابەرانی سووریاش لە دەستی تورکیادا هەڕەشەیەکە بەسەر ئەورووپاوە، دوور نییە بەهۆی ئەو کارتەی تورکیاوە ئەورووپا هەنگاوێک لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەیەدە دووربکەوێتەوە.

فەهیم تاشتەکین جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمریکا بەدوای هاوپەیمانی نوێ لە سووریا دەگەڕێت "ئیدارەی ئەمریکا بەدوای دۆزینەوەی شەریکی عەرەبە، چونکە ناخوازێ کورد بچنە هەموو شوێنێکی سووریا و لە ڕۆژئاوا زۆر دووربکەونەوە. لە ڕابردوودا ئەمە لەناوچە شاخاوییەکانی حەلەب زۆر تاقیکرایەوە، بەڵام ئەنجامی نەبوو". هەروەها دەڵێت "لەوانەیە کاری ئەمریکا لەگەڵ یەپەگە لەماوەیەکی کورتدا نەبێتە کارێکی ستراتیژی. کورد بەردەوامن لەسەر ئەوەی ببنە فاکتەرێکی گرنگ و لە ئێستاوە ئەمریکا وەبەرهێنانی سیاسی لێرە دەکات. سەرەڕای کاردانەوەی تورکیا واز لەو هەوڵانەی ناهێنێ".

بەڵام سەمیح ئیدیز، دەڵێت خاڵێکی دیکە کە ئەمریکا حیسابی بۆ دەکات پەیوەندیی پەیەدە و پەکەکەیە "لەبەرئەوەی ئەمریکا پەکەکەی وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناساندووە، ناخوازێ لەبەر خاتری پەیەدە ئەوە نیشان بدات کە پشتگیریی لە تیرۆر دەکات".

بۆ ئەمەش سەمیح هەڵوێستی پەیەدە لە پرۆسەی چارەسەری لە سووریا بۆ ئەمریکا زۆر بە گرنگ دەزانێ کە کاریگەری لەسەر بەردەوامیی پەیوەندی ئەمریکا و پەیەدە دەبێت "ئەگەر داواکاریی کورد بۆ چارەسەری نەبێتە ئاستەنگ، پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە سووریا ئاسانتر دەبێت. ئەمەش لە وادەی مام ناوەندی و درێژخایەندا لە بەرژەوەندیی پەیەدە دەشکێتەوە. بە کورتی نیگاکان لە ئەمریکا و تورکیا زیاتر لەسەر ئەو هەڵوێستەیە کە پەیەدە دەیگرێتەبەر".

# خۆبەخشە سوێدییەکان بەسەر پێشمەرگە و شەڕڤاناندا دابەش دەبن

**کورت ناگڵ**
**ڕووداو- شنگال**

وەک خۆبەخشێک هەزاران کیلۆمەتری لە سوێدی باکووری سکاندیناڤیاوە بڕیوە بۆ بەگژداچوونەوەی جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە داعش.

مولازمێکی پێشووی سوپای سوێدە، بەڵام داوای کرد تەنیا ناوی یەکەمی (تۆنی) بۆ ئەم ڕاپۆرتە بەکاربێت. تۆنی هاوشانی هێزەکانی پێشمەرگە لە شنگال خەریکی شەڕە لە دژی جیهادییەکان. وەک زۆربەی جەنگاوەرانی دیکە، بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی گرتنەوەی شنگالی کردووە. تۆنی کە باڵای 190 سانتیمەترە، دەڵێت "هاتووم بۆ کوشتنی داعش."

شنگال لەلایەن داعشەوە لە سێی ئابی ساڵی 2014دا دەستی بەسەردا گیرا. پێگەیەکی گرنگی بۆ چەکدارانی داعش هەبوو، چونکە مووسڵ و ڕەققە کە دوو هەرێمی سەرەکی داعشن بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام هەینی ڕابردوو لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرایەوە.



تۆنی بە باشی لە بایەخی ئەم هێرشە تێگەیشتبوو، هەر بۆیەش داوای کردبوو بچێتە هێڵی پێشەوەی شەڕ. فەرماندەی ئەو هێزەی پێشمەرگە کە تۆنی تێیدا ئەندامە، قەناسێکی دراگانۆفی پێداوە.

تۆنی وەڵامێکی سادەی بۆ ئەو ڕەخنانە هەیە کە ڕووبەڕووی ئەو بیانیانەی لە شەڕی دژ بە داعشدا بەشدارن، دەبێتەوە. ئەو لە بنکەیەکی پێشمەرگە لە شنگال بە (ڕووداو)ی گوت "داعش تەنیا کێشەی کورد نییە. ئەگەر بەریان پێ نەگیرێت بە ئەورووپادا بڵاودەبنەوە و هەڕەشە لە ماڵی ئێمەش دەکەن".

تۆنی سێ ساڵ لە سوپای سوێدیدا کاری کردووە. هەم لە یۆگوسلاڤیا و هەمیش لە ئەفغانستان خزمەتی هەبووە، بەر لەوەی بۆ کارێکی پڕداهاتتر سوپا بەجێبهێڵێ. ئەو خۆی وەک قەناس ڕاهێنانی دیوە و دەڵێت دەتوانێت هەموو جۆرە چەکێک بەکاربێنێ.

ئەو دەڵێت: "کورد بە تەکنەلۆژیای دوێنێ شەڕ دەکەن، بەڵام ناکشێنەوە، چونکە جەنگاوەری بوێرن."

## تۆنی: تا مووسڵ دەگیرێ لە ریزەکانی پێشمەرگەدا دەمێنمەوە

کاتێک تۆنی دەبینێ نە ڕۆژئاوا چەک دەداتە پێشمەرگە و نە ئەمەریکا هێزی زەمینی بۆ شەڕ دەنێرێت، ئیدی دەگاتە ئەو باوەڕەی بچێتە ریزی پێشمەرگەوە.

تۆنی دەڵێت "من لێرەم چونکە حکومەتی سوێدی شتێکی زۆری نەکردووە. کورد چەکی باشتر و شتی زیاتریان پێویستە."

نزیکەی شەش هەفتە بەر لە ئێستا، تۆنی و هەشت سوێدیی خۆبەخشی دیکە گەیشتنە هەولێر. تۆنی یەکەمجار لە کەرکووک بووە و دواتر چووە شنگال. هاوڕێ سوێدییەکانی دیکەی چوونە ناو هێزە کوردییەکانی دیکەی وەک یەپەگە کە ئەوانیش شەڕی داعش دەکەن.

ژیان لە بەرەی شەڕدا زۆر جیاوازە لەو ژیانەی لە سوید هەیە و تێیدا تۆنی وەک ڕاهێنەری مەلەوانی کاری دەکرد.

قورسترین شت بێگومان ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەک لە ماڵەوەیان دوور بێت. نزیکەی دوو هەفتە دەبێ تۆنی قسەی لەگەڵ منداڵەکانی نەکردووە، ئاخر نە مۆبایلی پێیە و نە ئینتەرنێتی هەیە.

ئەو دەڵێت: "ماڵەوەمان پاڵپشتیم دەکەن، بەڵام منداڵەکانم بیریان کردووم و نیگەرانن. بەڵام خۆ من ئاگام لە خۆمە."

تۆنی دەوەستێ و سەیری چیای شنگال و بەرزاییەکانی دەکات. ساماڵێکی گەشە و ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە. ڕەنگە ئارامترین شەو ئێستا بێت، ئەگەر دەنگی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و تەقینەوە دوورەکان ڕێگە بدەن.

تۆنی دەڵێت "شنگال وەک یۆنان دەتوانێت جوان بێت. حەز دەکەم ئاسایش بەرقەرار بێت بۆ ئەوەی کوردستان هەڵبستێتەوە و گەورە بێت."

ئەم جەنگاوەرە سوێدییە دەڵێت لە بەرنامەیدایە تا گرتنەوەی مووسڵ لە بەرەی شەڕدا بمێنێتەوە، جا سێ مانگی پێدەچێت یان سێ هەفتە. ئەو دەڵێت: "تەنیا هیوادارم منداڵەکانم لێم تێبگەن".

# پێشمەرگە هۆڵەندییەکە چەکەکەی بۆ بلیتی گەڕانەوە فرۆشت

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- ئەمستەردام**

دوای ساڵێک پێشمەرگایەتی لە کوردستان، ئازاد نەوزاد دواجار گەڕایەوە هۆڵەندا. لەو یەک ساڵەدا ئازاد لە دەوروبەری بەنداوی مووسڵ پێشمەرگە بووە و شەڕی لە دژی چەکدارانی داعش کردووە. ئێستا گەڕاوەتەوە هۆڵەندا، ئەو وڵاتەی بە درێژایی هەژدە ساڵی ڕابردوو نیشتیمانی یەکەمی بووە.

ئازاد، 25 ساڵ، شەڕی دژی داعشی بیرنەچووەتەوە، بەڵام پلانیشی بۆ داهاتووی خۆی داناوە و دەیەوێت ژیانێکی هەبێت.

ڕەنگە قورسترین بڕیار کە ئازاد دابێتی لەو ماوەیەدا ئەوە بووبێ کە ناچار کرا چەکەکەی بفرۆشێت. ئازاد لە قوتابخانەیەک لە هۆڵەندا چیرۆکی چەکەکەی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەو بە تاسەوە باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە کلاشینکۆفەکەی ڕێک لەو شوێنە دۆزییەوە کە پێشمەرگە لە داعشی وەرگرتبووەوە.

ئازاد دەڵێت هەر لە یەکەم ساتەکانی پێشمەرگایەتی ئەو چەکەی کەوتە دەست "من دڵنیام کە ئەمە قسمەت و نسیب بوو. هەر بۆیەشە وەک منداڵی خۆم ئاگام لێی بوو، پاکم دەکردەوە."

بەڵام دڵگرانە بەوەی کە دوای ئەوەی ئەرکی تەواو بوو دەبووایە بگەڕێتەوە هۆڵەندا، ئیدی ناچار بوو چەکەکەی بە بلیتێک بدات "یەک زەڕە شکم نییە کە ئەم چەکە دیرۆکی منە. بۆیەشە زۆر گەشبینم کە بتوانم ڕۆژێک بیکڕمەوە، چونکە بە برادەرێکی خۆمم فرۆشتەوە".

مانگی ئابی پارساڵ، ئازاد بەپەلە گەڕایەوە کوردستان و لەگەڵ برا و ئامۆزا و مامەکانی جلی پێشمەرگەی کردە بەری. زۆری پێ نەچوو ئیدی هەواڵ و وێنەی شەڕەکانی لەسەر پەڕەی فەیسبووکی خۆی بڵاوکردەوە. هەر لەو ڕێگەیەشەوە تووڕەیی خۆی لە نەبوونی چەک و تەقەمەنی پێویست دەخستەڕوو.

ئەو دەڵێت: "کێشە ئەوەیە کە فیشەکی تەواوت پێ نەبێت دەبێ تەقەکانت بژمێری، چونکە جاری وا هەیە شەڕێک شەش سەعاتی پێدەچێت و تۆ بەشی ئەوە فیشەکت پێ نییە. ئەوە ئازارت دەدات".

ئازاد چیرۆکی خۆی لە شەڕەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێت قەت هاوڕێ پێشمەرگەکەی لەبیر ناکات کە بە گوللەی هاوەن شەهید بوو. ئازاد دەڵێت پێشمەرگەکان بە یەکەوە تەقە لە دوژمن دەکەن و ڕاستییەکەی کەس نازانێت فیشەکی کێ چەکداری داعشی پێکاوە.

ئازاد باسی تێڕوانینی پێشمەرگە دەکات بۆ ئەوانەی لە ئەورووپاوە دەگەڕێنەوە بۆ شەڕی داعش "ئەوان وا دەزانن کە بە کێک و شیر گەورە بووی و ناتوانی پێمەڕە بە دەستەوە بگری. لە کاتێکدا ڕەنگە تۆ لەوان زۆر باشتریش بیت."

ئازاد دەڵێت سەرەتا زۆر ناخۆش بوو خۆی لەگەڵ پێکهاتەی سوپا ڕابهێنێ، چونکە هەر مامیشی لەوێ ژەنەڕاڵ بووە و زۆرینەی بڕیارەکانی ئەو دەیدا "وەک هۆڵەندییەک ئێمە وا ڕاهاتووین کە لە بڕیاردا بەشدار بین. چونکە خۆ مەرج نییە من وەک ئەوانی دیکە بیربکەمەوە".

کە لە ئەیلولدا کوردستانی بەجێهێشت، ئازاد چوار جار پلەکەی بەرز کرابووەوە، بەڵام تەنانەت وەک مولازمیش هێشتا لە بڕیاردا بەشداری پێ نەدەکرا.

ئازاد دەڵێ "خۆ ئەگەر پلەشت هەبێ پێشمەرگە هەر بۆ ژەنەراڵەکان دەگەڕێنەوە نەک بۆ تۆ، بەڵام بەپێی ستانداردی جیهانی ژەنەڕاڵ زیاتر لە پشتەوەی بەرەی شەڕ ئاگایان لە شەڕەکەیە. بەڵام ئێمەی کورد هەر وا شەڕمان کردووە، وەک پارتیزان. جا یان دەبێ تۆش وەک ئەوان بکەیت یان هیچ. ئەمە عەقڵیەتی سوپاکانی ئێمەیە و دیارە هەر ئەوهاش دەتوانین داعش تێکبشکێنین."

ئازاد کە لە ساڵی ڕابردوودا وەک زۆربەی فەرمانبەرانی حکومەت ماوەی زۆر چاوەڕێی مووچە بووە و تەنانەت لەو ماوەیەدا تەنیا حەوت مووچەی بۆ حیساب کراوە، دەڵێت ئەمە هۆکاری بەجێهێشتنی کوردستان نەبوو. کە داعشیان پاشەکشە پێ کرد ئیدی پێویستییەکی زۆریان بەو نەما.

ئازاد دەڵێت "بیرم کردەوە کە کاتی خۆم باشتر بەکاربهێنم. دەمەوێت دبلۆم وەربگرم". بڕوانامە لە کوردستان زۆر گرینگە و بەبێ ئەوە هیچت پێ ناکرێت. هەر بۆیەشە ئازاد هەوڵ دەدات بڕوانامەی هەبێت. ئەو دەڵێت "من هەمیشە حەزم کردووە ببمە سیاسەتمەدار."

بەپێی یاسای هۆڵەندی ئەگەر بۆ هێزێکی دەرەکی لە شەڕدا بیت، ئەگەری ئەوە هەیە دەستگیر بکرێی، بەڵام ئازاد ئەمەی زۆر بە لاوە گرنگ نەبووە. قوتابخانەکەی دیسان ئازادی وەرگرتەوە و دەیانەوێت یارمەتیی بدەن کە ساڵی دوایینی تەواو بکات و ببێتە یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی.

ئازاد هەروەها هەوڵی داوە ئەزموونی خۆی لە کوردستان بەکاربهێنێ و لێکۆڵینەوە لەوەدا بکات کە گەنج چۆن بەرەو توندڕۆیی دەچن "من حەز دەکەم بزانم هەر لەسەرەتاوە چۆن گەنجێک توندڕۆ دەبێت و چۆن مامۆستا و قوتابخانە دەتوانن ڕێگەی لێ بگرن".



# "دەستم بە خوێنی داعش ئاڵوودە بووە"

**کورت ناگل**
**ڕووداو- شنگال**

دەنگی بەهێزی گرمەی تۆپ. تەقەی بەردەوامی دۆشکە و ئار پی جی. ئەمە ڕەوتی ئاسایی ژیانە لە شاری شنگال. لەناو ئەم هەموو گرم و هووڕەدا، لە سەنگەرێکی ژێر زەویدا، فەرماندەی پێشمەرگە خەلەف گەنجۆ پەنای گرتووە. ئەو گوێی لە هاتوهاواری دەرەوەیە، بەڵام چاو ناترووکێنێ. ئەمە بۆ ئەو، سەرەتای ئەو شەڕە بوو کە خەریک بوو دەستی پێدەکرد.

گەنجۆ دەڵێت: "ئێمە پێشمەرگەین. دڵەڕاوکێمان نییە. وەک بڵێی چاوەڕێی جەژنێک بین"، بەڵام ڕاستییەکەی ئەگەر نیگەرانی بە چاوی قاوەیی ئەم فەرماندەیەوە دیار بێت زۆر سەیر نییە.

شاری شنگال ساڵێک و سێ مانگ بە دەست داعشەوە بوو، پێگەیەکی گرنگ بوو بۆ چەکدارانی داعش، بەو پێیەی ڕەققەی سووریا و مووسڵی عێراقی بە یەکەوە دەبەستەوە، بەڵام دواجار پێشمەرگە کۆنترۆڵیان کردەوە.



پێشمەرگەکان لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوون، چاوەڕێی هێرش بوون. تەنیا کیلۆمەترێک نێوانی ئەوان و داعش بوو.

ئەگەرچی داعش بە هێرشەکانی ئەم دواییەی پێشمەرگە لاواز بووە، بە تایبەت لە میحوەری مەخموور و کەرکووک، بەڵام گەنجۆ لە زەبری جیهادییەکان ئاگادارە. خۆی و ماڵەوەشیان دەتوانن ئەمە بسەلمێنن.

کاتێک داعش مووسڵی لە حوزەیرانی 2014دا گەمارۆ دا، کچی ئەم فەرماندەیە تەقەی لێکراوە. ئەوکات گەنجۆ و ژنەکەی و حەوت منداڵەکەی بەرەو شاری زوممار ڕایانکرد کە 60 کیلۆمەترێک لە سەرووی شنگالەوەیە. خۆی و ژن و منداڵەکانی بە سەلامەتی ڕزگار بوون، بەڵام داعش بە دوایاندا هات.

چەکدارەکان پاشان زوممارییان گرت و ئەوکاتەی پێشمەرگە هەوڵی دا بیگرێتەوە، گەنجۆ پێ و باسکی بەر فیشەک کەوت. هێشتاش ساچمە لە پشتی سەریدا ماوەتەوە کە دەبێ دەریانبهێنێ.

گەنجۆ دەڵێت "من پێشتر دەمگوت ئامادە نیم مریشکیش سەرببڕم، بەڵام بەم دەستانەم نزیکەی 50 داعشی تیرۆریستم کوشتووە. دەستم بە خوێنی داعش ئاڵوودە بووە. من هیچ ڕێگەچارەیەکم نییە. ئەگەر نەیانکوژم ئەوان من دەکوژن".

پێشمەرگە توانیویەتی تا ئێستا داعش لە زوممار دوور بخاتەوە، بەڵام گەنجۆ هێشتا نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە. ساڵ و نیوێک دەبێت لە ماڵەوەیان دوورە، بەڵام دەڵێت تا ئەو کاتەی هەموو تیرۆریستەکان لە وڵاتەکەی دەرنەکات ناگەڕێتەوە.

گەنجۆ کە وێنەیەکی سەرکردەی دیاری کورد، مەسعود بارزانی، بە یەخەی جلە سەربازییەکەیەوەیە، دەڵێت "خێزانەکەم زۆرجار دەگرین کە من لە بەرەی پێشەوەی شەڕدام".

گەنجۆ ئێستا ماڵێکی دیکەی لەناو ئەو پێشمەرگانەدا دیوەتەوە کە لە سەنگەرەکەیدا لە دەوری دانیشتوون.

خالید سلێمان خاڵۆ کە 29 ساڵ تەمەنیەتی و بەم دواییە وەک خۆبەخشێک هاتووەتە ریزی پێشمەرگەوە، دەڵێت: "هەموو پێشمەرگەکان وەک باوک سەیری گەنجۆ دەکەن".

گەنجۆ دەڵێت: "کوردستان وەک باخێک وایە. خەڵکی هەموو ئایینەکان دەتوانن بێن و لێرە گەشە بکەن".

گەنجۆ کە خۆی موسوڵمانە، دەڵێت ئاگادارە لەوەی کە داعش چی بەسەر ئایینەکەی دێنێت "ئەم گرووپە تیرۆریستە پاساو بۆ کۆمەڵکوژی، بەندەیی، دەستدرێژی و ئەشکەنجە دەهێنێتەوە و وا نیشان دەدات کە ئەوەی دەیکات بە گوێرەی قورئان و ئیسلامی ڕاستەقینەیە".

ئەو ڕەفتارانەی داعش گەنجۆیان گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی کە بڵێ "وای لێهاتووە بە هۆی داعشەوە تەنانەت کەیفم بە دینەکەی خۆیشم نەیەت".

ئەم فەرماندەیە دەڵێت دوای تەواوبوونی شەڕ دەگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی و دەچێتەوە زانکۆ. ئەو زۆر حەز دەکات بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کار بکات. ئەو دەڵێت: "دەمەوێت یارمەتی خەڵکی دەستکورت بدەم لە هەر شوێنێک بن و هەر ئاینێکیان هەبێت".

چەند خولەکێک تێدەپەڕێت و فەرماندەکە تەلەفۆنێکی بۆ دێت. گورج هەڵدەستێت و فەرمان دەداتە پێشمەرگەکانی بەرەو بەرەی شەڕ خۆیان ئامادە بکەن. پێشمەرگەکان فیشەک و چەکەکانیان هەڵدەگرن و سواری پیکاب دەبن و بەرەو مەیدانی شەڕ بەڕێدەکەون.

فەرماندە تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە. تاقمەکەی بەری ڕاست دەکاتەوە و چەکمەکانی لە پێدا قایم دەکات و خۆی بۆ جەژنەکە ئامادە دەکات. بەڵێ ئەوان هەینی ڕابردوو لە شنگال جەژنیان کرد.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16



## عێراق دەبێتە دووەم هەناردەکاری نەوت لە جیهاندا

**ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خاو بۆ بازاڕەکانی جیهان و زیادکردنی داهاتی نەوت. حکومەتی فیدراڵی عێراق کار لەسەر پلانیکی نوێ دەکات، بەپێی پلانەکە لە مانگی داهاتوودا ئاستی هەناردەی نەوتی خاو بۆ 3 ملیۆن و 700 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بەرزدەبێتەوە. وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ میدیاکانی ئاشکراکردووە، هەوڵ دەدەن لە چەند مانگی داهاتوودا، ئاستی هەناردەی نەوت بەشێوەیەک بەرز بکەنەوە، کە عێراق ببێتە دووەم وڵاتی هەناردەکاری نەوت لەسەر ئاستی جیهاندا.



# هاوردەکردنی گەنمەشامی بۆ کوردستان قەدەغە دەکرێت

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر



بە ئامانجی بە بازاڕکردنی بەرهەمی ناوخۆ، لەسەرەتای ئەم مانگەوە وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی گەنمەشامی بۆ کاتێکی نادیار قەدەغە کرد، دوای بڕیارەکەش کارگەکانی ئالیک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان ڕوویان لە کڕینی بەرهەمی جوتیاران کردووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی گەنمەشامی لە شەش ساڵی ڕابردوودا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک بڕی بەرهەم لە سێ هەزار تۆنەوە بۆ 23 هەزار تۆن بەرزبووەتەوە، بەڵام بەهۆی گرفتی بەبازاڕکردن لەدوو ساڵی ڕابردوودا چاندنی بەرهەمەکە لەلایەن جوتیارانەوە کەمێک سست بووە.

بۆتان عزەددین فەیزی، لێپرسراوی بەروبوومی کێڵگەیی لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی گوتی "ئامانجمان لە بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەکردنی گەنمەشامی بۆ هەرێمی کوردستان ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیە"

لەعێراقدا 17 کۆمەڵگای وەرگرتن و وشککردنەوەی گەنمەشامی هەیە کە ئەمساڵ هەر تۆنێک گەنمەشامی لە جوتیارانی عێراق بە 430 هەزار دینار وەردەگرێت، بەڵام بەبیانووی ئەوەی پارەی پاڵپشتی وەرگرتنی بەرهەمی گەنمەشامی لە بودجە دراوەتە هەرێمی کوردستان، ئامادەنین بەرهەمی جوتیارانی کورد وەربگرن. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گەنمەشامییەکەیان لێ ناکڕێتەوە، بۆیە ناچارن بەرهەمەکانیان بەنیوە نرخ بە بازرگان و جوتیارانی عەرەب بفرۆشنەوە.

بۆتان عزەددین فەیزی گوتی "بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی کارگەی وشککردنەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەرهەمی جوتیاران بەنرخی پاڵپشت بکڕێتەوە. بۆ ئەوەی جوتیارانمان زۆر زەرەمەند نەبن لەچواری ئەم مانگەوە هاوردەکردنی گەنمەشامیمان قەدەغە کردووە".

گەنمەشامی بەهۆی ئەو بەها بەرزە خۆراکییەی هەیەتی، بە یەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکان دادەنرێ، لەڕووی گرنگی پێدانەوە لە جیهاندا لە دوای گەنم و برنج بە پلەی سێیەم دێت.

پسپۆڕانی کشتوکاڵی دەڵێن کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی گەنمە شامی، دەتوانرێ لە هەردوو وەرزی بەهار و پاییزدا بچێندرێت، بەڵام لە کوردستان زیاتر چاندن لە وەرزی پاییز پەسەند دەکرێ.

بۆتان عزەددین فەیزی، لێپرسراوی بەروبوومی کێڵگەیی دەڵێ بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی گەنمەشامی لە کوردستان لە ساڵی 2009 تاوەکو 2011 لە ڕێگەی دابینکردنی بنەتۆ و خەرجکردنی ملیارێک و 17 ملیۆن دینار، پاڵپشتی چاندنی 11 هەزار و 112 دۆنم زەوی بە گەنمەشامیان کردووە، بەم هەنگاوەش وەک بۆتان دەڵێت "بەسەتان جوتیار ڕوویان لەچاندنی گەنمەشامی کردووە، بۆیە ڕووبەری چاندن لە هەزار و 384 دۆنمەوە بۆ 12 هەزار و 292 زیادی کردووە، بڕی بەرهەمیش لە سێ هەزار تۆنەوە بۆ 23 هەزار تۆن زیادی کردووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ کە پشتی بەئاماری بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی پارێزگاکان بەستووە، ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان 10 هەزار و 895 دۆنم زەوی بەگەنمەشامی چێندراوە. بەگوێرەی پێشبینییەکانیش بەرهەمی ئەمساڵی گەنمەشامی نزیکەی 20 هەزار تۆن دەبێ.

ڕەشاد ڕەشید دزەیی، جوتیارێکی گوندی گۆسکەی سەر ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە، ساڵانە نزیکەی 70 دۆنم گەنمەشامی دەچێنێ، ڕەشاد دەڵێت "بەرهەممان باشە، بەڵام گرفتمان لە فرۆشتنی هەیە، چونکە نە بەغدا، نە هەرێمی کوردستان بەرهەمەکەمان لێ وەرناگرێت، بۆیە بەناچاری بەنیوەی نرخ بەرهەمەکانمان دەفرۆشین بە بازرگان و جوتیارانی عەرەب". ڕەشاد دزەیی گوتیشی "ساڵی ڕابردوو بەهۆی خراپیی بارودۆخی عێراق کەس نەبوو بەرهەمەکەمان لێ بکڕێت، بۆیە بەزەرەر فرۆشتمانەوە بە کارگەکانی هەولێر".

گرفتی جوتیاران لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بەکارگەکانی ناوخۆ لەوەدایە کارگەکان بەدەنک گەنمەشامییان دەوێت نەک بە عەرنوس، ئەمەش تێچووی زیاتریان دەخاتە سەر، چونکە دەبێت بەئامێرێک دروێنەی بکەن و بەدەڕاسەش عەرنوسەکان بکەن بەدەنک.

ئەم جوتیارە داواکارە لە وەزارەتی کشتوکاڵ بەنرخی پاڵپشت بەرهەمەکانیان لێ بکڕێتەوە، یان نرخی کڕینەوە بۆ کارگەکان دیاری بکات. گوتیشی "ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ یەک لەوانەشی پێ ناکرێت، با وەک ساڵانی پێشوو بەدابینکردنی سووتەمەنی و تۆو پاڵپشتیمان بکات".

بەڵام بۆتان عیزەددین فەیزی دەڵێت ئەوان ناتوانن نرخی کڕین بەسەر کارگەکاندا بسەپێنن، چونکە خواست و خستنەڕوو لەبازاڕ ڕۆڵ دەبینێ و کارگەکانیش کارگەی کەرتی تایبەتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوایان لەکارگەکان کردووە نرخی کڕینەوەیان نرخێکی گونجاو بێت بەجۆرێک هەم ئەوان و هەم جوتیارانیش سوودمەند بن.

ماوەی دوو ساڵە، سێ کارگەی وشککردنەوەی گەنمەشامی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لەشاری هەولێر دامەزراوە، کارگەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان زیاتر پشت بە بەرهەمی هاوردە دەبەستن، بەڵام لەسەرەتای ئەم مانگەوە دوای بڕیاری قەدەغەکردنەکە ئێستا ڕوویان لە وەرگرتنی بەرهەمی ناوخۆ کردووە.

بارزان عەدنان، خاوەنی کارگەی باراش کە دوای بڕیارەکە 2000 تۆن گەنمەشامی لە جوتیاران کڕیوەتەوە. گوتی "هەر تۆنێک گەنمەشامی بەشێوەی دەنک بە 340 هەزار دینار لە جوتیاران دەکڕینەوە بەمەرجێک ڕێژەی شێیەکەی لە 12% زیاتر نەبێت، بەڵام ئەگەر ڕێژەکەی زیاتر بوو بۆ هەر ڕێژەیەک 4 هەزار دینار دادەشکێنین". گوتیشی "زۆربەی ئەو گەنمەشامیانەی لە جوتیاران دەیکڕینەوە ڕێژەی شێی زۆرە، هەیانە دەگاتە 35%. بۆیە وەک پێویست پارە بۆ جوتیار ناکات".

بارزان عەنان کە ئەندازیارێکی کشتوکاڵییە، پێیوایە هەرگیز بەرهەمی گەنمەشامی لەکوردستان بەو شێوەیەی ئێستا کە هەیە پێشناکەوێت، ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ لە جوتیارانی نەکڕێتەوە، یان هاوکارییان نەکات لە تێچووی چاندن، چونکە وەک ئەو دەڵێت "هەر تۆنێک گەنمەشامی بە عەرنوسەوە 30%ی خەسار دەبێت، ڕێژەی شێیەکەش نرخەکەی دادەبەزێنێ، بۆیە هەرگیز ناگاتە ئەو نرخە پاڵپشتەی کە حکومەتی عێراق بۆ کڕینەوە دایناوە".

بەگوتەی پسپۆڕانی بواری بەروبوومی کێڵگەیی، تێچووی چاندنی یەک دۆنم گەنمەشامی نزیکەی 200 هەزار دینارە، ئەم ڕووبەرەش ئەگەر بەشێوەیەکی باش خزمەت بکرێت و 2 تاوەکو 3.5 تۆن بەرهەم دەدات.

بۆتان عزەددین فەیزی دەڵێت" بەهۆی کەمیی بودجە لە ساڵی 2012وە نەمانتوانی لە بەرنامەی پاڵپشتیکردنی جوتیاران بەردەوام بین، بەڵام ئەمساڵ دەرخستەیەکمان ئاراستەی وەزارەت کرد کە 25%ی تێچووی چاندن کە نزیکەی 200 هەزارە بۆ هەر دۆنمێک، هاوکاریی جوتیاران بکات، بەڵام بەهۆی تەرخاننەکردنی هیچ بڕە پارەیەک لە بودجەی باربووی کشتوکاڵی (الاعانات الزراعیە) بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت نەیتوانی بڕیار لەسەر خەرجکردنی هاوکارییەکە بدات".

### ڕووبەری چێنراو و بڕی بەهەمی گەنمەشامی لە 6 ساڵی ڕابردوودا

| بەرهەمی گەنمەشامی | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەری چێنراو بە دۆنم | 1.348 | 595 | 9.169 | 10.624 | 9.477 | 12.292 | 43.505 |
| بەرهەم بە تۆن | 2.854 | 1.230 | 18.470 | 23.903 | 22.745 | 23.578 | 92.780 |
| پارەی تەخانکراو | 334.193.700 | 114.480.000 | 569.120.437 | - | - | - | 1.017.794.137 |

بەهۆی نەمانی پارە

# ئاژەڵ و پەلەوەری جوانی لە کوردستان بازاڕی نامێنێ

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

سەرەڕای ڕێگەپێنەدانی، پێشانگەیەکی فرۆشتنی ئاژەڵ و باڵندەی ماڵی، مار دەفرۆشێت، خاوەنی پێشانگەکە دەڵێت فرۆشتنی مار لە هەموو شوێنێک ڕێگەپێدراوە تەنیا لە کوردستان نەبێت.

بەهۆی زۆربوونی خواستی خەڵک لەسەر ئاژەڵ و باڵندەی ماڵی، لە ساڵانی ڕابردوودا چەند پێشانگەیەکی تایبەت بە ئاژەڵ و باڵندەی ماڵی لە شارەکانی کوردستان کراونەتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری کەرەنتینی ڤێترنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە هاوردەکردنیان بە ڕێژەی 80% دابەزیوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کەرەنتینەکانی ڤێترنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا 223 هەزار و 807 پەلەوەری جوانی و 6839 ئاژەڵی جوانی هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون، ڕێژەی هاوردەکردنیشیان بەراورد بە ساڵی 2013 نزیکەی 80% دابەزیوە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنیا 16 هەزار و 674 باڵندە و ئاژەڵی ماڵی هاوردە کراون.

دکتۆر جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتین لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هۆکارەکەی بۆ کاریگەریی قەیرانی دارایی گەڕاندەوە و گوتی "بەهۆی قەیرانی دارایی و بڵاوبوونەوەی هەندێ نەخۆشی، ماوەی چەند مانگێک هاوردەکردنی ئەم باڵندە و ئاژەڵانە بۆ کوردستان ڕاگیرا، بۆیە ڕێژەی هاوردەکردنیان کەم بووەوە".

چەند مەرج و ڕێنماییەک هەن بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ و باڵندەی ماڵی، لەوانەش ئەو وڵاتەی لێی هاوردە دەکرێ هیچ نەخۆشییەکی تێدا نەبێ، پەلەوەر و ئاژەڵەکان کارتی تەندروستی و پاسپۆرت و مۆڵەتی کەرەنتینی ئەو وڵاتەیان لەگەڵ بێت.

دکتۆر جەمال دەڵێت "ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانە دوای هاوردەکردنیان بۆ ماوەی 30 ڕۆژ لە شوێنی تایبەت لەژێر چاودێری دەهێڵدرێنەوە و هەندێ کوتانیان بۆ دەکرێ کە نەکراوە، ئەگەر هیچ نەخۆشییان لەسەر دەرنەکەوت، ئینجا مۆڵەت بە فرۆشتنیان دەدەین".

زۆرترین ڕێژەی هاوردەکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ لە پارێزگای هەولێرە. تەنیا لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 27 هەزار و 477 پەلەوەر و ئاژەڵی جوانی هاوردە کراون.

دکتۆر جەمال لەوبارەیەوە گوتی "لەبەر ئەوەی فرۆکەخانەی هەولێر فرۆکەی کارگۆی زۆرە، بۆیە بەشی زۆری ئەم پەلەوەر و ئاژەڵانە لە ڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێرەوە هاوردە دەکرێن".

دکتۆر مامەند محەممەد، بەڕێوەبەری ڤێترنەری هەولێریش دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و ڕاگرتنی هاوردەکردن بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بۆ ماوەی چەند مانگێک، ڕێژەی هاوردەکردنی پەلەوەر و ئاژەڵی جوانی لەمساڵ و ساڵی ڕابردوو بە بەراورد بە ساڵی 2013 نزیکەی 80 دابەزیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەولێر لەسەر ئاستی هەرێم پێشەنگە و ساڵانە زیاتر لە 90%ی ئەو پەلەوەر و ئاژەڵە جوانیانەی بۆ هەرێمی کوردستان هاوردە دەکرێن بۆ پارێزگای هەولێرە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ڤێترنەریی هەولێر زیاتر لە 10 پێشانگەی هاوچەرخ و کۆمپانیای تایبەت لە هەولێر هەن کە بازرگانیی پەلەوەر و ئاژەڵی جوانی دەکەن.

عەبدوڵڵا ئەحمەد، خاوەنی کۆمپانیا و پێشانگەی ڤان هۆڵەند بۆ فرۆشتنی ئاژەڵ و پەلەوەری جوانی کە ساڵانێکی زۆر لە ئەورووپا بووە، دەڵێت یەکەم کەس بووە کە پێشانگەیەکی هاوچەرخی لە هەولێر بۆ فرۆشتنی پەلەوەر و ئاژەڵ کردووەتەوە و یەکەمین کەسیش بووە بەفەرمی مۆڵەتی هاوردەکردنی پەلەوەر و باڵندەی لە ئەورووپا بۆ کوردستان وەرگرتووە.

عەبدوڵڵا گوتی "یەکەم وەجبەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانم لە هۆڵەندا هێنا، بەڵام ئێستا بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی سەرجەم پەلەوەر و ئاژەڵەکان لە بەلجیکا دەهێنم، گرێبەستی تایبەتم لەگەڵ کۆمپانیایەک هەیە کە لە وڵاتانی جیهانەوە چ باڵندە و ئاژەڵێکمان بوێت، بۆمان دابین دەکات".

سەبارەت بەخواستی خەڵکی هەولێر بۆ باڵندە و ئاژەڵ، عەبدوڵڵا دەڵێت "خەڵکی هەولێر زۆر حەزیان لە مریشک، مراوی، کۆتر، تاوس، تووتی، کەناری، بولبول بەهەموو جۆرەکانی هەیە، لە ئاژەڵەکانیش زیاتر خواستیان لەسەر کەروێشک، مامز و ئەسپە، هەندێ کەس داوای شێر دەکەن، بەڵام هاوردەکردنی شێرقەدەغەیە".

بە گوتەی دکتۆر مامەند، زۆربەی ئەو پەلەوەرانەی هاوردە دەکرێن بریتین لە مریشک، تووتی، کەناری، کۆتر و تاوس. لە ئاژەڵەکانیش سەگ، پشیلە، کەروێشک، مامز و ئەسپ.

بەپێی ڕێنماییەکانی ڤێترنەری، هاوردەکردنی مار، تیمساح، باز، شێر و پلنگ قەدەغەیە و تەنیا بۆ باخچەی ئاژەڵان ڕێگەی پێدەدرێت.

بەهۆی جیاوازیی خواستی خەڵک خەریکە تایبەتمەندیی دەکەوێتە کاری پێشانگەکان، هەندێ لە پێشانگەکان تەنیا ماسی و هەندێکی دیکەیان سەگ، پشیلە، مەیمون، تەنانەت ماریش دەفرۆشن کە هاوردەکردنی قەدەغەیە.

نەبیل نیزام، بەڕێوەبەری کۆمپانیا و پێشانگەی تیترا بۆ بازرگانیی باڵندە و ئاژەڵ و ماسی جوانی لە شاری هەولێر کە پێشانگەکەی زیاتر تایبەتە بە فرۆشتنی سەگ، پشیلە، مار و باڵندەی وەک کەناری و تووتی، دەڵێت "بەشێک لە باڵندە و ئاژەڵەکان لەسەر خواستی خەڵک و بەشێکی دیکەیان بەگوێری بازاڕ لە وڵاتانی وەک تورکیا، مالیزیا، تایلەند، نەمسا، هۆڵەندا و ئوردنەوە دەهێنم".

سەبارەت بەخواستی خەڵک و نرخەکانیش، نەبیل نیزام دەڵێت "زۆربەی کڕیارەکان خواستیان لەسەر کڕینی سەگ و پشیلەیە، زیاتریش سەگ بە تایبەتی ئەوانەی نرخیان لە خوار 1000 دۆلارە".

بۆ سەرچاوەی دەستکەوتنی مارەکانیش کە هاوردەکردنیان قەدەغەیە، نەبیل نیزام، دەڵێت "مارەکانم زۆربەیان لە ئەمەریکاوە بەڕێگەی ئوردندا هێناوە، بە مۆڵەت هێناومن، چونکە هیچیان ژەهراوی نین". گوتیشی "بەداخەوە لە زۆربەی وڵاتان بازرگانی بە مار شتێکی ئاساییە، بەڵام لە کوردستان بەهۆی نەزانین لە جۆری مارەکان هاوردەکردنیان قەدەغەیە".



### هاوردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان

| جۆری ئاژەڵ | 2013 | 2014 | 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| پەلەوەر و باڵندەی جوانی | 169.559 | 38.004 | 16.244 | 223.807 |
| ئاژەڵی جوانی | 5.509 | 900 | 430 | 6.839 |
| کۆی گشتی | 175.068 | 38.904 | 16.674 | 230.646 |

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (383)  دووشەممە  2015/11/16

## 100 کۆچبەر لە ڕێگادا مردوون

**سیروان عەباس / ڕووداو – هەولێر**

ئامانج عەبدوڵڵا، بەرپرسی ڕێکخراوی سەرانسەریی پەنابەرانی عێراق- لقی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند تا ئێستا 100 کۆچبەری کورد لە ڕێگای چوونیان بۆ وڵاتانی ئەورووپا گیانیان لەدەست داوە، کە بەشێکیان تا ئێستا تەرمەکانیشیان نەدۆزراوەتەوە. بۆ گەڕان بەدوای کۆچبەرە بێ سەروشوێنەکاندا ڕێکخراوی سەرانسەریی پەنابەران لقی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکیان پێکهێناوە، بەڵام ئامانج عەبدوڵڵا گوتی "تا ئێستا لیژنەکە دەستبەکار نەبووە". بەپێی ئاماری ئەو ڕێکخراوە لە کۆتایی 2014ەوە تا ئێستا 27 هەزار هاووڵاتی هەرێمی کوردستانیان جێهێشتووە.



پرۆژەی شکستخواردوو لە پێناوی ڕەگەزنامە دەکڕن

# بەرپرسانی کورد لە سوێد پارە سپی دەکەنەوە

## پارێزەرێکی کورد لە سوێد: بۆ ئیقامە مارکێت و پرۆژەم بۆ 11 بەرپرسی کورد کڕیوە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

پارێزەرێکی کورد لە سوێد ئاشکرای دەکات کە تەنیا لەماوەی ئەمساڵدا ئیقامەی بۆ 11 بەرپرسی کورد لە سوێد وەرگرتووە، ئەویش لە ڕێگەی کڕینی پرۆژە یان مارکێت و بازاڕی بچووک. دەشڵێت یەکێک لەوانەی ئیقامەی بۆ وەرگرتووە، بریکاری وەزیرە.

لە سوید، هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی باکووری ئەورووپا، لەڕێی کارکردن، یان خاوەندارێتی و بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی بازرگانی دەتوانی مافی مانەوە وەربگری، بەردەوامبوون لەسەر کار بۆ زیاتر لە چوار ساڵ، مافی مانەوەی هەمیشەیی و دوای 5 ساڵیش وڵاتینامەی سویدی مسۆگەر دەکات.

ئەمە لە دەستووری ئەو وڵاتەدا هاتووە و زۆر لەو کەسانەی بە ڕێگای دیکە ناتوانن مافی مانەوە وەربگرن، ئەگەر خاوەنی پارە بن، بیر لە کاری لەم شێوەیە دەکەنەوە.

هەمزە ڕەفعەت، پارێزەری کورد لە سوێد کە لەم بوارەدا کار دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "تەنیا ئەمساڵ ئیقامەم بۆ 11 بەرپرسی کورد وەرگرتووە". گوتیشی "لەوانەی ئیقامەم بۆ وەرگرتوون، خەڵکی تێدایە بریکاری وەزیرە".

ئەو ڕێگەیەی کە هەمزە ئیقامەی بۆ خەڵک پێ وەردەگرێ، بریتییە لە کڕینی بازاڕێک یان پرۆژەیەک و دامەزراندنی ئەو کەسە بە پۆستی خاوەن، یان بەڕێوەبەر و پاشان بەدەستهێنانی مافی مانەوە.

بەقسەی ئەو پارێزەرە، ئەو بەرپرسانە لەڕووی بزنسەوە زەرەر دەکەن، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی مافی مانەوە ئەو کارە دەکەن.

### سیناریۆی میرات و هێنانی پارە

پێشتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وا بڵاوکرایەوە کە بریکاری پێشووی وەزیری دارایی لەڕێی کڕینی ڤێللایەکەوە لە سوێد داوای مافی مانەوەی کردووە. (ڕووداو) بەدواداچوونی کرد و هیچ بەرپرسێکی فەرمانگەی کۆچی سوێد (megrationsverket) ئەو زانیارییەی پشتڕاست نەکردەوە، ئەوان گوتیان "تەنیا پرۆژەی بازرگانی و کار ئەو مافە دەدات". بەڵام کارمەندێکی پێشووی ئەو دامەزراوەیە دەڵێت "ئەزموونی سوید وەک یۆنان و وڵاتانی دیکە نییە و خاوەندارێتی خانوو، یان ڤێللا هیچ مافێکی هاووڵاتیبوونت پێ نابەخشێ".

هەمزە ڕەفعەت کە لە سوێد بە پارێزەری وەرگرتنی ئیقامە بۆ دەوڵەمەند و بەرپرسەکان ناسراوە، دەڵێت "دیارترین ڕێگە بۆ هێنانی پارە لە کوردستانەوە بۆ سوێد، سیناریۆی فرۆشتنی موڵکە کە گوایە بەمیرات ماوەتەوە. پاشان دوای دانی باج، پرۆژەیەک دەکڕنەوە یان خانووی پێ دەکڕن". هەمزە گوتی "بەرپرسی سەربازیی بەرەی شەڕی داعشم هێناوە و ئێستا وەک شێفی چێشتخانە مافی مانەوەی وەرگرتووە".

هودا مائی، یاساناس و پسپۆڕی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی بە (ڕووداو)ی گوت "لە سیستمی سویدا گرنگ دانی باجی مانگانەیە، ڕەنگە بۆ بەرپرس، یان دەوڵەمەندێک زەحمەت نەبێت باج بدات، ئیدی لێپرسینەوەش لە شتەکانی دیکە ناکرێت".

### زەرەر، لەپێناوکۆکردنەوەی پارە لە بانکەکانی سوید

(م.ئـ.س) بەرپرسێکی سەربازیی ناسراوە و خاوەن پرۆژەیەکی بازرگانییە لە نێوان چین و سوید. (م.س) کە کارمەندە لەلای ئەو بەرپرسە سەربازییە، دەڵێت "کۆمپانیاکەمان شمەکی چینی دەهێنن و لە سوید دەیفرۆشین، نرخی شمەکەکان لە نرخی هەمان شمەک لە چین زۆر کەمترە".

هودا مائی، هۆکاری ئەو بازرگانییە پڕلە زەرەرە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "مەبەست کۆکردنەوەی پارەیەکە لە بانکدا لەڕێی ئەو بازرگانییە پڕ لە زیانە کە وەک داهاتێک دروست کراوە، پاشان بەو پارەیەی کە لە بانک کۆبووەتەوە مارکێتیک دەکڕن، یان دەست بە پرۆژەیەک دەکەن، ئەمە سەرەتای بەدەستهێنانی مافی مانەوەیە بۆ کەسی مەبەست".

هودا گوتیشی "بەداخەوە پرۆژەکان پرۆژەی شکستخواردوون و لەسەر حیسابی قووتی خەڵکی کوردستانە. بۆ نموونە پرۆژەیەک بەهای 400 هەزار دۆلار بووە، بە دوو قاتی نرخی خۆی کڕدراوە".

زنجیرە مارکێتەکانی (MATDAGS) و (VIVO) لەوانەن کە سەرکەتوو نەبوون و لەپاڵ پرۆژەی بازاڕگە لۆکاڵییەکان تووشی شکست بوون.

وەک هەمزە باسی دەکات "ئەمان دەچن دەیکڕنەوە و دوای بەڕێوەبردنی بۆ ماوەیەک کە سەدان هەزار دۆلار تووشی زیان دەبن، پاشان دایدەخەن، ئەمەش تەنیا لەپێناوی گەیاندنی چەند ملیۆن دۆلارێکە بۆ ئەو وڵاتە و کۆکردنەوەی لە بانکێکی سوید".

بۆ کارێکی لەم شێوەیە لە بازاڕگەیەکی ئاسایی، بە زیاتر لە مووچەی 8 کارمەند و باج و کرێ و باجە گشتییەکانەوە نزیکەی 25،000 دۆلار مانگانە بەهەدەر دەڕوات.

هودا دەڵێت "ئەمە سپیکردنەوەی پارەی وڵاتە و سویدیش لێی بێ ئاگایە". دەشڵێت "لەلایەک زیرەکانەیە و لەلایەک لەسەر حیسابی زیانێکی بێ هاوتایە. تەنانەت حکومەتیش ناتوانێ لێپێچینەوەی لەسەر بکات".

سوید هەمیشە ورد بووە لە فرۆشتنی کۆمپانیاکانی بە کەس و وڵاتانی دیکە، تەنانەت دەیان کۆت و بەندی لەسەر ئەو وڵاتانە داناوە کە کۆمپانیا سویدییەکانیان کڕیوەتەوە. بۆ نموونە لە چین خاوەنی گەورە کۆمپانیای ڤالڤۆی سویدی، بۆی نییە خۆی بەخاوەنی ڤالڤۆ بزانێت. لە ڕێککەوتنی کڕینەکەدا هاتووە "هەمیشە دەبێت ئۆتۆمبێلی ڤاڵڤۆ لەسەری نووسرابێت، بەرهەمی وڵاتی سویدە".

هانس مۆرگان کارمەندی پێشووی فەرمانگەی کار و چاودێریی پرۆژە بازرگانییەکان کە شارەزای ئەو بوارەیە و لە پارتی مۆدێراتی ڕاستڕەو کار دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت " لە فرۆشتنی کۆمپانیای ڤالڤۆ بە چین و ئێس ئێلی گەورە کۆمپانیای هاتوچۆ بە ئەڵمانیا، سوید زەرەرمەند نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، ئەوە پارتی فەرمانڕەوایە دەبێت بزانێت چی ڕوودەدات".

مۆرگان باسی ئەوەی کرد کە سوێد پێشتر ڕێگەی بە سەرمایەدارانی کەنداو نەداوە پرۆژە شکستخواردووەکان بکڕنەوە.

ئەو مەبەستی بوو بابەتەکە بەرێتەوە بۆ ململانێی مۆدێراتی فەرمانڕەوای پێشوو و سۆسیال دیموکراتی چەپی حوکمڕانی ئێستا. بۆیە دەڵێت "حکومەت پێویستی بە زیرەکی هەیە، بەڵام ئایا زیرەکیی حکومەتی ئێستای سوید لەو ئاستەدایە؟".

ژمارەیەک وەزیری کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان و جێگری ئێستای سەرۆکی پەرلەمان، وڵاتینامەی سوێدیان هەیە.

(ڕووداو) زانیویەتی بەشێک لەوانە خاوەن پرۆژەی بازرگانی بوون لە سوید، بەڵام "گواستنەوەی پرۆژە بۆ سوید لەپێناوی وەرگرتنی ڕەگەزنامە لەسەر حیسابی سەدان هەزار دۆلار، شتێکی نوێیە و حکومەتی سوید خۆشی سەری لێ دەرناکات". ئەمە قسەی هودایە کە پێیوایە "لەکاتی ئاشکرابوونی بۆ مێدیاکان، ئابڕووی ئەو بەرپرسانە و ئەزموونی کوردستانیش دەچێت".


### قاچاخچێتییەکی نوێ

هەمزە ئەو زەرەرانەی ڕوونکردنەوە لە ئەنجامی سپیکردنەوەی پارە و گوتی "لە شکستی هەر پرۆژەیەکدا کە هەزار کەس سوودمەندی مانگانە بووبێت، بۆ نموونە کڕیار و مارکێت، لەپێناوی گواستنەوەی ملیۆنێک دۆلار، زیاتر لە 400 هەزار دۆلار زەرەر دەکرێت".

ئەمە لە کاتێکدایە بەدەستهێنانی مافی کار بۆ هەر هاووڵاتییەکی بیانی لە سوید، ڕەنگە لەماوەی چوار ساڵدا 100 هەزار دۆلار بکەوێت.

هودا مائی دەڵێت "لە وڵاتە شکستخواردووەکاندا ئەمە وەک حاڵەتێکی تا ئاستێک ئاسایی سەیر دەکرێت، بەڵام بۆ سوید ئەوەندە نوێیە، هەر وێنای ناکات و سەر لەو زیانە دەرناکات".

بەرپرسەکەی پێشووی دامەزراوەی کۆچیش دەڵێت "ئەمە ڕەنگە قاچاخچێتییەکی نوێ بێت، کورد لە عەرەبەکانی کەنداو زیرەکانەتر دەیکەن".



# سێپۆ چاودێریی لەسەر پەنابەران توندتر دەکات

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

ڕۆژی 2015/11/10 ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی ڕوویان لە سوێد کرد ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد و گەیشتە 2160 کەس لە ڕۆژێکدا کە زۆربەیان ئەفغان و فارسی زمانن. بەهۆی ئەوەشەوە حکومەتی سوێد بڕیاری کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی دا و پۆلیسی هەواڵگریی سوێد (سێپۆ) چاودێریی لەسەر پەنابەران توندتر کرد. ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ دەستگیرکردنی ژمارەیەک پەناخواز لە ئیتالیا کە دەگوترێ بەنیازی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی بوون و هەشت لەوانەشی دەستگیرکراون کوردن.

### شەڕێک لەڕێی پەنابەرانەوە

سوید سنووری لەگەڵ هەریەک لە ئەڵمانیا و دانیمارک توندتر کرد و چاوپۆشیش لە بەزاندنی سنووری فینلاند لەلایەن کۆچبەرانەوە دەکات. چالاکڤان و شارەزایان دەڵێن "شەڕێک هەیە وڵاتان لەگەڵ یەکدی دەیکەن و کۆچبەران تێیدا قوربانین".

ئەحمەد سوڵتان لە ڕێکخراوی پەنابەرانی بێ سنوور دەڵێت "سنوور لەسەر کۆچبەرانی هاتوو دادەخرێت و بۆ بەجێهێشتن کراوەیە".

بەشێک لە وڵاتان لەڕێگەی پەنابەرانەوە شەڕی یەکتر دەکەن و سنوورەکان بەڕووی چوونی کۆچبەران بۆ وڵاتانی دراوسێیان واڵا دەکەن، بگرە ئاسانکاریشیان بۆ دەکەن.

جۆزێف سڤانسۆن، کارمەندی دەزگای کۆچی سوید دەڵێت "ڕووسیا لەسەر ئاستی ئەورووپا و ئێرانیش لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەم شەڕە دەکەن. بۆ نموونە ئێران دەرگای بۆ پەنابەرانی ئەفغانی کردووەتەوە و ئاسانکارییان بۆ دەکات بەرەو تورکیا و لەوێشەوە بەرەو ئەورووپا کۆچ بکەن کە زۆربەیان دێنە سوید".

بەڕای سڤانسۆن "بەشێک لە وڵاتە ئیسلامی و دژە ڕۆژئاواییەکان ئاسانکاری بۆ گەیشتنی پەنابەران بە ئەورووپا دەکەن و پاشان کار لەسەر بەکارخستنیان بۆ ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگەی ئەورووپی دەکەن. ئەو پەنابەرانە دواتر چەکێکن بەدەست وڵاتە ئیسلامییەکانەوە بۆ داهاتووی ئەورووپا".

حکومەتی دانیمارک لای خۆیەوە ڕایگەیاند کە وەک سوید سنوورەکانیان توند دەکەن و کۆچبەران لە ماوەی 48 کاژێردا دەنێرنەوە.

ئەم ڕێکارەی سوید و دانیمارک هاوشێوەیە و بەڕای ئەحمەد سوڵتان "پێشێلکردنی هەردوو ڕێککەوتننامەی شینگن و پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام ڕێگەچارەیەکیشە بۆ چارەسەری قەیرانەکە".

### ترس لە تیرۆر

پۆلیسی ئیتاڵیا ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی وڵاتانی ئەورووپی و ئیتاڵیای بڵاوکردەوە کە بریتی بوو لە دەستگیرکردنی 16 کەس (کورد و کۆسۆڤۆیی) کە بەناوی کۆچبەر هاتبوونە ئەورووپا و بەنیازی کارێکی تیرۆریستی بوون، وەک تۆڵەسەندنەوە لە کەیسی سەرکردەکەیان (نەجمەدین فەرج ئەحمەد) ناسراو بە (مەلا کرێکار).

بەپێی ڕاگەیاندنی پۆلیسی ئیتاڵی "پرۆسەکە 5 شەممەی ڕابردوو کۆتایی هات و لەنێو گیراوەکاندا کوردی دانیشتووی بەریتانیا و نەرویج هەبوون".

جیۆڤانی گۆڤیرنالێ گوتەبێژی کردە تایبەتەکان لە پۆلیسی ئیتاڵیا ڕایگەیاند "شەش کەس لەوانە لە ئیتاڵیا و 4 لە بەریتانیا و 3 لە نەرویج دەستگیرکراون". دەشڵێت "بەپێی زانیارییە دزەپێکراوەکان لە ڕێگەی نێتەوە، ئەوانە بەنیازی کاری ڕفاندن و کوشتن و تەقینەوە بوون".

بەگوێرەی زانیارییەکان هەشت کوردی باشووری کوردستان لەنێو ئەوانەدا بوون کە پۆلیسی ئیتاڵی دەستگیری کردوون.

پۆلیسی فینلاند و نەرویج وا ڕادەگەیێنن کە بەشێک لەوانەی ناویان لە تۆماری ئەو کەسانەدایە دیار نەماون و بە مەبەستی چوونە ناو ڕیزەکانی داعش، وڵاتەکانیان جێهێشتووە.

ڕووداو زانیویەتی یەکێک لەوانە، پێشتر دانیشتووی شاری لاهتی بووە لە فینلاند و بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ مەلا کرێکار بە مانەوە لە ژێر چاودێری سزا دراوە، بەڵام دواتر هەڵاتووە.

گۆڤیرنالێ بە ڕۆژنامەنووسانی گوت "بەشێک لەوان پێشتر لە عێراق و سووریا مەشقیان پێکراوە".

تیمۆ سوینی، وەزیری پێشووی دەرەوەی فینلاند، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو "نزیکەی 100 کەس لە فینلاندەوە چوونەتە نێو ڕیزەکانی داعش کە کوردی هەرێمی کوردستانیشیان تێدایە".

ڕووداو زانیویەتی کە لە نێو دەستگیرکراوەکاندا کوردی نیشتەجێی فینلاند هەن.

پاش ئەم پەرەسەندنە، پرۆسەی چاودێریکردنی پەنابەران لەلایەن پۆلیسی هەواڵگریی سویدی زیادی کردووە و هاوکات سوێد، سنوورەکانی خۆی توندکردووە. پرسی چاودێریی توندی سنوورەکان، بیرۆکەی پارتی مۆدێراتی سوێدە کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەیە، پاشان پارتی سۆسیال دیموکراتی دەسەڵاتدار پشتگیریی کرد و پرۆسەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە. دیموکراتی مەسیحیش پێشنیازی "ناوچەی ترانزێت بۆ کۆچبەران" دەکات و جەخت لە گرنگی سنووردارکردنی کۆچ بۆ وڵاتەکە دەکات.

تارا، کە کوردێکی ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتە ڕەخنە لە حیزبەکەی دەگرێت و دەڵێت "لە دەیان پرسی گرنگدا دژی یەکن، بەڵام لە پرسی دژایەتیکردنی پەنابەراندا دەبنە هاوپەیمان".

کۆکبوونی دوو پارتی ڕکابەری وەک مۆدێراتی ئۆپۆزسیۆنی ڕاست و سۆسیال دیموکراتی فەرمانڕەوای چەپ، بووە مایەی ڕەخنەی چاودێران و چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و زۆربەیان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم هاوپەیمانێتییە نیشانەی نەمانی مافی مرۆڤە لە سوید.

میکائیل سۆنگۆ لە ڕێکخراوی پاراستنی مافی هاووڵاتیان گوتی "کۆکبوونی پارتی ڕاست و چەپ لەسەر پرسێکی وەک پەنابەران بەمانای دەرگا کردنەوەیە لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە سوید". گوتیشی "ئیدی شتێک نامێنێ بەناوی پێشەنگبوونی سوێد لەبواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا".

هەفتەی ڕابردوو پارتی سویدییە دیموکراتەکان بڵاوکراوەیان لەسەر سنوورەکانی یۆنان بڵاوکردەوە کە کۆچبەران ئاگادار دەکاتەوە لەوەی نەیەنە سوید.

سۆنگۆ دەڵێت "ئەوەی پارتی دژ بە بیانییەکان دەیکات، پارتی چەپی فەرمانڕەوا جێبەجێی دەکات".

بەڵام سەلام ئەحمەد کە لە پارتی مۆدێراتە، پشتگیری هەڵوێستی حیزبەکەی بەرامبەر کۆچبەران دەکات و دەڵێت: "هیچ وڵاتێک بەو شێوەیە ناتوانێت ئەو هەموو پەنابەرە وەربگرێت".



## کۆیە پیاوی هەموو وەرزەکانە

هیوا سەلاح- ڕووداو- هەولێر

ئەمڕۆ دووشەممە سێیەمین فێستیڤاڵی "پیاوی هەموو وەرزەکان" لە شاری کۆیە بەڕێوەدەچێ و چەندین چالاکی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێت.

شەهرام نامیق یەکێک لە سەرپەرشتیارانی فێستیڤاڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ساڵانە بۆ یادی هونەرمەندی شاری کۆیە، محێدین ڕەزا حەمەلان، فێستیڤاڵی هونەری سازدەکەین، ئەمساڵ سێیەمین فێستیڤاڵە کە خۆبەخشانە بەڕێوەی دەبەین بێ ئەوەی هیچ لایەنێک هاوکاریمان بکات".

گوتیشی "لەم فێستیڤاڵەدا پێشانگایەکی فۆتۆیی دەکرێتەوە، هاوکات پێشبڕکێ بۆ چەندین کلیپی گۆرانی دەکرێت، لەگەڵ نیشاندانی 6 فیلمی کوردی و ئێرانی و ئەورووپی، لە کۆتاییشدا خەڵات بەسەر باشترین کلیپ و فیلمدا دابەش دەکرێت و فێستیڤاڵەکەش دوو ڕۆژ دەخایەنێ".



هونەری
ڕووداو
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16

### میوزیکژەن جێگر سەباح:

# بە نیازم سیبەل جان بهێنمە کوردستان



دەڵێی خودا پەنجەکانی بۆ ژەنینی ئامێری ئۆرگ دروستکردووە، هێندە بە جوانی لەسەر کلیلی ئۆرگ سەما دەکەن، بەڵام خۆی قەناعەتی وایە بەدبەختترین میوزیکژەنی باشووری کوردستانە. ئەو بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت لە تورکیا جگە لە هونەرمەندانی تورکیا کە هەندێکیان زۆر بەناوبانگن، شۆفێری تاکسیش دەیناسن و گوێ لە ئاوازەکانی دەگرن، بەڵام لە باشووری کوردستان تەنانەت هەندێک لە هونەرمەندانیش نایناسن و لایکێکیشی پێ ڕەوا نابینن. جێگر سەباح، میوزیکژەنێکی کوردە و ساڵانێکی زۆر لە دەرەوەی وڵات ژیاوە، بەڵام لەگەڵ ژیانی تاراوگە هەڵینەکردووە و گەڕاوەتەوە کوردستان. ئەو دەڵێت "کوردستانم هێندەی ڕۆحی خۆم خۆشدەوێ، بۆیە گەڕامەوە".

هەڤپەیڤین: کارزان حەیدەر
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: کە گەڕایتەوە کوردستان ستۆدیۆیەکی میوزیک و دەنگت کردەوە، کێ پشتیوانی کردیت بۆ کردنەوەی.**

**جێگر سەباح:** کەس هاوکاری و پشتیوانی نەکردووم، بە هاوکاریی هونەرمەند و ئەندازیاری دەنگ تارق خانەقینی ئەو ستۆدیۆیە دوو ساڵە بەڕێوە دەبەین.

**ڕووداو: بۆ هاوکارییان نەکردی؟**

**جێگر سەباح:** ئەوە پەیوەندی بە پشتەوە هەیە.

**ڕووداو: هیچ پرۆژەیەکت هەیە تا بڵێی هاوکاری ناکرێی؟**

**جێگر سەباح:** بەڵێ پرۆژەم هەن، بەڵام نە حکومەت و نە کۆمپانیاکان کارم بۆ ناکەن.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندە تورکەکان زۆر باشە، ئەو پەیوەندییە چۆن دروست بوو؟**

**جێگر سەباح:** پێشتر لە عەنکاوە لە ڕێستورانتێک کارم دەکرد، ماوەیەک کاری ئەو ڕێستورانتە کز بوو. لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیم لەگەڵ کەسێک دروست کرد لە تورکیا کە خاوەنی ڕێستورانت بوو، لەوێ دەستم بەکار کرد، لە تورکیا کۆمەڵێ هونەرمەندی گەورەم ناسی، هەندێک لەو هونەرمەندانەشم هێنایە هەولێر، لەوانە هونەرمەند جان سەڤەر.

**ڕووداو: بە نیازی هونەرمەندێکی زۆر ناوداری تورکیا بهێنیتە کوردستان؟**

**جێگر سەباح:** بەڵێ بەنیازم سیبەل جان بهێنمە کوردستان، بەڵام هێنانی ئەو هونەرمەندە

### میوزیکی کوردی دەبەمە نێو کۆشکی سپی

### لە تورکیا شوفێری تاکسیش دەمناسێ، بەڵام لە کوردستان نامناسن

پێویستی بە ڕێکخستنێکی باش هەیە، هەر لە پێشوازیکردنی لە فرۆکەخانە تا مەسەلەی پاسەوانی و ئاسایشی تایبەتی و پاراستنی مافەکانیشی، بەڵام هەست ناکەم کەسێک هەبێت پشتیوانی لەو پرۆژەیە بکات لەنێو حکومەتی هەرێمی کوردستان. هونەرمەند هەبووە مافی خوراوە و چاوترسێن بووە بێتە کوردستان کاری هونەری بکات، چونکە حکومەت مافەکەی بۆ وەرناگرێتەوە و پشتیوانی ناکات. حکومەت ئاگای لە هونەر نییە، ئەگینا هونەرمەندێکی وەک بولانت ئارسۆیم دەهێنایە کوردستان و دەیان هونەرمەندی دیکەی ناودارم دەهێنا لێرە بە کوردی گۆرانی بڵێن.

**ڕووداو: کەسێک نییە لە حکومەت پشتیوانی ئەو پرۆژانەت بکات؟**

**جێگر سەباح:** هەیە، بەڵام دەیانەوێ سوودمەندی ماددی بن لەو پرۆژانە، چونکە لە کۆنسێرتی ئەو هونەرمەندانە تکت دەفرۆشرێت و خەڵکێکی زۆریش ئامادە دەبێت.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی کورد چۆنە؟**

**جێگر سەباح:** لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندان زۆر باشە، بەڵام ئەو خەڵکەی لە دەرەوەی کوردستان دەمناسن زۆر زیاترن لەوەی لە کوردستان دەمناسن، بەتایبەت خەڵکی هونەرمەند و هونەردۆست لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پەیوەندیم پێوە دەکەن و دەستخۆشیم لێدەکەن، کەچی هونەرمەندانی خۆمان لە فەیسبووکیش لایکێکم بۆ ناکەن.

**ڕووداو: ئاستی هونەری گۆرانی و میوزیک لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

**جێگر سەباح:** زۆر نزمە، چونکە ئیرەیی بە یەکتر بردن هەیە.

**ڕووداو: حاڵی هونەرمەندانی کوردستان چۆنە؟**

**جێگر سەباح:** هەر بارودۆخێکی خراپ بێتە پێشەوە، بەر لە هەموو کەسێک کاریگەری لەسەر هونەرمەند دەبێت. هونەرمەندی کورد زۆر دەستکورت و هەژارە، هونەرمەندی زۆر باش هەیە شوفێری تاکسیە، چایچییە. لە تورکیا گۆرانی هونەرمەندێکی شوفێری تاکسیم بۆ هونەرمەندێکی تورک لێداوە، هێندە پێی سەرسام بوو، بڕیاری دا گۆرانیەکە بڵێتەوە، کەچی لە وڵاتی خۆمان بەو حاڵە دەژی.

**ڕووداو: دەڵێن بەنیازی میوزیکی کوردی ببەیتە کۆشکی سپی؟**

**جێگر سەباح:** بەڵێ، سەری ساڵ لە چەند ویلایەتێکی ئەمریکا لەوانەش تەکساس، میامی و واشنتن، هەروەها لە کۆشکی سپی، چەند کۆنسێرتێک لەگەڵ هونەرمەندان ناسر ڕەزازی، سەمیر عەبدوڵڵا و کەریم گوڵانی ساز دەکەین. خاوەنکارێکی کورد کە ساڵانێکە لە ئەمریکا دەژی، ئەو کۆنسێرتانەی ڕێکخستووە، داهاتەکەشی بۆ منداڵانی شەهیدی شەڕی داعش دەبێت، بۆیە داواکارم لە ڕەوەندی کوردی لە ئەمریکا زۆرترین بەشدارییان لەو کۆنسێرتانەدا هەبێت، بۆ ئەوەی زۆرترین داهات بۆ کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش کۆببێتەوە.

### هونەرمەندانی تورک گۆرانی شوفێرانی کورد دەڵێنەوە



# شێوەکارێکی کورد پەیکەر و تابلۆ تێکەڵی یەکدی دەکات



ڕامان حوسێن خەڵکی کەرکووکە، سەرەتا بەشێوازێکی هەڕەمەکی وێنەی کێشاوە و هەست و خولیای خۆی لە ڕێگەی وێنەوە دەربڕیوە، بەڵام دوای ئەوەی لەساڵی 1991 لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا وەردەگیرێت، ئیدی لەوێ بەشێوەیەکی ئەکادیمی کار لە بواری هونەری شێوەکاریدا دەکات. لە قۆناغی یەکەمی کۆلیژدا بە وێنەکێشان دەستی پێکرد، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، دواتر هەستی کردووە ئیدی وێنەکێشان تێری ناکات، بۆیە پەنای بردووەتە بۆ پەیکەرسازی، دواتر دەچێتە ئەوروپا و لە فینلاند دەگیرسێتەوە، ئێستا لە هونەرێکی نوێدا کار دەکات، ماوەیەک پێش ئێستا پیشانگایەکی لە ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی کردەوە کە بووە مایەی سەرسامیی ئامادەبووان، چونکە بەهۆی ڤیدیۆوە تابلۆکانی تێکەڵکێشی پەیکەرسازی دەکات و ماناو دەلالەتی دیکە بە تابلۆ دەدات.

نزیکەی 40 کتێبی چیرۆکی منداڵان لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە، وێنە چیرۆکەکان زۆرتر لە نێو یادەوەریی منداڵان جێگیر دەکات، ڕامان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی داهێنانەکانی دەکات.

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر





**ڕووداو: نزیکەی 12 ساڵە لە ئەورووپایت، ئەورووپییەکان چۆن پێشوازی لە کارەکانت دەکەن؟**

**ڕامان حوسێن:** ئەوەی ئێمە لە ئەورووپییەکان جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەوان ئامادەن بۆ هەموو نوێگەرییەک. بە پێچەوانەی ئێمەوە، ئەورووپییەکان زۆر بە گەرمی لە کارەکانی من دەڕوانن، ئەوان پێیانوایە ئەمە بەشێکە لە دەوڵەمەندیی هونەرمەند، زۆر بە گەورەیی لە کارەکانم دەڕوانن، بەردەوام ئەوانەی سەردانی پێشانگەکانم دەکەن، بەشێکی هەرە زۆری ئەورووپییەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا چێژ لە کارەکانم وەردەگرن.

**ڕووداو: ئەو هونەرە تازەیە چییە کە تۆ هێناتەوە بۆ کوردستان؟**

**ڕامان حوسێن:** ئەوە هونەرێکی نوێیە لە ئەوروپا و کوردستان بەتایبەتی کە بە ڕێگەی ڤیدیۆ پەیکەر و تابلۆکان ئاوێزانی یەکدی دەکرێت، وێنای کارێکی ناوازە دەخەیتە پێش چاوی ئامادەبووان، هەر هێمایەک مانایەکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوەندەی من سەرنجم داوەتێ ئەم هونەرە لە کوردستان نوێیە. هەرچەندە لە سلێمانی چەند کارێکی وا کراوە کە کۆمەڵێک گەنج هەیە ئێستا دەستیان داوەتە ئەم کارە، ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە. من پێشانگایەکم لە سلێمانی کردەوە، پێشوازی لێکرا. من پێموایە ئەگەر کارەکان بە ڕاستگۆیی و بیرۆکەیەکی لە پاڵ خۆیدا هەڵگرتبێت زووتر بە بینەر دەگات و پێشوازی لێدەکرێت.

**ڕووداو: ئەو کارانەی تۆ بەم ڕێگەیە نمایشت کردوون گوزارشت لە چی دەکات؟**

**ڕامان حوسێن:** من باسی بارودۆخی ئێستای کوردستان و جیهان دەکەم، پێموایە دونیا بووەتە مەنجەنیقێک و مرۆڤەکانی تێدا دەبرژێت و دەکوڵێت، بەناوی ئایینەوە بەناوی یەک هزری و تاک سیاسەتەوە. لە یەکێک لە کارەکانم من موعاناتی خۆم نیشانداوە کە لە نێو ئەو مێگەلەدا نیوەی ژیانم بەسەر بردووە، پەیکەری چەپڵەش کە دروستم کردووە، بەمانای ئەو چەپڵە و بێدەنگییەی من بوو گەورەترین دیکتاتۆری دروست کرد، کەواتە ئێمەش بەشداربووین لە دروستکردنی دیکتاتۆردا، بەڵام لە نیوەکەی دیکەی تەمەنمدا چیدی ڕازی نەبووم، بەڵکو یاخی بووم و بەو بارودۆخە ڕازی نەبووم، من نەمتوانی بیگۆڕم، بۆیە هەڵاتم، ئەگەر سەیری بکەی ئەو میللەتانەی بێدەنگیان هەڵبژاردووە هەموویان دیکتاتۆریان دروست کردووە، ئینجا من لە کارەکانی خۆمدا ئەوانەم نیشانداوە.

**ڕووداو: لە یەکێک لە کارەکانتدا زۆر کتێبت کردووەتە سیمبوڵ، بەڵام لە شوێنێکی دیکە کتێبت بە ڕەشی نیشانداوە، ئەوە مانای چییە؟**

**ڕامان حوسێن:** کتێب دەکرێت ببێت بە چرایەک و ڕێگەت نیشان بدات و ئایندەت بۆ ڕووناک بکاتەوە، بەڵام هەر کتێبیشە دەبێتە کابووس و بینا قاقات دەگرێت و دەبێتە هەورێکی ڕەش و بەسەرتدا دەبارێت و دەتخنکێنێ. لەم سەردەمەدا ئەوەندەی ڕق و کینە لەنێو کتێبەکاندا هەیە، باس لە ژیاندۆستی ناکەن، بۆیە من پێموایە هونەر بەگشتی دەبێت لەسەر هەموو دیاردەکانی نێو کۆمەڵگە قسەی هەبێت و نابێت بێدەنگ بێت.

**ڕووداو: تۆ چەند ساڵێکە لە ئەوروپا لەم بوارەدا کار دەکەی، ئامادەی بگەڕێیتەوە کوردستان و ئەم هونەرەش فێری نەوەی نوێی کوردستان بکەی؟**

**ڕامان حوسێن:** ئەگەر کوردستان ئامادە بێت پێشوازی لە من بکات، من هەموو کات ئامادەم بگەڕێمەوە کوردستان و ئەو هونەرەی فێری بووم، ڕۆڵەی نەتەوەکەشم فێر بکەم، بەڵام بەڕاستی ئێمە لە ئەوروپا تامی ژیانمان کردووە، چیدی ڕازی نابین بە سێبەری ژیان. هاتنەوەی من ئاسانە، بەڵام ئایا لێرە داواکارییەکانی ژیانم فەراهەم دەکرێت! چونکە باوەڕ بکە لەو وڵاتەی خۆم خاوەنی هیچ نیم، هیچ شتێکم نییە لەسەری بژیم، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندنیش نییە، برادەرم هەیە دوو ماستەری لە میوزیک هەیە لە کوردستان داینامەزرێنن و دەڵێن تۆ پشتت نییە.

ڕۆژان عەبدولڕەحمان، بێژەری وەرزشیی تەلەڤزیۆنی ڕووداو:

# حەزم لە شوێنەکەی فەلاح مستەفایە



پێشتر یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان بووە، بەڵام ئێستا زۆر بەکەمی وەرزش دەکات. ڕۆژان عەبدولڕەحمان، بێژەری وەرزشی لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو، خوشکی سەنگەر عەبدولڕەحمانی پەیامنێری ڕووداوە. سەرەتا بڕیار بووە ببێتە بێژەری سیاسی، بەڵام دواتر بەهۆی پێویستیی دیسکی وەرزشی بە بێژەر، وەک بێژەری وەرزشی هاتووەتە سەر شاشە.

ڕۆژان لە ساڵی 1989 لە هەڵەبجە لەدایک بووە. دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانییە. لە تەلەفزیۆنی ئازادی لە شاری سلێمانی، بێژەری هەواڵی سیاسی بووە، لە سەرەتای دەستپێکردنی تۆڕی میدیایی ڕووداو گرێبەستی واژۆ کردووەو بێژەری وەرزشییە. لەم هەڤپەیڤینەدا زیاتر لە بارەی ڕۆژان عەبدولڕەحمان دەزانن.

دەرباز یونس
ڕووداو- هەولێر

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕووداو: سەرەتا کە هاتیتە ڕووداو بێژەری هەواڵی سیاسی بوویت، پێت ناخۆش نەبوو کە وەک بێژەری وەرزشی چوویتە سەر شاشە؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** سەرەتا پێم ناخۆش بوو، بەڵام ئێستا لە دیسکی وەرزشی زۆر مورتاحم، ئەو کاتە دیسکی وەرزشی پێویستی بە بێژەری کچ هەبوو، بەڕێوەبەرایەتی ڕووداویش بە منی گوت، تۆ لە هەموو کچەکانی دیکە بچووکتری، وەک بێژەری وەرزشی کار بکە، منیش نەمتوانی قسەیان بشکێنم.

**ڕووداو: سەنگەر عەبدولڕەحمانی پەیامنێری ڕووداو برای تۆیە، خەڵکێکی کەم ئەم شتە دەزانن، ئەو برایەکی چۆنە بۆ تۆ؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** سەنگەر پشت و پەنامە، برایەکی زۆر باش و نموونەییە، هەمیشە ڕاز و نیازی خۆمان بۆ یەکدی باس دەکەین، یەکجاریش لەسەر ڕووداو بەشەڕهاتین، ئەو کاتە من لە سلێمانی بووم، ڕووداو داوای کرد بێمە هەولێر بژیم، سەنگەر دەیگوت ناتوانی لە هەولێر بژی، بەڵام دواتر ڕازی بوو.

**ڕووداو: دەڵێن مکیاژ زۆر دەکەی؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** سروشتی کارەکەم وایە و بۆ تەلەفزیۆنە، خۆشم حەزم لە مکیاژە.

**ڕووداو: مووچەکەت چۆن خەرج دەکەی؟ دەڵێن زۆربەی بۆ بۆن و مکیاژە؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** نا مکیاژەکەم لە ڕووداو بۆم دەکرێت، واتە زۆر پارەی بۆ تەرخان ناکەم، بەڵام مووچەکەم نیوەی بۆ کڕینی جلوبەرگ و عەترە.

## نیوەی مووچەکەم بۆ جلوبەرگ و عەترە

**ڕووداو: وێنە زۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێیت و شیعریشی لەسەر دەنووسی، ئەو شیعرانە بۆ کەسێک دەنووسی؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** هیچ کەسێک لە ژیانمدا نییە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش زیاتر حەزم لە ئینستاگرامە، هیوایەتم ئەوەیە سێلفی بگرم و لە ئینستاگرام دایبنێم؟

## هیوایەتیم سێلفی گرتنە بۆ ئینستاگرام

**ڕووداو: ئێستا کەسێکی عەجولی، بە منداڵیش هەر وابووی؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** بەڵێ بە منداڵیش زۆر عەجول بووم، ئەها ناوچەوانم دیارە کە شکاوە، ئەوە بە منداڵی لەسەر دیوارێک خۆم هەڵدایە خوارەوە. سەر زەوییەکە بلۆکێکی لێبوو، سەرم بەر بلۆکەکە کەوت و شکا.

## لەسەر ڕووداو لەگەڵ سەنگەری برام بەشەڕهاتم

**ڕووداو: یەکێک لە هاوڕێکانت گوتی ڕۆژان عاشقترین ڕۆژانی دونیایە، خەون بە کراسە سپییەکەی بووکێنی دەبینی، مەرجت چییە بۆ شووکردن؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** جگە لە خۆشەویستی هیچ مەرجێکم نییە، هەرگیز نەمگوتووە دەبێت هاوژینی داهاتووم شانی وا بێت و باڵی وابێت، (بەپێکەنینەوە) ئێستا خەون بەو کراسەشەوە نابینم.

## ئێستا خەون بە کراسە سپییەکەوە نابینم

## هیچ مەرجێکم بۆ شووکردن نییە

**ڕووداو: لە خواردن دروستکردن کابانی؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** ناوەڵا، هیچ کابان نیم و هیچ خواردنێک نازانم، باوەڕ بکە هێلکەو ڕۆنیش دروستبکەم سەقەت دەبێت و خۆم پێم ناخورێ، بەڵام لە ماڵ پاککردنەوە زۆر باشم.

**ڕووداو: خەونی داهاتووت چییە؟ حەز دەکەی ببی بە چی؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** بەڕاستی خەونم ئەوەیە ببمە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جێگەی ئێستای فەلاح مستەفا بگرمەوە، کاریشی بۆ دەکەم.

**ڕووداو: لەو ماوەیە سەفەری دەرەوەی وڵاتت کرد، گوتیان مۆبایلیان لێ دزیبووی؟ ئەوە چۆن بوو؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** بەڵێ، لە وێستگەی شەمەندەفەربووین لە پاریس، پیاوێک هات گوایە هاوکاریمان دەکات و شوێنمان پێشاندەدات، مۆبایلەکە لە نێو چاکەتم بوو، دوایی کە گەڕامەوە هۆتێل مۆبایلەکەم نەمابوو.

**ڕووداو: دەڵێن زۆر ناز لەسەر کارمەندانی دیسکی وەرزشی دەکەی؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** ئاخر تاقە کچم لە نێویاندا، ناویشم لە خۆم ناوە خانمی یەکەمی وەرزش، برادەرانی دیسکی وەرزشی زۆر خۆشەویستن لام، ئێمە وەکو خێزانێکمان لێ هاتووە، باوەڕ بکە کە لە گەشت بووم چەند ڕۆژێک زۆر بیرم دەکردن.

## ناوم لە خۆم ناوە خانمی یەکەمی وەرزش

**ڕووداو: ئێستا جگە لە کارکردن بە چی دیکەوە سەرقاڵی؟**

**ڕۆژان عەبدولڕەحمان:** وەکو گوتم حەز دەکەم ببمە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەش پێویستی بە زمان زانینە، ئێستا هەوڵ دەدەم پەرە بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی بدەم.

---

# کامێراکەی ڕووداو لە شنگال دوای ساڵێک و سێ مانگ دۆزرایەوە



ڕووداو لە بەرەکانی جەنگیش یەکەمی بێ ڕەکابەرە

ڕووداو- شنگال

فارس مشکۆ، وێنەگری تۆڕی میدیایی ڕووداو، دوای 15 مانگ کامێراکەی لە شنگال لەژێر خاک دەرهێنا و دەڵێت بۆ ئەوەی داعش سووکایەتی بە مایکی ڕووداو نەکات، مایکەکەم سووتاند و کامێراکەم شاردەوە.

ڕۆژی 3ی ئابی 2014 چەکدارانی داعش لەناکاو هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال، فارس مشکۆ ئەو ڕۆژە لەترسی چەکدارانی ئەو گرووپە کامێراکەی لە گوندێک خستە ژێر خاکەوە، بەڵام پاش ماندووبوونێکی زۆر و زیاتر لە 14 کاژێر بەپێ ڕۆیشتن، دوای ڕزگارکردنی شنگال و پاش ساڵێک و سێ مانگ، کامێراکە و کەلوپەلەکانی لە بن زەوی دەرهێنانەوە.

### هێرشەکەی داعش؟

مشکۆ، چیرۆکی هەڵاتنیان و بیستنی هەواڵی هێرشی داعش دەگێڕێتەوە و دەڵێت "کاژێر 02:00ی بەرەبەیانی 2014/8/3 کە زانیم داعش هێرشی بۆ شنگال هێناوە، پەیوەندیم بە بەرەکات عیسا، پەیامنێری ڕووداو کرد بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێک ئامادە بکەین. بەرەکات بەهۆی سەرقاڵبوونی بەکاری دیکەی ڕۆژنامەڤانییەوە نەیتوانی بگاتە لای من، منیش لەسەربانەوە وێنەی شنگالم دەگرت کە ئاگر لە هەندێ شوێن هەڵدەستا و پێکدادان بوو لەنێوان چەکدارانی داعش و پێشمەرگە".

کاژێر 07:00ی بەیانی سێی ئاب، خەڵکی شنگال دەستیان بە چۆڵکردنی شارۆچکەکەیان کرد بەرەو چیای شنگال. مشکۆ دەڵێت "هەندێ دیمەنی دڵتەزێنم بینین کە دایکان و باوکان نەیاندەتوانی منداڵە بچووکەکانیان ڕزگار بکەن".

### چەکدارەکان چییان گوت؟

سەرەتا فارس مشکۆ بێئومێد نەبووە و کامێرا و کەلوپەلە ڕۆژنامەڤانییەکانی جێنەهێشتوون و ماوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆی بردوون "نزیکەی 14 کیلۆمەتر کامێرا و کۆمپیوتەرەکەم لەگەڵ خۆم بردن. دواتر نەمانتوانی بمێنینەوە و بەرەو چیای شنگال سەرکەوتین، لەو کاتەدا چەند ئۆتۆمبێلێکی چەکدارانی داعش گەیشتنە لای ئێمە، گوتیان: بگەڕێنەوە و هیچ کارێکمان بەئێوە نییە، ئێمە ئامانجمان ڕووخاندنی حکومەتی مالیکییە".



### بۆچی لۆگۆی ڕووداوی سووتاند؟

فارس دەڵێت "من و خێزانەکەم بەیەکەوە بووین، پرسیاریان کرد کە ئایا چەکمان پێیە؟ گوتمان نەخێر. دواتر ئێمەیان بردە نێو خانوویەک لە گوندی وەردی کە نزیکەی 300 کەسی تێدابوو، پارچە ئاسنێکم لەوێ دۆزییەوە، من بۆ پاراستنی گیانی خۆم و لەبەر ڕووداویش، لۆگۆی ڕووداوم سووتاند و کامێراکەم لەژێر خاک نا، کاتێک کامێراکەم خستە ژێرخاک، هەستم کرد نابینا بووم، ئیدی چاوێکم نەما دیمەنەکانی شنگالی پێ ببینم".

فارس مشکۆ، جگە لە لاپتۆپەکەی، کامێرایەکی گەورە، هاردێک و هاند کامێکی پێبووە، بۆ ئەوەی زۆرترین دیمەن ریکۆرد بکات، هاند کامەکەی بۆ زوومکردنی دیمەنە دوورەکان بەکارهێناوە.


لەبەردەوامیی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا فارس دەڵێت "ئەوکاتە تەنیا بیرمان لە ڕزگارکردنی گیانی خۆمان دەکردەوە، بۆیە لە شاردنەوەی کامێراکانیش ئەوەندە بەپەلە کارەکەم کرد نەمتوانی کارێک بکەم کامێرا و ئامێرەکانم تەڕ نەبن. ئامانجی من تەنیا ئەوە بوو کەلوپەلەکانم نەکەونە دەست داعش و ئەو ڕێکخراوە دیمەنەکان بەکارنەهێنن و نەڵێن کامێرای ڕووداومان دەستکەوتووە، من نەمهێشت وەکو هەندێک دەزگای دیکە کامێراکەم ڕادەست بکەم".

دوای 15 مانگ و 10 ڕۆژ، فارس مشکۆ کامێرا و کەلوپەلەکانی لەژێر خاک دەرهێنان، تاوەکو ئێستاش نازانێت میمۆرییەکانیان و هاردەکەی کاردەکەن یان نا.

وێنەگرەکەی ڕووداو وەک خۆی باسی دەکات، هەرگیز ئەو ڕۆژانەی بیرناچن و دەڵێت "ئەو کاتەی ئێمەیان لە گوندی وەردی هێشتبووەوە، فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بە بەرمیلە TNT داعشیان بۆردومان دەکرد، داعشیش بەرەو سەنتەری شنگال ڕۆیشتن و ئێمەش فرسەتمان وەرگرت و بەرەو چیای شنگال هەڵاتین، من بەپێ ئەو هەموو ڕێگایەم بڕی هەتا گەیشتمە سەر چیاکە. کاتێک گەیشتینە سەر چیا بەداخەوە بینیم چەند کەسێک بێسەروشوێنن و تائێستاش چارەنووسیان نادیارە".


QATAR
چێژ وەرگرە لە گەشتە نایابەکان
بۆ وێستگە سەرنج ڕاکێشەکان
نێستا چێژ وەرگرە لە گەشتی گونجاو لە عێراقەوە، لە ڕێی چوار گەشتی هەفتانە
لە هەولێر و سلێمانی یەوە بۆ زیاد لە 150 وێستگە، لە ڕێی دۆحەوە.
شوێن بگرن لە نێوان 21 ی نۆکتۆبەر بۆ 31 ی دیسەمبەر، وە گەشت بکە لە نێوان 1 ی دیسەمبەری 2015 بۆ 31ی جانیوەری 2016.
گەشتەکانی گەڕانەوە دەستپێدەکات لە :
دێلهی — کلاسی ئابووری USD 605 — کلاسی بازرگانی USD 1229
کوالا لامپور — کلاسی ئابووری USD 743 — کلاسی بازرگانی USD 2107
بانکۆک — کلاسی ئابووری USD 760 — کلاسی بازرگانی USD 2422
شەنگەهای — کلاسی ئابووری USD 855 — کلاسی بازرگانی USD 2012
گوانگ ژۆ — کلاسی ئابووری USD 855 — کلاسی بازرگانی USD 2012
هانگ ژۆ — کلاسی ئابووری USD 855 — کلاسی بازرگانی USD 2012
سەردانی qatarairways.com/iq بکەن
پەیوەندی بە نۆفیسی فرۆشتنی هێڵی ئاسمانی قەتەری یەوە بکەن
پەیوەندی بکەن لە هەولێرەوە +964 770 670 1001
سلێمانی +964 770 495 0001
oneworld
QATAR AIRWAYS القطرية
هێڵی پێنج ئەستێرەی جیهانی
هەموو گەشتەکان ئەگەری گۆڕانکاری یان دانانی باجی گونجاویان هەیە. مەرج و باروودۆخی تریش جێبەجێ دەبێت.


CIHAN CITY
www.cihancity.com
جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


divan
Erbil's One & Only
erbil
We Put a smile Back On Your Face
LVX
Preferred HOTELS & RESORTS
BOOK NOW 066 210 5000
Gulan Street, Erbil,
Kurdistan Region of Iraq
P: +964 66 210 5000
F: +964 66 210 5001
E: info.divanerbil@divan.com
www.divan.com
/DivanErbil /DivanHotelErbil


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
أرز ١١٢١ سيلە هند
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk powder
حليب

ڕووداو
ژنان
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16

## تەرمی ژنێکی سووتێندراو دەدۆزرێتەوە



**ڕووداو- سلێمانی**

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2015/11/14 لەلایەن هاوڵاتییەکەوە لە گوندی زرگوێزی سەر بەناحیەی عەربەتی نزیک شاری سلێمانی تەرمی ئافرەتێک بە سوتێنراوی دۆزراوەتەوە، ناوبراو گوتی "پاش گەیشتنی تیمەکانی بەڵگە و تاوان بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوتووە ئافرەتێک سوتاوە و لە نێوان هەردوو گوندی ئەلی و حەمەی بارام فڕێدراوە. تەرمەکە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی دادی پزیشکی، بەڵام تائێستا خاوەنی نییە". بە گوتەی سەرکەوت ئەحمەد لەبەر ئەوەی تەرمەکە سووتێنراوە و هیچ ناسنامەیەکیشی پێنەبووە، نازانرێت لە چ نەتەوەیەکە.

# بە لەچکەکەی خۆی، خۆی دەخنکێنێ

## کەسوکاری نارین: پێشتر لەگەڵ هاوژینەکەی کێشەیان هەبوو

## خەزووری نارین: کوڕەکەم زۆری خۆشدەویست و هیچ کێشەیان نەبوو



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەلار**

لە نێو ژوورێکی ماڵی خۆیاندا دوو دەسماڵی خۆی لێک گرێ دەدات و خۆی پێ دەخنکێنێ. کەسوکاری دەڵێن مێردەکەی هاندەر بووە بۆ خۆکوشتنی، بۆیە سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە، بەڵام ماڵی خەزووری ڕەتیدەکەنەوە هیچ کێشەیەک لەنێوان ئەو ژن و پیاوە هەبووبێت.

شەوی 2015/11/9 ژنێکی تەمەن 24 ساڵ کە دایکی منداڵێکە، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بە دوو دەسماڵی خۆی، خۆی خنکاند. ئەو ژنە سێ ساڵە شووی بە (س) کردووە و لە نهۆمی دووەمی ماڵی خەزووریدا دەژیا.

ئەحمەد مەحموود، خەزووری نارین، خەمی لەدەستدانی بووکەکەی لە ڕوخساریدا بەدی دەکرا. ئەحمەد کە چەند خولەکێک پێش ڕووداوەکە قسەی لەگەڵ نارین کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "دەوروبەری کاژێر 8ی شەو بوو، (س)ی کوڕم کە مێردی نارینە لە دەرەوە بوو، بووکەکەشم لە خوارەوە بوو کوڕەکەی هەر دەگریا، منیش گوتم بۆچی دەگری؟ نارینیش گوتی باوکی لە پاشنیوەڕۆوە ڕۆیشتووەتە دەرەوە و کوڕەکەش بۆ شیر دەگری".

بەپێی قسەکانی ئەحمەد، نارین دوای ئەوەی شیری بۆ کوڕەکەی کردووە و پێیداوە، چووەتە ژوورەکەی خۆی. ئەحمەد بە ژنەکەی گوتووە، منداڵەکەی بۆ ببە سەرەوە بەڵکو بیخەوێنێ، بەڵام ژنەکەی بە هاوار و لەخۆدانەوە دێتە خوارەوە و دەڵێت نارین خۆی خنکاندووە.

(س) لە ساڵی ڕابردوودا بە ئۆتۆمبێلەکەی لە کەسێکی داوە و بەو هۆیەشەوە بە دوو ساڵ بەندکردن سزا دراوە، ساڵێک لە زیندان بووە و بۆ ساڵەکەی دیکەش سزای دارایی داوە، چەند ڕۆژێک پێش جەژنی قوربانی ئەمساڵ ئازاد کراوە.

باوکی (س) دانی بەوەدانا کە پێش بەندکردنی کوڕەکەی، هەندێجار (س) و نارین کێشەیان هەبووە و گوتی "پێش دەستگیرکردنەکەی هەندێجار وەکو زۆربەی ژن و مێردەکان دەمەقاڵێیان دەبوو، بەڵام دوای ئازادکردنی کە 45 ڕۆژە، وەکو ئەوە بوو لە ئاسمانەوە ئەو ژنە بۆ (س) کەوتبێتە خوارەوە ئەوەندەی خۆشدەویست".

باوکی (س) خاڵۆزای نارینیشە، بۆیە خەمباریی خۆی بۆ ئەو ڕووداوە دەربڕی و گوتی "جگە لەو دەمەقاڵێیانە هیچ کێشەیەکی دیکەیان نەبووە، نارین کێشەی لەگەڵ ئێمەش نەبوو، زۆر جاریش پێمدەگوت ئەگەر حەز دەکەن با ماڵتان بۆ جیابکەمەوە، بەڵام نارین دەیگوت جارێ حەز ناکەم".

ئەحمەد سەری لەو ڕووداوە سوڕماوە و دەڵێت "نارین قەت دڵی ئێمەی نەشکاندووە، ئێمەش بەهەمان شێوە، پێمان سەیرە خۆی خنکاند".

### مێردەکەی: کێشەمان نەبوو

لە سەرەتای ڕووداوەکەدا لەلایەن پۆلیسی گەرمیانەوە هاوژینی نارین دەستگیرکراوە، ڕائید عەلی جەمال قەدوری گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مێردەکەی لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا گوتی نازانم نارین بۆچی خۆی خنکاندووە، چونکە هیچ کێشەیەکمان نەبوو".

بەڵام لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان دەڵێت ئەوان کێشەیان هەبووە.

لەمیعە گوتی "ئەو ژنە بە دوو لەچکی خۆی، خۆی خنکاندووە. لەسەر سکاڵای براکەشی، هاوژینەکەی بەپێی ماددەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە هاندان بۆ خۆکوشتن، بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە، بەڵام بەپێی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان ئەگەری گۆڕینی ماددەکە هەیە". لەمیعە گوتیشی "بە گوتەی کەسوکاری ژنەکە، پێشتر نارین هەندێک کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبووە، واتە ئاگادارن کە کێشەیان هەبووە".

### برای نارین: چاوەڕێی یاساین

ماڵی باوکی نارین لە قەزای دەربەندیخان نیشتەجێن و (ڕووداو) سەردانی کردن، محەممەد مەحموود، برای نارین تەنیا ئەوەندەی گوت "ڕاستە سکاڵامان لە دژی مێردی خوشکەکەمان تۆمار کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە لە قۆناغی سەرەتادایە، چاوەڕێین یاسا دۆسیەکە یەکلایی بکاتەوە".

چەند مانگێکە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانیان بۆ چارەسەری کێشەکانی ژنان کردووەتەوە. لەمیعە محەممەد گوتی "بەداخەوە پێشتر ئەم ژنە پەنای نەبردووەتە بەر ئەو شوێنانە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکەی بۆ بدۆزرێتەوە، لە جیاتی ئەوە پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە".

ڕووداوی خۆخنکاندنی نارین لە کاتێکدایە کە مانگی ڕابردووش کچێکی دیکە لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە ئیدارەی گەرمیان لە ماڵی خۆیاندا بەهۆی دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوەکانی پۆلی چواری بنەڕەتی خۆی خنکاند.

ئەو بەرپرسەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان ڕێنمایی ژنانی کرد کە بۆ بچووکترین کێشەش وا باشە پەیوەندی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بکەن.

# 29 ملیۆن دیناری دایە جادووگەرێک و خۆی سووتاند

## شنۆ: ئەو ژنە جادووگەرە و هەڵیخەڵەتاندم

## ژنەکە: جادووگەر نیم و هاوکاریم کردووە




**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەلار**

شنۆ پێش ئەوەی بمرێ، ژنێک تۆمەتبار دەکات بەوەی بەناوی جادووکردنەوە پارەیەکی زۆری لێ وەرگرتووە و هەڵیخەڵەتاندووە، بەڵام ژنەکە ئەو تۆمەتە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت "ڕاستە پارەم وەرگرتووە، بەڵام ئەو پارەیەم بۆ کەسێک ناردووە لە کەربەلایە".

شنۆ لەتیف محەممەد، 36 ساڵ، ئێوارەی ڕۆژی 2015/11/3 لەماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی سیروانی قەزای کەلار خۆی سووتاند، کەسوکارەکەی چاوەڕێی باشتربوونی باری تەندروستییان دەکرد، بەڵام سەرلەبەیانی ڕۆژی 2015/11/9 لە ماڵەوە گیانی سپارد.

ماڵی باوکی شنۆ سکاڵایان لە دژی ئەو ژنە تۆمار کردووە کە پارەی لە شنۆ سەندووە، هەروەها سکاڵایان لەسەر چەند کەسێکی دیکەش تۆمار کردووە کە هاوکاریی ژنەکەیان کردووە.

### باوکی 19 ملیۆن دیناری بۆ داوە

لەتیف محەممەد، باوکی شنۆ ئاگاداری کێشەی کچەکەیەتی لەگەڵ ئەو ژنەی پارەی لێ سەندووە. ئەو باسی چۆنیەتی دروستبوونی پەیوەندیی کچەکەی و ئەو ژنە دەکات و دەڵێت بەهۆی نەخۆشکەوتنی منداڵی یەکێک لە کوڕەکانی خۆی، شەش مانگ لەمەوبەر ئەو پەیوەندییە دروست بووە.

لەتیف گوتی "ئەو ژنە بەڵێنی بە شنۆ دابوو کە منداڵەکە بەهۆی دەرمانی سروشتی، بە سێ ملیۆن دینار چارەسەر دەکات، منیش سێ ملیۆن دینارم پێدان".

شنۆ جاری دووەم ئەو ژنە دەبینێتەوە، بەڵام بۆ نەخۆشییەکەی خۆی، ئەو ژنە پێیدەڵێت کە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە و پێویستە لە بەغدا نەشتەرگەری بۆ بکرێ.

کاتێک شنۆ بە باوکی دەڵێت کە ئەو ژنە پێیگوتووە تووشی شێرپەنجە بووە، باوکی دەڵێت "پێش ئەوەی بڕۆن بۆ بەغدا، لە سلێمانی پشکنین بکەن"، بەڵام شنۆ بە قسەی باوکی نەکردبوو. لەتیف گوتی "ئەو جادووگەرە شنۆ و دایکی زۆر ترساندبوو، بەزۆر 10 ملیۆن دیناری لێ وەرگرتم و جادووگەرەکەش بە حیساب دەیانبات بۆ بەغدا، بەڵام بردبوونی بۆ خانەقین بۆ لای یاریدەدەرێکی پزیشکی، هەر لەوێش بە تەلەفۆنی دایکی شنۆ پەیوەندی بە کوڕ و ئامۆزاکەمەوە کردبوو، گوتبووی شنۆ لە ژێر بەنجە و پێویستی بە شەش ملیۆن دیناری ترە".

وەک باوکی شنۆ باسی کرد، ئێوارەی ئەو ڕۆژە شنۆ و دایکی ڕۆیشتوونەتەوە بۆ ماڵەوە و بینیویانە کانۆلایەک بە دەستی کچەکەوەیەتی "هەر لە خانەقین لای یاریدەدەرێکی پزیشک پسوولەیەکی پشکنینی بۆ دروست کردبوو، ئیدی کە هاتنەوە شەش ملیۆن دیناری دیکەیان لێوەرگرتم و بۆیان برد".

شنۆ بەرە بەرە گومانی بۆ دروست دەبێ، بە تایبەتی کاتێک بۆی دەردەکەوێ ئەو شتانە هیچ کاریگەرییان نەبووە. باوکی شنۆ دەڵێت "ئەو ژنە شنۆ و دایکی زۆر بە خراپی ترساندبوو، لە خانەقین بە دایکی گوتبوو ئەگەر پەیوەندی بە کەسوکارتەوە نەکەی، ئێستا دێوەکانم دەنێرم کوڕەکانت پارچە پارچە بکەن، ژنەکەشم بەستەزمانە، زۆر لێی ترسابوو".

### 10 ملیۆن دیناری دیکە

ئەو ژنە وەک ئەوەی موشتەرییەکی چەوری دەستکەوتبێ، وازی لەو خێزانە نەهێناوە و سەردانی کردوون، لەوێ بە دایکی شنۆی گوتووە کە گورچیلەکانت تووشی نەخۆشی بوون و ئەو دەرمانە چارەسەرە و دەبێ 10 ملیۆن دینارم بدەنێ.

گومانی شنۆ لەو ژنە زیاتر دەبێ، بۆیە پەنا بۆ بەرپرسی لقی کەلاری یەکێتی ژنانی کوردستان دەبات کە دراوسێشیانە.

باوکی شنۆ گوتی "چەند ڕۆژێک پێش خۆسووتاندنەکەی، کچەکەم چووبووە لای ئەو هاوسێیەمان و گوتبووی ئەو ژنە وازم لێناهێنێ. شنۆ هەرچۆنێک بێت جادووگەرەکەی بردووەتە ماڵی ئەو بەرپرسە، بەڵام جادووگەرەکە خۆی لەو ژنەش تووڕە کردبوو".

کاتێک دەزانێت شنۆ چیدی باوەڕی پێناکات، ئەو ژنە لە ڕێگەی ناسیاوێکیان هەڕەشە بۆ شنۆ دەنێرێت و پێیدەڵێت ئەگەر 10 ملیۆن دینارەکەم نەدەنێ، دوعا لە دایکت دەکەم.

### قۆڵی ژنێکی دیکەشی بڕیوە

ئەو ژنە هیچ بەڵێنێکی بەرامبەر شنۆ نەبردووەتەوە سەر، بەڵام شنۆ سەرەتا متمانەی زۆری پێکردووە، تەنانەت خەڵکی دیکەشی پێ ناساندووە، لەوانەش ژنێک بووە کە جادووگەرەکە 12 ملیۆن دیناری لێ وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئارەزووەکەی بۆ بێنێتەدی، بەڵام دوای ئەوەی ئارەزووەکەی نایەتە دی، ئەو ژنە داوای پارەکەی لە شنۆ کردووەتەوە.

### "10 ملیۆن دینار بۆ شووکردن"

شوکریە غەفور، بەرپرسی لقی کەلاری یەکێتی ژنانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت، شنۆ سەرلەبەیانی ڕۆژی 2015/10/31 سەردانی کردووە و پێیگوتووە کە ئەو ژنە داوای 10 ملیۆن دیناری لێدەکات، ئەگەرنا لەبەردەم کەسوکارەکەی ئابڕووی دەبات.

شوکریە بەناوی ئەوەی کە 10 ملیۆن دینارەکەی دەداتێ، ژنەکەی بانگ کردووە، شوکریە گوتی "ئەو ژنە پێیگوتین من قاوەگرەوەم و بە شنۆ دەڵێم سیحری لێکراوە و کەسێکی دیکە جادووەکەی بۆ دەکات، بەڵام دوعام بۆ کردووە و دوای 2 ڕۆژی دیکە مارەی دەبڕن، ئێمەش گوتمان دوای مارەبڕینەکە پارەکەی لێ وەربگرە، بەڵام گوتی ئێستا دەمەوێت، شنۆش پارەی نەبوو بیداتێ".

شوکریە ڕێنمایی شنۆ دەکات کە پۆلیس لە کێشەکەی ئاگادار بکاتەوە، ئەویش بەر لەوەی خۆی بسووتێنێ، سکاڵا لەسەر ئەو ژنە تۆمار دەکات و پۆلیسیش ژنەکە دەستگیر دەکەن.

شوکریە گوتی "ئەو ژنە فێڵی لە شنۆ دەکرد بۆ ئەوەی پارەی لێ وەربگرێت".

### ویستی تۆبە بکات، نەک خۆی بکوژێ

شنۆ ئێوارەی ڕۆژی 2015/8/3 نەوت بە بەشی خوارەوەی جەستەیدا دەکات و ئاگر لە خۆی بەردەدات، بەڵام باوکی دەڵێت "شنۆ مەبەستی نەبووە بە ئاگر خۆی لەناو ببات، گوتی بە مەبەستی تۆبەکردن وای لە خۆی کردووە، نەک خۆکوشتن".

بەپێی گێڕانەوەکانی باوکی، ئەو ژنە چوار دوعای بۆ شنۆ کردووە و هەموویانی لە پەڕۆ پێچابووەوە کە یەکێکیان لەسەری نووسراوە "شنۆ بنت عالیە". یەکێکی دیکەش لە سەرەوە تا خوارەوە لەسەری نووسرابوو "الرحیم".

### نەیگوتووە جادووگەرە

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی گوت، شنۆ دوو ڕۆژ پێش خۆسووتاندنی سکاڵای لە دژی ژنێکی 31 ساڵ بەنێوی (ع.ح) تۆمار کردووە و گوتوویەتی "ئەو ژنە جادووگەرە، پارەی لێ وەرگرتم و هەڵیخەڵەتاندم".

ژنەکە بەپێی ماددەی 456 کە تایبەتە بە فرت و فێڵ دەستگیرکراوە. قەدوری گوتی "ئەو ژنە ڕەتیکردووەتەوە کە جادووگەر بێت و گوتی تەنیا وەسیلەیەک بووە و پارەکەی وەرگرتووە و ناردوویەتی بۆ کەسێک لە شاری کەربەلا کە دەرمانەکانی بۆ ناردووە".

گوتیشی "بە قسەی کچەکە، نزیکەی 40 ملیۆن دیناری بەو ژنە داوە، جگە لە 12 ملیۆن دیناری ژنەکەی دیکە، ئەو ژنەی دیکەش بۆ وەرگرتنەوەی پارەکەی، گوشاری لە شنۆ کردووە و ئەویش نەیبووە بیداتەوە، بۆیە خۆی سووتاندووە".

باوکی شنۆ دەڵێت ئەو تەنیا 19 ملیۆن دیناری داوە بەکچەکەی و لە کاتی پرسەکەیدا زانیویەتی شنۆ 10 ملیۆن دیناری تری لە خزمەکانی قەرز کردووە.

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16



## تەرمی گەنجێک دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2015/11/14 هێزەکانیان بە هاوکاری هێزەکانی ئاسایشی هەولێر، تەرمی گەنجێکی تەمەن 16 ساڵیان لە نێوان ناحیەی دارەتوو و بنەسڵاوە دۆزیوەتەوە کە بە فیشەک کوژراوە. لیوا عەبدولخاڵق گوتی "بکوژی گەنجەکە دەستگیرکراوە و لە لێکۆڵینەوەکانیشدا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە". بەگوتەی ناوبراو ئێستا بکوژەکە لای ئاسایشی هەولێرە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، پاشان ڕادەستی پۆلیس دەکرێت، بەڵام گوتی تا ئێستا هۆکاری کوشتنی گەنجەکە نەزانراوە.

# لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە کوشتیان

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**




پێشمەرگەیەکی خانەنشین لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا و لە ڕووداوێکی نادیاردا بە چەند گوللەیەک دەکوژرێ، خێزانەکەی دەڵێن هیچ کێشەیەکی نەبووە و نازانن بۆچی کوژراوە و کێ کوشتوویەتی.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 2015/11/11 پێشمەرگەیەکی خانەنشین بەناوی ئەحمەد حوسێن کە دانیشتووی گەڕەکی زەرگەتەی کۆنی سلێمانی بوو، لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە ماڵەوە، لەبەردەم ماڵەکەیدا لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللەی لێکرا و هەر لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێک بەسەر ڕووداوەکەدا، تاوەکو ئێستا ئەنجامدەری تاوانەکە نەدۆزراوەتەوە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت، لە کاتی ڕووداوەکەدا ئەو کەسە کە پێشمەرگەی خانەنشینە لە ماڵەوە هاتووەتە دەرەوە و ویستوویەتی بڕواتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی، بەڵام لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللەی لێکراوە و هەر لە شوێنی ڕووداوەکەدا دەستبەجێ مردووە.

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی زانیاری زیاتری لەبارەی ڕووداوەکە ئاشکرا کرد و گوتی "تیمەکانی بەڵگەی تاوان زیاتر لە 10 قەوانی فیشەکیان لە شوێنی ڕووداوەکە کۆکردووەتەوە، بەڵام ڕەنگە نزیکەی 3-4 فیشەک بە قوربانییەکە کەوتبن، فیشەکەکانی دیکە بەر ئۆتۆمبیل و دیواری خانووەکەی کەوتوون".

نەقیب سەرکەوت سەبارەت بەهۆکاری ڕووداوەکە گوتی "ئێمە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەداین، تاوەکو ئێستا هۆکاری تەقەکردن و کوشتنەکە نەزانراوە".

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی گوتیشی کە تەقەکەرەکان بینیویانە ئەو هاووڵاتییە ئۆتۆمبێلەکەی لە بەردەم دەرگا ڕاگرتووە، چاودێرییان کردووە تاوەکو لە ماڵ دەرچووە و دەستڕێژیان لێکردووە.

دوای ڕووداوەکە، تەرمی ئەحمەد حوسێن ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادی سلێمانی کرا. دکتۆر محەممەد نووری لەو پەیمانگەیە بە (ڕووداو)ی گوت "فیشەکەکان بە سەر و سنگی قوربانییەکە کەوتوون، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە بە مەبەستی کوشتن تەقەی لێکراوە".

بە گوتەی نەقیب سەرکەوت، لە سەرەتای ڕووداوەکەدا منداڵەکانی ئەو پیاوە گوتوویانە "باوکیان کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە"، (ڕووداو)یش لە دووەم ڕۆژی پرسەکەدا سەردانی خێزانەکەی کرد، سەرچاوەیەکی نزیک لە کوژراوەکە ڕایگەیاند "لە کاتی ڕووداوەکەدا تەنیا هاوژینەکەی لە ماڵەوە بووە و چوار منداڵەکەشی لە قوتابخانە بوون کە سێ کچ و کوڕێکی هەیە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئەحمەد دوژمندار نەبووە و کێشەی لەگەڵ کەسیشدا نەبووە، بۆیە ئێمەش بەلامانەوە سەیرە و پێشبینی ئەو ڕووداوەمان نەدەکرد، بەڵام سکاڵا تۆمار دەکەین و چاوەڕێین یاسا دۆسیەکە یەکلایی بکاتەوە".

کەسوکاری ئەحمەد پێیانوایە ڕووداوەکە پلان بۆ دارێژراو بووە، ئەو سەرچاوەیە گوتی "بێگومان پلان بۆ دارێژراو بووە و چاوەڕێیان کردووە لەماڵ دەربچێ، هەر کە هاتووەتە دەرەوە دەستبەجێ تەقەیان لێکردووە".

لە ماوەی 40 ڕۆژی ڕابردوودا ئەوە دووەم جارە لە نێو سەنتەری شاری سلێمانی تەقە لە هاووڵاتیان دەکرێ و بکوژەکان دەرباز دەبن. ڕۆژی 2015/10/2ش ژنێکی 19 ساڵ بەنێوی سنوور لە پارکی دایک کە شوێنێکی ناسراو و قەرەباڵغی شاری سلێمانییە، بە چەند فیشەکێک کوژرا و دەگوترێ باوکی تۆمەتبارە بە کوشتنەکەی و دادوەریش فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە.

## شایەتحاڵێک دەڵێت بێتاوان بوو

# گەنجێک لە شەوە ئاهەنگێکدا دەکوژرێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**



گەنجێکی خەڵکی چەمچەماڵ لە شەوە ئاهەنگێکدا لە شاری کەرکوک دەکوژرێت. برایەکی کوژراوەکە دەڵێت "براکەمان ویستبووی نەهێڵێت شەڕ دروست ببێت و ناوبژیوانی کردبوو، بەڵام بە ئەنقەست کوشتیان".

ئامانج عەبدولکەریم، 31 ساڵ، خەڵکی قەزای چەمچەماڵ، شەوی 2015/10/19 لەلایەن هاوڕێی هاوڕێیەکیەوە بەنێوی (ئا) بە فیشەکێک کوژرا. لە نەخۆشخانەش پێش مردنی بە پۆلیسی گوتووە "(ئا) فیشەکی پێوە ناوم". لەسەر کوشتنی ئامانج، پۆلیس سێ کەسی دەستگیر کردووە.

ماڵی ئامانج لە گەڕەکی شەهیدانی قەزای چەمچەماڵە، بەڵام لە کەرکووک خانووی دروست دەکرد و دەفرۆشتەوە، بۆیە زۆربەی کات لە شاری کەرکوک بوو. هەر لە کەرکووکیش لە یانەیەکی شەوانەدا کوژرا کە زۆرجار گەنجان لەو یانەیە کۆبوونەتەوە و ئاهەنگیان گێڕاوە.

هاوڕێیەکی ئامانج کە شایەتحاڵی ڕووداوەکەیە و پێی خۆش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو گەنجانەی لە یانەکە کۆبووبوونەوە، ئەو شەوە هاوڕێیەکیان لە زیندان ئازادکرابوو، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکیان بۆ سازکردبوو، ئامانج لەوێ بە تەنیا دانیشتبوو، کەسێک بەناوی (ئا) لەگەڵ یەکێکی دیکە بەناوی (ە) کە هاوڕێی ئامانج بووە، پێشتر کێشەیان هەبووە. (ئا) هاتووەتە ژوورەوە و ویستوویەتی دووبارە گێچەڵ بە (ە) بکاتەوە".

ئەو گوتی "چوومە لای (ئا) و داوام لێکرد هیچ نەکات، بەڵێنی دا و ڕۆیشت، بەڵام دوای نزیکەی 10 خولەک لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەی هاتنەوە و لەسەر مێزەکە دانیشتنەوە و قاچیان خستە سەر مێزەکە".

بە قسەی ئەو شایەتحاڵە، پاش کەمێک لەنێو هۆڵەکەدا بووەتە شەڕ. لەوکاتەدا (ج) فیشەکێکی تەقاندووە و (ئا)یش تەقەی کرد. پاشان دوو فیشەکی تر تەقی و یەکێکیان بەر ئامانج کەوت، هاوڕێیەکی ئامانجیش گەڕایەوە و فیشەکێکی بە قاچی (ئا)وە نا".

ئەو هاوڕێیەی ئامانج کە خۆی ئامانجی گەیاندبووە نەخۆشخانەی کۆماریی کەرکووک، گوتی "ئامانج لەوێ گوتی (ئا) فیشەکەکەی پێوە ناوم، لەڕاستیدا ئامانج بێتاوان بوو، نەیویست کێشەکە گەورەتر بێت، ئەگەر لە دادگاش وەکو شایەت بانگم بکەن، ئەو قسانە دەکەمەوە".

کەسوکاری ئامانج کاژێر 10.30ی خولەکی شەو لە ڕووداوەکە ئاگادارکراونەتەوە، ئەحمەد عەبدولکەریم، برای ئامانج بە (ڕووداو)ی گوت ئەوان دڵنیان لەوەی (ئا) ئامانجی کوشتووە و گوتی "زیاتر لە 30 کەس لەو شوێنەدا بوون و شایەتحاڵن کە (ئا) تەقەی لە براکەمان کردووە، تەنانەت (ج)ی هاوڕێی (ئا)یش گوتویەتی ئەو کوشتوویەتی، لە کاتێکدا براکەمان (ئا)ی نەناسیوە".

بنکەی پۆلیسی ڕەحمیاوا لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە دەکات. ئەحمەد گوتی "(ئا) و (ج) و کەسێکی دیکەش گیراون، ئێمە لە بکوژ و ئەو دوو کەسە خۆش نابین".

ئەحمەد گوتیشی "ئێمە سوڵحی عەشایەری ناکەین و داواکارین یاسا توندترین سزایان بدات، بەتایبەتی بکوژەکە، چونکە ئامانج هیچ تاوانێکی نەبووە و لە ناوبژیدا و بە مەبەست کوشتوویەتی، ئەگەر مەبەستی کوشتن نەبووە با فیشەکەکەی بە شوێنێکی دیکەیەوە نابا".

ئامانج خاوەنی 7 برایە و ئەحمەدی براشی گوتی "ئێمە تاوەکو ئێستا کێشەمان بۆ هیچ کەسێک نەبووە، ئەگەر ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووایە لە بکوژەکەی خۆش دەبووین، بەڵام بەمەبەست کوشتوویەتی".

ئەحمەد لەو ژوورەی ماڵی خۆیان کە قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، پەنجەی بۆ بەرامبەری خۆی ڕاکێشا و باسی خەونێکی براکەی کرد "سێ ڕۆژ پێش ڕووداوەکە پێیگوتم کچێکیان بۆ دۆزیومەتەوە، ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی خانوویەکم، کە تەواوم کرد بە یەکجاری دەگەڕێمەوە چەمچەماڵ".

(ڕووداو) لە شاری کەرکووک چووە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام شوێنەکە لەدوای ڕووداوەکەوە داخراوە.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

# لە داخی مێردەکەی خۆی سووتاند

بۆ ڕای ئافرەتێکی سووتاو هەواڵی داینێ کە خوشکەکەی لە نەخۆشخانەیە و دەیەوێت هەندێ ڕاستی بڵێت. پێشتر گوتەی وەرگیرابوو، گوتبووی تەباخ کڵپەی کردووە و سووتاوە، سکاڵای لەسەر کەس تۆمار نەکردبوو. هەرچەندە لەکاتی پشکنینی شوێنی ڕووداوەکە بۆنی نەوت لە شوێنەکە دەهات و دەبەیەکیش لەوێ کەوتبوو.

پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی دادگا، دووبارە ئیفادەی ژنەکە وەرگیرایەوە. ئەو ژنە گوتی "بۆیە ڕاستیەکانم نەگوت، چونکە نەمدەویست دوای خۆم کێشە بۆ کەسوکارم دروست بکەم. ڕاستییەکەی من ماوەی شەش ساڵە مێردم کردووە و دوو منداڵم هەیە و ماڵم جیایە. مێردەکەم دووکاندارە، تاوەکو ئێستا دووجار تۆراوم، هەر جارەیان نزیکەی مانگێک لە ماڵی باوکم ماومەتەوە، منداڵەکانیشم لەلام بوون، زۆر پرسیارم کرد لە دادگا و لە پارێزەر و کەسی شارەزا، ڕای ماڵی خۆمانم وەرگرت تاوەکو بزانم دەتوانم جیاببمەوە لە مێردم؟ بەڵام ماڵی باوکم دەیانگوت پێمان باش نییە، ئەگەر جیاش بوویتەوە با منداڵەکان لەلای تۆ نەبن".

ئەو ژنە دەڵێت چەند پلانێکی بۆ دوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی دانابوو، لەوانەش بیری لەوە کردبووەوە کە خانوویەک لە نزیک ماڵی باوکی بگرێت و بە تەنیا دابنیشێ، بەڵام دەڵێت ئەوە پتر لە خەیاڵ دەچوو، چونکە ئەستەم بوو ماڵی باوکی ڕازی ببن و جگە لەوەش خاوەن مووچەیەکی سەربەخۆ نەبووە بۆ ئەوەی بتوانێ کرێی خانوو بدات.

ژنە سووتاوەکە باسی هۆکاری جیابوونەوەی لە مێردەکەی کرد و گوتی "مێردەکەم خەرجی نەدەکێشام، هەردەم لە دەرەوە بوو، هیچ هەستی بە بەرپرسیارێتی نەدەکرد، جاروبار بێ منەتیشی دەکردم و دەیگوت ئەگەر جیادەبیتەوە بڕۆ منداڵەکانیش ببە".

ئەو ژنە بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی گێڕایەوە کە خۆی سووتاند و گوتی "ئەو ڕۆژە زۆر دڵم توند بوو، مێردەکەم زۆر ئیهانەی کردم، جلیشم کۆکردەوە کە دیسان بتۆرێم، بەڵام ئەنجامەکەیم دەزانی، دەمزانی کۆتاییەکەی هەر دەبێ بێمەوە بۆ ئەو ماڵە دۆزەخییە. قەناعەتم وابوو هەموو دەرگایەکم لەسەر داخراوە، بۆیە لە ڕقی مێردەکەم ئاگرم لە خۆم بەردا و خۆم سووتاند".

بۆچی سەرەتا ڕاستییەکەی نەگوت؟ ئەو ژنە دەڵێت "بۆیە ڕاستییەکەم نەگوت، چونکە مێردەکەم منی گەیاندە نەخۆشخانە. هەروەها نەمدەویست کێشە بۆ کەسوکارم دروست بکەم".

ژنەکە سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کرد، بۆیە دادوەر بەپێی ماددە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ مێردەکەی دەرکرد. بەڵام لە کاتی لێکۆڵینەوەدا مێردەکەی ڕەتیکردەوە کە سووکایەتی بە ژنەکەی کردبێ و هۆکار بووبێ بۆ خۆسووتاندنی ژنەکەی.

دادوەر بڕیاری بەندکردنی تۆمەتباری دا، ئافرەتەکە دوای حەوت ڕۆژ لە سکاڵاکەی گیانی سپارد، پاش ڕەوانەکردنی تۆمەتبار بۆ دادگای تایبەتمەند، تۆمەتبار لەبەرئەوەی ئیعترافی نەکردبوو، بەڵگەش نەبوو کە ئەو هاندەر بووبێ بۆ خۆسووتاندنی ژنەکەی، بۆیە ئازاد کرا".

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەکە کە باس لەوە دەکات هەرکەسێک یەکێکی هاندابێت بۆ خۆکوشتن یان بەهەر ڕێگایەک یارمەتی دابێت بۆ خۆکوشتن، بە بەندکردن سزا دەدرێت کە ماوەکەی حەوت ساڵ زیاتر نەبێت.

زۆر جار ژنان لە دادگا دەڵێن لە ڕقی مێردەکەیان خۆیان سووتاندووە، بەڵام دادگا مێردەکانیان حوکم نادات، چونکە تۆمەتبارەکان ئیعتراف ناکەن و ژنەکانیش بەڵگەی قەناعەتپێکەریان نییە تۆمەتەکەی پێ بسەلمێنن.

ئەو ژنە پێشتر دووجار لە داخی مێردەکەی ماڵی جێهێشتووە، بەڵام سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار نەکردووە، بۆ ئەوەی لە دادگا سوودی لێ ببینێ. پاشانیش بەڕاستی کارەساتە ئافرەتی ئێمە لەبەر قسەی کەسوکاری نەتوانێت بە تەنیا بژی.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# خۆپێشاندان ئامێرەکانی بیرهەڵکەندنی بەگەڕخستەوە

## پۆلیسی سلێمانی: دەستمان بەسەر 245 ئامێری بیرهەڵکەندندا گرتووە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەستیان بەسەر 245 ئامێری بیرهەڵکەندندا گرتووە. هەڵمەتی ڕێگەگرتن لەو ئامێرانە ئەگەرچی ماوەی چەند ساڵێکە بەردەوامە، بەڵام تائێستا حکومەت نەیتوانیوە ئەو کێشەیە بە یەکجاری چارەسەر بکات.

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لێدانی بیر بە ئامێری پایل کە بە بیری سووری ناسراوە، قەدەغەیە، بەڵام لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی پارێزگای سلێمانی و ڕۆژانی دواتردا کە بارێکی نائاسایی دروست بوو، خەڵک دیسان، بەتایبەتی لە ناحیەی بازیان دوورکەوتنەوەی پۆلیسی دارستانیان بە هەل زانی و دەستیان بە هەڵکەندنی بیر کردەوە.

### 200 ئامێر تەنیا لە بازیان!

شەوکەوت ئەحمەد چەند ساڵێکە ئامێری بیرهەڵکەندنی سووریی هەیە و گوتی کە ئەوان بەشێوەی نایاسایی بیر بۆ ماڵان هەڵدەکەنن. هەفتەیەک پێش دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان، لە ناحیەی بازیان دەستیان بە هەڵکەندنی بیر کردبوو. ئەو گوتی "ئەوەندەی ئاگادار بم لەماوەی 15-20 ڕۆژدا زیاتر لە 200 ئامێر ئیشیان دەکرد، بەتایبەتی لە نزیک زەوییە کشتوکاڵییەکان".

شەوکەت پێشتر دوو ئامێری هەبوو، بەڵام لەو ماوەیەدا ئامێریکی لە نزیک شارۆچکەی قەرەداغ دەستی بەسەردا گیراوە کە بایی نزیکەی 30 هەزار دۆلارە.

### شارەوانی بازیان: ڕێگەمان پێنەداون

نەوزاد جەلال، سەرۆکی شارەوانی بازیان پشتڕاستی کردەوە کە لەو ماوەیەدا بە ئامێری سووری بیر هەڵکەندراوە و گوتی "دەمانبینی بیر هەڵکەندراوە، بەڵام نازانین چەند بیر بووە". گوتیشی "ئەو بیر لێدانە لەنێو شارەوانی ئێمەدا نەبووە، بەڵکو لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناحیەکەدا بوون، بۆ ئەو مەبەستەش هیچ کەسێک پرسی پێنەکردووین، لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیە و شارەوانیشەوە ڕێگەیان پێنەدراوە".

(ڕووداو) بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە فازڵ عومەر بەڕێوەبەری ناحیەی بازیانەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوو لێدوان بدات.

ئیبراهیم فەرەج، لێپرسراوی هۆبەی مۆڵەتی بیرلێدان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی سلێمانی دەڵێت ئەگەر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵەوە ڕێگە بە هاووڵاتیان بدرێت بۆ بیرهەڵکەندن ئاساییە، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکان بیرلێدانی سووری بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە، چونکە مۆڵەتی کارکردنیان نییە و پۆلیسی دارستانیش بۆ دەستبەرسەرداگرتنیان ڕاسپێردراوە.

ئیبراهیم قسەی ئەو بیرهەڵکەنەی ڕەتکردەوە کە بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە ئامێرەکانی بیرلێدان لە ناحیەی بازیان زۆرتر بووبن و گوتی "لەکاتی خۆپیشاندانەکان لەو سنوورە نزیکەی 4-5 ئامێر هەبوون و دەستیان بەسەردا گیرا، جگە لەوەش ڕۆژانە دەست بەسەر ئامێری سووریدا دەگرین".

سەبارەت بە هەڵکەندنی بیر لە گوندەکانیش، ئەو بەرپرسەی ئاوی ژێرزەوی ڕوونیکردەوە کە بەپێی ڕێنماییەکان، ئەو شێوەیەی بیرلێدان لە گوندەکانیشدا بە نایاسایی هەڵدەکەندرێت و گوتی "لەمانگی 6ی 2014ەوە تاوەکو ئێستا دەست بەسەر 230 ئامێری سووریدا گیراوە و ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان هەڵوەشێندراونەتەوە و بۆ تواندنەوە دانراون".

### 245 ئامێریان گرتووە

هێمن کەمەرخان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی دەڵێت هەر جۆرە بیرلێدانێک نایاساییە، بەڵام ڕەنگە هاووڵاتیان خۆپیشاندانەکانیان بە فرسەت زانیبێت بۆ هەڵکەندنی بیری سووری.

کەمەرخان ئاماری ئەو ئامێرە سووریانەی ئاشکرا کرد کە دەستیان بەسەردا گرتووە و گوتی "لە ساڵی ڕابردووەوە 245 ئامێرمان گرتووە کە 110یان هی ئەمساڵن".

هەرچەندە بەرپرسی بەشی هۆبەی بیرلێدان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی دەڵێت بیرلێدانی سووری زیانی بۆ ئاوی ژێر زەوی هەیە، بەڵام د.دیاری عەلی، سەرۆکی بەشی جیۆلۆجی لە زانکۆی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەڕووی زانستییەوە بیرلێدانی سووری کاریگەری بۆ ئاوی ژێرزەوی نییە، بەڵام بەو مەرجەی بەپێی ڕێنماییەکان و هەڵسەنگاندنیش بۆ ئەو شوێنە بکرێت کە بیرەکەی لێ هەڵدەکەندرێت.

گوتیشی "هۆکاری سەرەکی قەدەغەکردنی ئەو بیرلێدانە ئەوە بوو کە بەشێوەیەکی زانستییانە کاریان نەدەکرد".



---

# چوار ناحیە داوا دەکەن بکرێنە قەزا

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

چوار ناحیەی سنووری پارێزگای سلێمانی داوا دەکەن بکرێنە قەزا، بەڵام لێژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی چەند پێوەرێکی نوێی بۆ بە قەزاکردنی ناحیەکان داناوە کە بەپێی ئەو پێوەرانە تەنیا دوو ناحیە مەرجی بە قەزاکردنیان تێدایە.

لە سنووری پارێزگای سلێمانی 15 قەزا و 44 ناحیە هەن. لە ماوەی ئەمساڵ و ساڵانی پێشتریشدا ناحیەکانی حاجیاوا و چوارقوڕنە و بازیان و خورماڵ داواکارییان پێشکەشی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کردووە بۆ ئەوەی بکرێنە قەزا.

### مەرجە نوێیەکان

لێژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە مانگی ئابی ئەمساڵدا چەند مەرجێکی نوێیان بۆ بە قەزاکردنی ناحیەکان داناوە، لەوانەش: ئەو ناحیەیە 20 ساڵ زیاتر بێ کرابێتە ناحیە، ژمارەی دانیشتووانی لە 60 هەزار کەس کەمتر نەبێت، فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە قەزای تێدا بێت، لە کاتی کردنیدا بە قەزا لانیکەم دوو ناحیەی لەگەڵدا بێت و گوندەکانی دەوروبەریشی توانای ئەوەیان هەبێت کە ببنە ناحیە، سەرەڕای ئەوەش لەڕووی ئابوورییەوە دانیشتووانەکەی داهاتیان هەبێت.

سەباح فەتاح، سەرۆکی لێژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای دیاریکردنی ئەو مەرجانە، سەردانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە بۆ ئاگاداربوون لەو مەرجانە و گوتی "ئێستا چوار ناحیە داوایان کردووە ببنە قەزا و چەندین گوندیش داوایان کردووە ببنە ناحیە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە ئەنجوومەن لیژنەیان بۆ دروست نەکراوە تا بە مەیدانی سەردانی ئەو شوێنانە بکەین".

### حاجیاوا و چوارقوڕنە دەیانگرێتەوە

بەپێی مەرجەکانی لیژنەی یاسایی، تەنیا ناحیەکانی حاجیاوا و چوارقوڕنە کە سەر بە قەزای ڕانیەن، لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە دەتوانن ببنە قەزا.

ئەزوەر جەعفەر، بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند زیاتر لە دوو ساڵە داوایان کردووە ناحیەکەیان بکرێتە قەزا، چونکە ژمارەی دانیشتووانی ناحیەکە زیاتر لە 65 هەزار کەسە و سەرچاوەی داهاتیشیان زەوی کشتوکاڵی و مەیدانی حاجیاوایە. گوتیشی "ئەو مەیدانە وەکو سەنتەرێکی بازرگانییە لە ناوچەکەدا و خەڵکانێکی زۆر لە ناوچەی بیتوێن و دۆڵی خۆشناوەتی بۆ کڕینی کەلوپەل سەردانی دەکەن".

هەر بە گوتەی ئەو، ناحیەکەیان نزیکەی 23 گوندی لەسەر نەخشەی کشتوکاڵییە و لەوەش 19 گوندیان ئاوەدانن و گوندی کانیمارانیش لە سنووری ناحیەکە توانای هەیە ببێتە ناحیە.

ڕۆژی 2015/4/24 لە یادی بۆردومانی قەڵادزێدا، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دانیشتنێکیان بردە ئەو قەزایە. ئەزوەر گوتی بڕیار بوو هەر لەو دانیشتنەدا بڕیار لەسەر بەقەزابوونی ناحیەکەیان بدەن، بەڵام لیژنەیەکیان بۆ بەدواداچوونی دروستکردووە کە خۆیشی ئەندامە تێیدا و گوتی "ئەو لیژنەیە تائێستا نەهاتوونەتەوە و لەم ماوەیەشدا یاداشتێکی بیرهێنانەوەم ئاڕاستە کردوون، چونکە 99%ی مەرجەکانمان تێدایە".

چوارقوڕنە لە ساڵی 1961ەوە ناحیەیە و ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 65 هەزار کەسە. لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا بە فەرمی کەمپەینێک بۆ بە قەزابوونی ناحیەکە پێکهات.

ئیسماعیل زرار، مامۆستای زانکۆ و سەرپەرشتیاری کەمپەینەکە دەڵێ سەرچاوەی داهاتی هاووڵاتیانی ناحیەکەیان ئەو سەتان کارگانەی کەرەستەی بیناسازین کە لە ناوچەکەدا هەن، جگە لەوەش ناوچەکە لە زێی بچووک نزیکە و شوێنێکی گەشتیارییە، هەروەها زۆربەی فەرمانگە حکومییەکانی تێدایە و بەم نزیکانەش بانک و دادگا دەکەنەوە.

### کۆنترین دوو ناحیە، نابنە قەزا


ئەگەر ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارەی دانیشتووان بە پلەی یەکەم دابنێن، ئەوا دوو کۆنترین ناحیەی پارێزگای سلێمانی نابنە قەزا.

ناحیەی خورماڵ سەر بە قەزای مەرکەزی پارێزگای هەڵەبجە ماوەی 90 ساڵە ناحیەیە، بەڵام مەرجی ژمارەی دانیشتووانی تێدا نییە.

سمکۆ سالار، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ گوتی ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری قەزاکە 13 هەزار کەسە، بەڵام بە گوندەکانییەوە دەگاتە نزیکەی 32 هەزار کەس.

بەرپرسانی ئەو ناحیەیە لە 2014/7/31ەوە یاداشتیان گەیاندووەتە پارێزگای سلێمانی و ئەوانیش لە 2014/12/31ەوە یاداشتەکەیان ڕەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا کردووە و ئێستا چاوەڕێی لیژنەی ئەنجوومەنن.

ناحیەی بازیانیش سەر بە قەزای مەرکەزی شاری سلێمانییە و ماوەی زیاتر لە 90 ساڵە ناحیەیە، بە گوتەی فازڵ عومەر، بەڕێوەبەری ناحیەکە، پێشتر داواکراوە ببنە قەزا و ئێستاش دانیشتووانەکەی نزیکەی 45 تا 50 هەزار کەس دەبن و نزیکەی 50 گوندیش لە سنووری ناحیەکەیاندایە.



---

## ڕۆژانە 175 تەنکەر دەگات

# نەوتی هاووڵاتیان لە تورکیاوە دێت



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەڵێت بۆ دابینکردنی بەشە نەوتی هاووڵاتیان گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کردووە، ڕۆژانە 175 تەنکەر نەوت لەڕێگەی تورکیاوە دەگاتە شارەکانی هەرێمی کوردستان، لەئایندەیەکی نزیکیشدا بە سیستەمی کۆبوون نەوتەکە دابەش دەکەن.

ساڵانە بەر لە وەرزی بارینی باران حکومەت لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە نەوتی سپی بەنرخی پاڵپشت بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکرد، بەڵام ئەمساڵ مانگێک لە وادەکەی تێپەڕیوە و هێشتا لە سەنتەری شارەکان و دەوروبەری دابەش نەکراوە.

هەڤاڵ مائی، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بەرپرسی دابینکردنی بەشە نەوتی هاووڵاتیان دەڵێت بەهۆی ئەوەی پاڵاوگەکانی ناوخۆ توانای پاڵاوتنی بڕی پێویستی نەوتیان بۆ هاووڵاتیان نییە، بۆیە گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کردووە، بۆ دابینکردنی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیان.

بەپێی گرێبەستەکە، کۆمپانیا تورکییە دەبێت ڕۆژانە 175 تەنکەر 36 هەزار لیتر نەوت بۆ کوردستان دابین بکات.

سیستمی دابەشکردنی نەوتی هاووڵاتیان بە جۆرێکە کە سەرەتا لە ناوچە سنوورییەکان دابەش دەکرێت، بەو پێیەی ناوچەی سارد و باراناوین، دواتر قەزا و ناحیە دوورەکان، پاشان دەوروبەری سەنتەری شارەکان، ئینجا سەنتەری شارەکان.

هەڤاڵ مائی گوتی "سیستەمی دابەشکردنی نەوت گۆڕاوە، لەمەدوا لەهەموو پارێزگاکان لە ڕێگەی کۆبوون نەوت دابەش دەکرێت، پرۆسەکەش بەم سیستەمە زۆر خێرایە و لەوانەیە تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە لە هەموو شار و شارۆچکەکان نەوت دابەش بکەین".

کاوە محەممەد سابیر، بریکارێکی دابەشکردنی خۆراکە لە ناحیەی دارەتووی شاری هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەچاو ساڵی ڕابردوو دابەشکردنی نەوت مانگێک دواکەوتووە. کاوە گوتی "ساڵی ڕابردوو لە سەرەتای ئەم مانگەدا هەندێکجار زووتریش بەرمیلێک نەوتمان وەرگرتبوو، ئامادەکاریشمان بۆ وەرگرتنی بەرمیلی دووەم دەکرد، بەڵام ئەمساڵ تاوەکو ئێستا ئاگادار نەکراوینەتەوە بۆ کۆکردنەوەی بەرمیل و پارەی نەوت".

کاوە بەهۆی پیشەکەی کە بریکاری دابەشکردنی خۆراکە، زیاتر لەکەسانی دیکە ئاگاداری بارودۆخی خراپی ئابووری خەڵکە و دەڵێت "بەهۆی هاتنی شەپۆلی سەرما، ڕۆژانە چەندین کەس سەردانمان دەکەن و پرسیاری نەوت دەکەن".

مستەفا تەها، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی لە هەولێر، هۆکاری دواکەوتنی دابەشکردنی بەشە نەوتی هاووڵاتیانی بۆ درەنگ دابینکردنی نەوت لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە گەڕاندەوە و گوتی "بەهۆی ڕۆتینی ئەنجامدانی گرێبەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی، لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو نەوت گەیشتە کۆگاکانمان، بۆیە دابەشکردنی نەوت دواکەوت".

مستەفا تەها گوتیشی "لە 20ی مانگی ڕابردووەوە دەستمان بەدابەشکردنی نەوت لەناوچە شاخاوییەکان کردووە و لە ماوەی دوو هەفتەدا نزیکەی شەش ملیۆن لیتر نەوتمان دابەش کردووە".

بە گوتەی مستەفا تەها، سیستەمی دابەشکردنی نەوت بووەتە کۆبوون، بۆیە لە ڕۆژی سێی ئەم مانگەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بریکارەکانی خۆراکیان ئاگادار کردووەتەوە کە فۆرمی خۆراکی خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیان بهێنن و سەردانی نووسینگەی دابەشکردنی نەوتی سپی لەنێو بەنزینخانەی شۆڕش بکەن بۆ وەرگرتنی کۆبوون بۆ هاووڵاتیان.

پارێزگای هەولێر پێویستی بە 92 تاوەکو 100 ملیۆن لیتر نەوت هەیە، بەپێی زانیارییەکانی ڕووداویش ئێستا تەنیا 10 ملیۆن لیتر لە کۆگاکانی ئەم پارێزگایە ئامادەیە بۆ دابەشکردن.

مستەفا تەها دەڵێت "بایی حەوت ڕۆژ نەوتمان لە کۆگاکاندا هەیە، بەردەوامیش ڕۆژانە 500 تاوەکو 700 هەزار لیتر نەوتمان بەتەنکەر لە تورکیاوە بۆ دێت، بۆیە گرفتی کەمیی نەوتمان نییە، بۆیە دوای دابەشکردنی کۆبوونەکان، بەزووترین کات نەوتەکە دەدەینە هاووڵاتیان".

### نرخی نەوت بەرز بووەتەوە

نایف عەزیز، خاوەنی بارهەڵگرێکی نەوتە، لەبارەی نرخی نەوت لە بازاڕدا گوتی "نرخی نەوت بەهۆی ئەو شەپۆلە سەرمایەی ڕووی لەهەرێمی کوردستان کرد، کەمێک بەرزبووەتەوە، ئێستا نرخی یەک بەرمیل نەوت بەشێوەی کۆ بە 120 هەزار دینارە و بەتاکیش بە 155-165 هەزار دینارە، بەگوێرەی کوالێتی نەوتەکە".

نایف عەزیز گوتیشی "بە دابەشکرنی نەوتی هاووڵاتیان نرخی نەوتی سپی لە بازاڕ زۆر دادەبەزێت، لەوانەیە دوای دابەشکردنی لە شارەکان نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ 88 هەزار دینار دابەزێ".

## وردەکاریی هێرشەکەی شەممەی ڕابردوو لە پاریس

# ئەوەی لە پاریس ڕوویدا "فیلم" بوو

**فەرماندەیەکی پێشووی ناتۆ: دوای ڕووداوەکەی پاریس دەبێ هاوکاریی پێشمەرگە بکەین**

**پاپا فرانسیس: لە پاریس ئاماژەکانی جەنگی جیهانیی سێیەم دەرکەوتوون**

ڕووداو- پاریس

شایەتحاڵەکانی زنجیرە هێرشەکەی شەممەی ڕابردووی پاریس دەڵێن: "ئەوەی بینیمان لە فیلمێکی سینەمایی دەچێت". فەرماندەیەکی باڵای ئەمریکیش، کە پێشتر لە ناتۆش فەرماندە بووە، پێشنیازدەکات ناتۆ بەخێرایی لە سووریا لەدژی داعش تەدەخول بکات. دەشڵێت: "دەبێ یارمەتیی پێشمەرگە بدەین لەدژی داعش".

### چی ڕوویدا؟

شەوی هەینی لەسەر شەممەی ڕابردوو لە شەش لۆکەیشنی جیاوازەوە هێرشکرایە سەر پاریس. کاژێر 21:20 بە کاتی پاریس، هێرشەکە بە تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەبەردەم یاریگای (ستادە دوو فغانس) لە پاریس دەستیپێکرد. لەنێو یاریگاکەدا هەڵبژاردەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا یارییەکی دۆستانەیان هەبوو. خۆکوژەکە هەوڵیدابوو بچێتە نێو یاریگاکە و لەکاتی یارییەکەدا خۆی بتەقێنێتەوە، بەڵام پاسەوانان لەکاتی پشکنیندا بۆیان ئاشکراببوو کە پشتێنەی بۆمبڕێژکراوی پێیە. خۆکوژەکە کاتێک دەزانێت ئاشکرابووە، خۆی دەتەقێنێتەوە. چەند خولەکێک دواتر دووەمین تەقینەوەش لە یاریگاکە ڕوودەدات، کە ئەویش خۆکوژی بووە. وەک لە ڤیدیۆی کاتی تەقینەوەکەدا دەردەکەوێت، لەنێو یاریگا و لەکاتی یارییەکە دەنگی تەقینەوە دەبیسترێت، بەڵام یاری هەر بەردەوام دەبێت. یەکێک لەوانەی لەناو یاریگا بووە، فرانسوا ئۆلاندی سەرۆککۆماری فەرەنسا بووە. بۆیەش دوای تەقینەوەکە بە سەلامەتی لە یاریگاکە دەرباز دەکرێت. لەو تەقینەوانەدا چوار کەس گیانیان لەدەستدەدەن، کە یەکێکیان بەدوای یەکێک لە خۆکوژەکاندا رایکردووە.

### کلاشینکۆف و ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە

تەنیا پێنج خولەک دوای تەقینەوەکان، واتە کاژێر 21:25، لە دوو چێشتخانەی نێو پاریس دەنگی تەقە دەبیسترێت. ژمارەیەک چەکدار بە کلاشینکۆف لە ئۆتۆمبێلێکی ڕەشدا لەبەردەم یەکێک لە چێشتخانەکان بیندراون کە دادەبەزن و خەڵک دەدەنە بەر دەستڕێژ. لەئەنجامدا 15 کەس لە هەردوو چێشتخانە گیانیان لەدەستدەدەن. ١٠ کەسیش بەسەختی بریندارەدەبن. کاژێر 21:32، لەنزیک بارێک بەناوی (ئا لا بۆننێ بلێغ) دیسان بە کلاشینکۆف ژمارەیەک خەڵک دەدرێنە بەر دەستڕێژ و لەئەنجامدا پێنج کەس گیان لەدەستدەدەن. هەشت کەسیش بەسەختی بریندارەدەبن. لەو ڕووداوەشدا ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە دەبیندرێت کە لە جۆری (سیپاتە). هەمان ئۆتۆمبێلی ڕەش چەکدارە هێرشبەرەکان دەگوازێتەوە بۆ چێشتخانەیەکی دیکە بەناوی (لابێللا ئێکیوپێی). چەکدارەکان لە پەنجەرەی دەرەوەی چێشتخانەکەوە تەقە لە میوانانی ناو چێشتخانەکە دەکەن و 19 کەس دەکوژن. نۆ کەسیش بەسەختی بریندار دەکەن. کاژێر 21:40، خۆکوژێک لە چێشتخانەیەکی دیکە بەناوی (کۆمپتووا ڤۆڵتەیغ) خۆی دەتەقێنێتەوە. جگە لە خۆکوژەکە، کەسی دیکە ناکوژرێت و تەنیا یەک کەس بەسەختی بریندار دەبێت.

### کوشتن بە ستایلی داعش

هاوکات لەگەڵ تەقینەوەکەی چێشتخانەکە، واتە کاژێر 21:40، ئۆتۆمبێلێکی نوێی جۆری (پۆلۆ فۆلکس ڤاگن) ژمارەیەک چەکدار دەگەیەنێتە بەردەم هۆڵی کۆنسێرتی (باتاکلان). چەکدارەکان دەڕۆنە نێو هۆڵەکە و دانیشتووانی نێو هۆڵەکە، کە سەیری نمایشێکی گرووپی ڕۆکی ئەمریکی (ئیگڵز ئۆف دێز مێتاڵ)یان دەکرد، بە بارمتە دەگرن و 89 کەسیان لێ دەکوژن. یەکێک لەوانەی لەو ڕووداوە دەربازی بووە، دەڵێ هێرشبەرەکان لە کوشتنی 89 کەسەکەدا لاسایی ڤیدیۆکانی داعشیاندەکردەوە. ئەو دەڵێت "ئەوەی بینیمان وەکو فیلم وابوو. دەبووایە کەسەکان لەسەر چۆک دانیشن و لەپشت سەریانەوە چەکدارەکان بە گوللە دەیانکوشتن". بەگوتەی ڕزگاربووان، لەنێو هۆڵەکەدا چەکدارەکان قسە بۆ بارمتەکان دەکەن و باسی ئەوەیان بۆ دەکەن کە کردەوەکەیان بۆ تۆڵەسەندنەوەیە لە فەرەنسا کە لە سووریا و عێراق "هێرشدەکاتە سەر دەوڵەتی ئیسلامی". کاژێر 9:53 تەقینەوەیەکی دیکە لە دووریی چوارسەت مەتری ئەو یاریگایەی یەکەم تەقینەوە تێیدا ڕوویدا، ڕوودەداتەوە. کەس هیچی لێنایەت، جگە لە خۆکوژەکە، کە یەکسەر دەمرێت.

### هێرشبەرەکان کێ بوون؟

داعش بەرپرسیارێتییەکەی وەئەستۆ گرتووە، بەڵام دیارنییە وەکو کردەوەکانی دیکەی ساڵی ڕابردوو لە کەنەدا و ئوسترالیا و فەرەنسا، هێرشەکەی ئەمجارەی پاریس کردەی گرووپی سەربەخۆ بوون یان گرووپی ئەمجارە بە مەشقپێکراوی و بە نەخشەکێشانی سەرکردایەتیی داعش لە سووریاوە نێردراون. ژمارەی هێرشبەرەکان هەشت کەس بوو. تاوەکو ئێستا ناسنامەی دوو کەسیان بەڕوونی دەرکەوتووە. هەروەها زاندراوە یەکێک لە هێرشبەرەکان ژن بووە. یەکێکی دیکەش خەڵکی میسرە، بەڵام هێشتا ناسنامەکەی بەتەواوەتی ئاشکرانەبووە.

ئەو هێرشبەرەی ناسراوەتەوە ناوی ئیسماعیل عومەرە و تەمەنی 29 ساڵە. ئیسماعیل ڕەگەزنامەی فەرەنسای هەیە، لە دەوروبەری پاریس ژیاوە و ساڵی 2013 چووەتە سووریا. بەڵام دواتر گەڕاوەتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوی پۆلیسی فەرەنسا، ئیسماعیل هەشت جار بەهۆی تاوانکردنەوە لە ڕابردوودا حوکمدراوە. پۆلیسی فەرەنسی دەڵێت لە ساڵی 2010ەوە ئیسماعیلی خستووەتە ژێر چاودێرییەوە، چونکە پەیوەندیی بە گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکانەوە کردووە. ئیسماعیل لەنێو هۆڵی کۆنسێرتەکەدا بووە و پۆلیس بەهۆی ئاسەواری پەنجەمۆرییەوە بەسەر کورسی و جامی هۆڵەکەوە توانیویەتی ناسنامەکەی ئاشکرابکات. ڕۆژێک دوای هێرشەکان، پۆلیسی فەرەنسی بۆ دڵنیابوونەوە لە پەنجەمۆرەکە باوک و برایەکی ئیسماعیل دەستگیردەکەن. پۆلیسی فەرەنسی دەڵێت ماڵباتی ئیسماعیل لەو ناوچەیەی تێیدا دەژین "ماڵباتێکی ڕێزلێگیراو و خاوەن کاریگەرین". باوک و برای ئیسماعیل، پاش لێکۆڵینەوە، پشتڕاستیانکردووەتەوە کە ئیسماعیل بەشدار بووە لە هێرشەکاندا.

### لەگەڵ کۆچبەران بەرەو "بەهەشت"

هێرشبەری دووەم، کە ناسراوەتەوە، کەسێکی سوورییە بەناوی (ئەحمەد ئەی.). ئەو لەڕێگەی یۆنانەوە لەگەڵ کۆچبەران دزەیکردووەتە نێو ئەورووپا. حکومەتی یۆنان پشتڕاستیدەکاتەوە کە ئەحمەد بە خاکی یۆناندا تێپەڕیوە و لەوێ بەو پاسپۆرتەی لەکاتی هێرشەکەی پاریس لە باخەڵیدا بووە خۆی بە پۆلیسی یۆنانی ناساندووە. لە سێربیاش حکومەتی ئەو وڵاتە ڕایگەیاندووە کە پێشتر ئەحمەد وەکو کۆچبەر بە سێربیادا تێپەڕیوە و پۆلیسی ئەو وڵاتە بەو پاسپۆرتەوە کە پێیبووە دەستگیری کردووە. ئێستا ڕوونبووەتەوە کە ئەحمەد لە سووریاوە خۆی گەیاندووەتە تورکیا، لەوێوە بە قاچاخ چووەتە دوورگەیەکی یۆنانی و لەوێ پۆلیس دەستگیریکردووە. دواتر لەڕێگەی سێربیاوە خۆی گەیاندووەتە هەنگاریا و لەوێوە بە یەکێک لەو ڕێگەیانەی کۆچبەران بۆ گەیشتنە فەرەنسا بەکاریدەهێنن خۆی گەیاندووەتە پاریس.

### دۆزینەوەی ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە

پاش گەڕانێکی زۆر، پۆلیسی فەرەنسا ئۆتۆمبێلە پۆلۆکەیان لەنزیک هۆڵی کۆنسێرتەکە دۆزییەوە. پۆلۆکە تابلۆی بەلجیکای پێوەبووە و دروست ئەو ناونیشانانەی هەبووە کە شایەتحاڵەکان لەبارەی پۆلۆکەی هێرشبەرانەوە باسیانکردووە. لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا پسوولەیەکی پارکینگ دۆزراوەتەوە کە لە گەڕەکی مۆڵنبێک-ی شاری بڕۆکسەل-ی پایتەختی بەلجیکا دەرچووە. گەڕەکی مۆڵنبێک جاران لە بڕۆکسەل پێیاندەگوت "مانچستەرە بچکۆلەکە"، کەچی ئێستا لە میدیای بەلیجیکیدا وەکو "لانەی تیرۆریستان" ناوی دێت. ساڵی ڕابردوو دوو کردەوەی تیرۆریستی لە بڕۆکسەل و لە شەمەندەفەرێکدا ڕوویاندا، ئەنجامدەرانی ئەو کردەوانە هەموویان لە مۆڵنبێکەوە هاتبوون و بنەچەی مەغریبی و جەزائیرییان هەبوو. دوای دۆزینەوەی ئۆتۆمبێلە پۆلۆکە، ئۆتۆمبێلێکی فەرەنسی دەخرێتە ژێر چاودێری کە بەخێرایی لە فەرەنساوە بەرەو بەلجیکا دەڕوات. دواتر دەردەکەوێت ئەو ئۆتۆمبێلە سێ کەسی مەغریبی لە پاریسەوە دەگوازێتەوە بۆ گەڕەکی مۆڵنبێک. پۆلیسی بەلجیکا بەگومانی ئەوەی کە سێ کەسەکەش ئەندامانی تیمە هێرشبەرەکە بوون، هەرسێکیان دەستگیردەکەن. ئێستاش لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە.

### ناتۆ تەدەخول دەکات؟

کاردانەوەی ڕێبەرانی جیهان پاش ڕووداوەکەی پاریس توند بوو. فرانسوا ئۆلاند-ی سەرۆکی فەرەنسا باری نائاسایی ڕاگەیاند و گوتی: "ئەوەی ڕوویداوە ڕاگەیاندنی جەنگە لەدژی فەرەنسا". باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا بەتوندی هێرشەکەی سەرکۆنەکرد. پاپا فرانسیسی ڤاتیکانیش گوتی: "ئەمە دەستپێکە و ڕێگەخۆشکردنە بۆ جەنگی جیهانیی سێیەم". جەیمس ستراڤیدیس، ژەنەراڵێکی پێشووی سوپای ئەمریکا و یەکێک لە فەرماندە باڵاکانی پێشووی ناتۆ، لە نووسینێکیدا پێشنیازدەکات سوپای 3 ملیۆن سەربازی ناتۆ، کە لە سەربازی تەواوی وڵاتانی ناتۆ پێکهاتووە، خۆیان بۆ جەنگێکی فراوان ئامادە بکەن. بەگوتەی ئەو ژەنەراڵە "نابێ فەرەنسا بەتەنیا بهێڵدرێتەوە و دەبێ ناتۆ بەرپرسیارێتیی تۆڵەسەندنەوەکە وەئەستۆ بگرێت". ژەنەراڵە ئەمریکییەکە پێشنیازدەکات یەکێک لەو کارانەی ناتۆ دەیکات تەدەخولی سەربازی بێت لە سووریا، هەروەها لە عێراقیش پێشنیازدەکات "هاوکاریی پێشمەرگە و ئێزدییەکان بکرێت و مەشقیان پێبکرێت لەدژی داعش".


(فۆتۆ: AFP)

### ئەمساڵ داعش 5 هێرشی لەناو فەرەنسا ئەنجامداوە

**لە سەرەتای ئەمساڵەوە داعش 5 هێرشی لە نێوەوەی فەرەنسا ئەنجامداوە. ئەوانیش بەمشێوەیەی خوارەوەن:**

* لە ڕۆژانی 7 تاوەکو 2015/1/9 دوو برا لە سەنتەری پاریس دەچنە سەر ئۆفیسی گۆڤاری ساتیریی (چارلی هێبدۆ) و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و کەسی سڤیلیان کوشت. دوای ئەوە بۆی دەردەچن و لە دەرەوەی پاریس لە چاپخانەیەکدا بەدەستی پۆلیسی فەرەنسا دەکوژرێن.

* لە شاری نیس-ی فەرەنسا ڕۆژی 2015/2/3 داعشێک هێرشدەکاتە سەر سێ سەربازی فەرەنسی کە سەنتەرێکی جوولەکەکانیان لەو شارە دەپاراست. سەربازەکان بریندار‌بوون و داعشەکەش دەستگیرکرا.

* ڕۆژی 2015/6/26 لە شاری لیۆن داعشێک سەری خاوەنکارێکی پێشووی خۆی لە کارگەیەکی غازدا دەبڕێت. سەرە بڕاوەکە بە دارێکەوە دەکات و ئاڵایەکی داعشی لەسەر دەچەقێنێ. دواییش بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بەنێو کارگەکەدا دەکات و دەیتەقێنێتەوە.

* ڕۆژی 2015/8/21 لەنێو شەمەندەفەرێکدا لەنێوان ئەمستەردام و پاریس داعشێک بە کلاشینکۆفێکەوە دەردەکەوێت. ئەو کەسانەی بەو شەمەندەفەرە سەفەریانکردووە هێرشدەکەنە سەر داعشەکە و بەهەموویان دەستگیری دەکەن.

* هێرشی پێنجەمیش هێرشی شەممەی ڕابردوو بوو لە پاریس کە بەهۆیەوە 129 کەس گیانیان لەدەستدا و زۆرتر لە 300 کەسیش بەسەختی بریندار‌بوون.

# لەبارەی سەرکەوتنی ئاکەپە لە هەڵبژاردن

پۆڵ دەیڤیس*

من پێشتریش گوتوومە کە نە تورکیا دەتوانێت لەڕێگەی سەربازییەوە پەکەکە لەناو ببات و نە پەکەکەش دەتوانێت ئەو کارە لە بەرامبەر تورکیا بکات، بەڵام لەم مانگەدا کورد دووجار تووشی شکست هاتووە: یەکەم، گۆڕانکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە، هەڵبژاردنێک کە هەر لە بنەڕەتەوە پێویست نەبوو. دووەم، بڕیاری دەستپێکردنەوەی شەڕ لەلایەن پەکەکەوە.

بۆ هەڵبژاردنەکان کورد شتێکی ئەوتۆی لە دەست نەدەهات، ئەگەرچی ئەم هەڵبژاردنەی دوایی بەهیچ شێوەیەک خاوێن بەڕێوەنەچوو. شتێکی باشە کە ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپا و ئەنجوومەنی پەرلەمانی ئەورووپاش ڕاستەوخۆ سەرکۆنەی هەڵبژاردنەکانیان کرد و بە ناعادیلانە و پڕ لە هەڕەشە و توندوتیژی دژ بە کورد وەسفیان کرد. ئەگەرچی ئەمە کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێکە لە پاڵپشتی بۆ کورد.

ئەردۆغان دواتر ڕایگەیاند کە شەڕی دژ بە پەکەکە بەردەوام دەبێت، ئەمەش نیشانی دەدات کە ئەو تا ئێستاش سوود لە پشتگوێخستنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەبینێ. ڕاگەیاندنی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەلایەن پەکەکەش زیاتر یارمەتیی ئەردۆغان دەدات و دواجار هەموو ئومێدێک بۆ ئاشتی یان ڕێککەوتن لەناو دەبات.

تا ئەوکاتەی پەکەکە خەریکی شەڕ بێت، ئومێدێکی کەم هەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیەوێت لەم نێوەدا میانگیری بکات. بێگومان ئاسان نییە لەبەر چاوی تۆ خەریکی ڕاوەدوونانی میللەتی تۆ بن و تۆیش بێ هەڵوێست دەستەوەستان دابنیشی، بەڵام ئەمە ڕێک ئەو کارەیە کە پێویستە پەکەکە بیکات، چونکە تاکە ڕێگە بۆ پێشەوە ڕێگەچارەیەکی سیاسییە.

بۆ ئەوەی ئەمەش ڕووبدات، دەبێت پەکەکە لەسەر ڕێگە لابچێت: نە دەبێ وەڵامی هێرش بداتەوە و نە خۆیشی هێرش بکات. هەدەپە دەبێ پێگەی خۆی وەک ئۆپۆزیسیۆن قبووڵ بکات و بە ورەی بەرزەوە لە کاری پەرلەمانی بەردەوام بن. بەڵام ئایا ئەمە کۆتایی بە تاکڕەوی ئاکەپە دێنێ؟ نا، بە دڵنیاییەوە سەرەتا نا.



ئەمە شەڕێکە لە پێناوی مافی مەدەنی، نەک دەستکەوتی سەربازی. کەواتە ئەگەر چیدی سەرباز و پۆلیس، بە پاساوی جیاواز نەکوژرێن، بە دڵنیاییەوە چاوی دونیا بەسەر تیرۆر و کوشتنە نایاساییەکانی حکومەتدا سەرلەنوێ دەکرێتەوە. ڕۆژنامەنووس و ناوەندە میدیاییەکان لە کاتێکی وەهادا زیاتر چالاک دەبن و دواتریش هەر بەو هۆیەوە زیاتر سەرکوت دەکرێن. سیستەمە حکومی و دادوەرییەکانی جیهان دەبێ ببینن کە چۆن وڵاتێک خەڵکی خۆی کەل و کۆم دەکات لە کاتێکدا ئەم خەڵکە نە هەڕەشەیە و نە دەیەوێت دەستیش بکاتەوە. لەم ناوەدا کورد تەنیا لەڕێگەی ئامۆژگارییەکانی گاندی و مارتن لۆسەر کینگەوە دەتوانێت شکست بە تورک بهێنێ.

ئەمە نە ئاسانە و نە بە خێرایی دەکرێت، دواجار هەم خۆڕاگری دەوێت و هەم خواستێکی بەهێز. یەکەم هەنگاو ئەوەیە تێبگەین کە پەکەکە یان هیچ ڕێکخراوێکی چەکداری لەم قۆناغەدا چارەسەر نییە. بۆ ئەوەی لەم شەڕەدا سەرکەوتن بەدەستبێت، دەبێ هاوپەیمانەکان ئەوە بکەن کە لە ڕێگەی لوولەی تفەنگەوە ناکرێت. دەبێ سەرەتا هەرچۆنێک بێت ئارامی بگەڕێتەوە ناوچە کوردییەکان. بۆ ئەوەش دەبێ زەمینەی پاشەکشەی ئابڕوومەندانەی سوپا لەم ناوچانەدا و لە شەڕەکەدا هەبێت.


سەرباری ئەوەی کورد لە تورکیا دەمێکە قوربانین، ئێستا دەبێ ببنە بەشێک لەڕێگەچارەی ناوچەیی. یەکێک لە کێشە هەنووکەییەکانی ئەورووپا شەپۆلی ئەو لێقەوماوانەیە کە لە سووریاوە بەرەو ئەو کیشوەرە بەڕێکەوتوون، بێگومان کێشەی کورد وەک بەشێک لە هۆکاری ئەم کۆچە بە کۆمەڵە دەبینرێت. تا ئەوکاتەی ئەم کێشەیە چارەسەر نەبێت، یەکێتیی ئەورووپا پاڵپشتی کورد ناکات، چونکە لەڕاستیدا تورکیا وەک لایەنی چارەسەری یەکەمی کێشەی پەنابەران دەخوێنرێتەوە. تورکیا ئەو وڵاتەیە کە دواجار ڕەنگە ئەورووپا بەشێکی زۆری ئەو پەنابەرانە لەڕێگەیەوە بنێرێتەوە بۆ سووریا.

نابێ کورد بە گشتی و پەکەکە بە تایبەتی چیدی وەک هۆکاری ناسەقامگیریی ئاسایشی تورکیا لێکبدرێنەوە. ئاکپارتی لە ڕێگەی بەدناوکردنی هەدەپە و ئەو هەڵمەتەی لەدژی نایەوە، توانی باڵادەستی لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ خۆی مسۆگەر بکات. سوپا سەرباری ئەوەی کە مافە مەدەنییەکان ژێرپێ دەخات، هێشتاش بەپێی ڕاپرسییەک پێگەی خۆی وەک بەهەیبەتترین دەزگای دەوڵەت بەدەست هێناوەتەوە. کورد ناتوانێت لەڕێگەی سەربازییەوە بیباتەوە و ناشتوانێت پاڵپشتی سیاسی بەدەست بهێنێ تا ئەوکاتەی دونیا چاوی بەسەر ڕەگەزپەرستی و توندوتیژیی حکومەتی تورکیادا دەکاتەوە. ئەمەش ستراتیژێکی کورتخایەن نییە، بەڵکو ئامانجێکی درێژمەودایە کە ڕەنگە چەند نەوەیەکی بخایەنێ. بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەمە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەرهەمی دەبێت.

*** پۆڵ دەیڤیس توێژەرێکی خانەنشینە و بۆ هەواڵگریی سەربازیی سوپای ئەمەریکا کاری کردووە. ئێستا ڕاوێژکاری هەواڵگریی ئەمەریکایە و پسپۆڕە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی پرسی کورد. سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی جانوسە لە واشنتن.**

رووداو
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16

# دوژمنێکی مایکرۆسکۆپی هەڕەشە لە کوردستان دەکات



سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

ئـەم هەفتەیە (16-22ی نۆڤەمبـەر) زۆربەی وڵاتـان لە خەمـی پەیدابوونـی بەکتریاگەلێکدان کە بوونەتە هەڕەشـە بۆ سـەر ئاینـدەی مرۆڤ، چونکە ئیدی ئەوانە بە دەرمانی دژەزیندە (ئەنتی بایۆتیک)ەکان لەنێوناچن، بەدواداچوونێکی رووداو دەریدەخات کوردستانیش لە ریزی ئەو وڵاتانەدایە کە زۆرترین هەڕەشەی ئەو بەکتریایانەی لەسەرە.

دەرمانـە دژە زینـدەکان (ئەنتـی بایۆتیـک) کۆمەڵە دەرمانێکن کە بۆ چارەسەر و پێشگیری لە نەخۆشییە بەکتریاکان بەکاردێن. بەڵام کاتێک ئەم دەرمانانە خراپ بەکاردەهێنرێن لەلایەن مرۆڤەوە، ئەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بەکتریاگەلێک پەیدا دەبن کە ئیدی گوێ بەم دەرمانانە نادەن و بەوانە لەنێوناچن.

بەگوێـرەی توێژینەوەیەکـی نوێـی ئەورووپی کە لەسـەر ژمارەیەک لە دانیشـتووانی سـوید و بەریتانیا کراوە، تەنیا یەک کۆرسـی دەرمانە دژە زیندەکان دەتوانێت بۆ ماوەی یەک ساڵ نەخشەی پێکهاتـە بەکترياييەکانـی گـەدە و ریخۆڵـەکان تێکبـدات و رێگەش خۆشـدەکات بۆ پەیدابوونی وردە زیندەوەرە سەرسەختەکان کە نەخۆشخەرن و بەرگرییـان پەیداکـردووە لـەدژی دەرمانە دژە زیندەکانی ئێستا.

لـە باشـووری کوردسـتان جگـە لـە زۆر بەکارهێنانی دەرمانی دژە زیندە لەلایەن پزیشکان و دەرمانسـازانەوە، پەرسـتار و برینپێچەکانیش بـێ گوێدانە بنەما زانسـتییەکان ئـەو دەرمانانە دەفرۆشن و هەموو کەسێک دەتوانێت لە بەرامبەر بـڕە پارەیەکـی کەمدا بڕێکی زۆر لـەو دەرمانانە بکڕێت، بێ ئەوەی پزیشـک بۆی نووسیبێت یان سەلمێندرابێت کە پێویستی بەو دەرمانانەیە.

## گرفتێکی جیهانییە

وەزارەتـی تەندروسـتی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان دەڵێـت پەیدابوونـی بەکتریـا سەرسەختەکان گرفتێکی جیهانییە و پەیوەست نییە بە کوردستان بە تەنیا "بەڵام لە کوردستان داتـا و توێژینەوەی وردمان لەسـەر ئاسـتی ئەم مەترسـییە و لێکەوتەکانی نییـە". ئەوە گوتەی دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتەکەیە.

دکتۆر خاڵـس داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکـۆ و کۆلێـژە پزیشـکییەکان دەکات، ئەم گرفتە بکەنە بابەتی توێژینەوە و رووپێوی زانستی تاوەکوو رێگەپیشاندەریان بێت بۆ چارەسەر.

بەپێی بەدواداچوونێکی پێشووتری (رووداو) لە رۆتەردام و هەولێر، پزیشـکێکی کورد لە هۆڵەندا گرفتی پەیدابوونی بەکتریا سەرسـەختەکانی لە کوردستان و هۆڵەندا کردبووە بابەتی توێژینەوە. ئـەو گوتبـووی لـە هۆڵەندا ئـەوەی کـە 5%ی بەکتریاکان سەرسـەخت بوون، بووەتە خەمێکی گـەورە لـەو وڵاتەدا، کەچی لە 9 نەخۆشـخانەی کوردستان پشـکنینەکان دەریانخستووە 86%ی بەکتریاکان سەرسەخت بوونە.

دکتۆر خاڵس چەنـد هۆکارێک دەخاتەڕوو بۆ پەیدابوونی بەکتریا سەرسەختەکان لە باشووری کوردستان "زۆر نووسینی دژە بەکتریاکان لەلایەن پزیشکانەوە، بەکارهێنانی دژەبەکتریاکان لەلایەن نەخۆش بێ ئەوەی پزیشک بۆی نووسیبن، ئاسان دەسـتکەوتنی ئـەو دەرمانانە لە کوردسـتان کە هەندێکیان بێ رەچەتەش دەستدەکەون و نزمیی ئاسـتی هۆشـیاریی تەندروسـتی هاووڵاتیان لەو هۆکارانەن".

## وەزارەت رێگەی بە فرۆشتنیان داوە

ماوەی پێشوو وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستێکی بڵاوکردەوە. لیستەکە نـاوی ئـەو دەرمانانـەی تێدابـوو کـە کارمەندی تەندروسـتی دەتوانێ بیانداتە خەڵکی بێ ئەوەی پزیشک نووسـیبێتی. لانیکەم دوو لەو دەرمانانە دژە زیندە بوون.

لەبـارەی هۆکاری بوونی ئەنتـی بایۆتیک لەو لیستەدا، دکتۆر خاڵس دەڵێت "هەرچەندە زانیاریی وردم نییە سەبارەت بە چۆنێتی دانانی ئەو لیستە، بـەڵام لە دانانیدا پشـت بە لیسـتێکی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەستراوە، بۆ ئەو دەرمانانەی دەکرێت بەبێ راچێتەی پزیشک بەکاربهێنرێن".

پسـپۆڕێکی سیستمی تەندروسـتی بە توندی رەتیدەکاتـەوە رێکخـراوی تەندروسـتی رێنمایی دابێت کە دەرمانی دژە زیندە بەبێ راچێتە بدرێتە نەخۆش. دکتۆر گۆران عەبدوڵڵا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە سیسـتمی تەندروسـتی بـە (رووداو) گوت: "بە هیچ جۆرێک نابێت ئەنتی بایۆتیک بەبێ رەچەتە بنووسـرێت. تەنانەت باشـتر وایە ئەنتی بایۆتیک بە گوێرەی پشـکنینی تاقیگەیی لەسەر رەچەتەش بنووسرێت لەلایەن پزیشکەوە، نەک بە هەرەمەکی. تەنیا لە کاتی ناچاریدا دەکرێت بەبێ ئەو پشـکنیانە و لەلایەن پزیشکیشەوە بدرێت بە نەخۆش".

دکتۆر گۆران سـەبارەت بەو لیستەی وەزارەت و لێدوانەکانیـان، گوتی "ئەوەی وەزارەت دەیڵێت دوو ئەگـەر هەڵدەگرێـت. یـان وەزارەت زانیاری نییە و بێئاگایە لەو راسـتیە سەرەتاییانەی بواری پزیشـکی. یـان وەزارەت ئـاگادارە و ئـەم جۆرە بڕیارە نازانستیانە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵێک گەورە بازرگان و وردە بازرگان دەردەکات".

لـە بەدواداچوونێکـی پێشـتری (رووداو) دا سـەبارەت بە بوونی چەنـد دەرمانێکی دژەزیندە لـە لیسـتەکەی وەزارەتـدا بـۆ ئـەو دەرمانانەی دەکرێـت بـێ رەچەتە بفرۆشـرێن، بەرپرسـانی وەزارەت گوتبوویـان کە پێشـتر هیچ سـنوورێک نەبووە بۆ فرۆشتنی دژەزیندە لەلایەن کارمەندانی تەندروسـتییەوە، بەڵام ئێسـتا وەزارەت سنووری بـۆ دیاریکـردوون و تەنیا ژمارەیەکـی کەمی ئەو دەرمانانەی دیاری کردووە کە دەتوانن بیفرۆشن.

دکتـۆر گـۆران لـەو بارەیـەوە دەڵێـت "ئەو بڕیارانە ئەوەندەی وەکو کەرەستەیەکی میدیایی و ریکلام بەکارهێنراون، هێندە بۆ خزمەتی خەڵک و تەندروستی نەبوون".



### رێنماییەکانی تەندروستیی جیهانی:

**رێکخراوی تەندروستی جیهانی چەند رێنماییەکی هەیە بۆ چارەسەر ئەو گرفتە.**

#### 1 - ئەرکی هاووڵاتیان:

- خۆپاراسـتن لە تووشـبوون بە نەخۆشـییە گوازراوەکان، ئەویش لە رێگەی شووشتنی دەسـت، پرەنسیپە بنچینەییەکانی خاوێنی، دوورکەوتنەوە لە تێکەڵی خەڵکی تووشبوو بە نەخۆشییە گوازراوەکان و ئەنجامدانی کوتانە پێویستەکان.
- تەنیا کاتێک دەرمانی دژەزیندە بەکاربهێنن کە پزیشک و دەرمانساز رێگەیان دابێت.
- ئەو کۆرسە تەواو بکەن کە بۆیان دیاری دەکرێت.
- هەرگیز نیمچەکۆرس و دەرمان بەشێوەی دەنک دەنک و تاک و تەرا بەکارنەهێنن.
- هەرگیز ئەو دەرمانەی بۆت دیاری کراوە، بەشی خەڵکی دیکەی لێ مەدە.

#### 2 - ئەرکی ستافی تەندروستی:

- خەڵکی تووش مەکەن، دەست و ئامێر و شوێنی کارەکانتان خاوێن رابگرن
- خەڵکانی شیاو بۆ کوتانەکان بەکاربهێنن.
- ئەگەر گومانی هەوکردنی بەکترياييتان هەبوو، بە پشکنینی تاقیگەیی بیسەلمێنن بەر لەوەی دەرمانی دژەزیندە بدەن.
- ئەگـەر پێویسـتی کرد دژە زینـدە بە خەڵکی بدەن، ئەوە دەبێـت گونجاوترین ئەنتی بایۆتیک، بە گونجاوترین ژەم و بۆ گونجاوترین ماوە بنووسن.

#### 3 - ئەرکی کاربەدەستان

- پلانێکی پتەوی نیشتیمانی دابنێن بۆ رووبەڕووبوونەوەی گرفتی ناکارابوونی دژەزیندەکان.
- رووپێویی نیشتیمانی بکەن سەبارەت بە دیاردەکە.
- بەهێزکردنی رێوشوێنەکانی کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییە گوازراوەکان.
- رێکخستن و پشتیوانیکردن لە بەکارهێنانی گونجاوی دەرمانی کواڵێتی بەرز.
- بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاری سەبارەت بەو گرفتە بۆ جەماوەر.

#### 4 - کەرتی کشتوکاڵ:

- بەپێی ستانداردە ڤێتەرنەرییەکان دەرمانی دژەزیندە بدەنە ئاژەڵ.
- ئاژەڵەکان بکوتن تاوەکوو کەمتر پێویستیان بە دەرمانی دژەزیندە بێت.
- بەکارهێنانی دەرمانی دژە زیندە بۆ رووەکەکان کەم بکەنەوە.
- بنەماکانی پراکتیزەی دروسـت و زانسـتی پیادە بکەن لە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنان و لەقوتوونانی بەرهەمە رووەکی و ئاژەڵییەکان.

---

**بڕیار بدە کامەیان هەڵبژێری**

# 20 رێگە بۆ رێگری لە منداڵبوون

رووداو- webmd

رێگەکانی رێگری لە منداڵبوون زۆر و زەوەندن، بۆیـە هەڵبژاردنـی یەکێـک لەنێـوان ئـەو هەموو جـۆرەدا رەنگـە ئاسـان نەبێـت. سـەرەتا دەبێ بزانی تەنیا سێکسـنەکردن 100% سەرکەوتووە لە دروستنەکردنی منداڵ و ئەوانی دیکە هەریەکەیان تا رادەیەک ناکاران.

بەرلەوەی بڕیار بدەی، چەند پرسیارێک لە خۆت بکـە کە ئایا هەریەک لـەو رێگایانە تا چەند کاران لـە رێگریـی منداڵبوون. تێچـووی ماددیی رێگاکە و تـا چەند لەگەڵ رێگری لـە منداڵبووندا رێگە لە تووشبوون بە نەخۆشییە گوازراوەکان لە سێکسەوە دەگیرێ.




### 1 - رێگەی سروشتی:

ئەم رێگەیە پشـت بە هیچ دەرمان و دەزگایەک نابەسـتێ. بەڵکو تەنیا هەندێک هۆشیاریی دەوێ. ماوەیەک لە هەموو مانگێکدا هەیە کە پێی دەگوترێ پەنجـەرەی بەپیتی، لەو ماوەیەدا زۆرترین ئەگەری دروسـتبوونی منـداڵ هەیە. ئەگـەر خانمەکە وریا بێت، هەست دەکات لەو چەند رۆژەدا پلەی گەرمیی لەشـی هەندێک بەرزتـرە و گۆڕانکاریش لە تەڕایی دامێنیـدا روودەدات. باشـترە لەلایـەن کەسـێکی شارەزای پزیشکییەوە فێری ئەم رێگایە ببیت.

### 2 - تۆو کوژ

بەشـێوەی جێـڵ و کرێم توێژاڵـی تەنک هەن. ماوەیەکـی کورت بەر لە سێکسـکردن لە ناوەوەی زێ دەدرێـن. ئەو ماددەیـە ژەهرینە بۆ تۆوەکان و هـەر لە جێدا دەیانکـوژێ و ناهێڵێ بگەنە هێلکە و بیپیتێنـن. ئەگـەر زۆر بەکاربهێنرێن رەنگە ببنە هۆی رووشـان و برینداربوونـی زێ و هەوکردنی و تەنانەت گواسـتنەوەی ئەو نەخۆشـییانەش کە لە رێگەی سێکسەوە بڵاودەبنەوە.

### 3 - کۆندۆمی پیاوان:

کۆندۆم رێگە لە رۆیشتنی تۆو بۆ نێو جەستەی ئافرەت دەگرێ، هەمان کات رێگرە لە گواستنەوەی ئەونەخۆشییانەی لە رێگەی سێکسەوە بڵاودەبنەوە. بەڵام ئەگەر کۆندۆم تاکە رێگەی بەکارهاتوو بێت، ئەوە چانسی منداڵنەبوون 85%ە و 15%ی ئەوانەی کۆندۆم بەکاردێنن منداڵیان دەبێت.

### 4 - کۆندۆمی ژنان:

هەشت کاژێر بەر لە سێکس لەنێو زێ دادەنرێت. ئەمەیـان کاریگەریی لە کۆندۆمی پیاوان کەمترە و کەمتریـش کارایە لە رێگری لە گواسـتنەوەی ئەو نەخۆشییانەی لە رێگەی سێکسەوە بڵاودەبنەوە.

### 5 - پەردە:

ئەمەیان لەلایەن پزیشکەوە دەخرێتە سەر ملی منداڵدان و بەوەش رێگە دەگرێت لە رۆیشتنی تۆو لـە زێ بـەرەو منداڵدان. ئـەم رێگەیەش هێندەی کۆندۆمی پیاوان کاریگەرە. ئەگەر خانمەکە سووڕی مانگانەی نەبێت، ئەوە دەکرێ تاوەکو دوو ساڵ لە شوێنی خۆیدا بهێڵرێتەوە.

### 6 - کەپی ملی منداڵدان:

وەک پـەردە وەهایـە، بـەڵام کەمتـر کارایە و لەوانەی پێشـووتر منداڵیان بووە رێژەی شکستی دەگاتە 30%. پێویسـتی بەوەیـە تۆوکوژی لەگەڵ بەکاربهێنرێ. دەبێ تەنیا بۆ 48 کاژێر بمێنێتەوە.

### 7 - ئیسفەنجی دژە سکپڕی:

ئەمەیـان پێویسـت نـاکات پزیشـک داینێ، ماددەیەکی مۆمییە و تۆوکوژی تێکەڵە. لە کۆتایی زێ دادەنـرێ و رێگـری دەکات لـە تێپەڕبوونـی تۆو. لەو ژنانەی پێشـووتر منداڵیان بووە، رێژەی شکستی ئەم رێگایە دەگاتە 32%.

### 8 – حەبی دژە سکپڕی:

بڵاوتریـن جۆریـان ئەوەیە کـە تێکەڵەیەکە لە هۆرمۆنەکانی ئیستۆجین و پرۆجیسترۆنی مێیینە. ئـەم حەبە رێگە دەگرێ لە دابەزینی هێلکە. تەنیا 8%ی ئەوانـەی بەکاری دێنـن منداڵیان دەبێت کە هەندێکیـان ئەوانەن هەندێکجـار لەبیریان کردووە حەبەکە هەموو رۆژێک بەکاربهێنن.

حەبەکە سووڕی مانگانەش رێک دەخاتەوە، یان هەر نامێنێ تاوەکو حەبەکە دەوەستێنرێ. بەڵام لە هەندێـک لە خانماندا کاری نەخوازراویش دەکات، وەک ئازاری مەمک، بەرزکردنەوەی گوشاری خوێن، زۆربوونی ئەگەری کلۆبوونی خوێن و دروستبوونی پەڵەی پێست.

### 9 - لەزگەی دژە سکپڕی

ئـەم لەزگەیـە لە پێسـت دەدرێ و هەمان ئەو هۆرمۆنانـەی لێـوە وەردەگیـرێ کـە حەبـی دژە سـکپڕی تێیدایە. ئـەم لەزگەیە هەفتـەی جارێک دەگۆڕدرێت و لە مانگێکدا سـێ هەفتە (سێ جار) لـە پێسـت دەدرێت و هەفتەی چـوارەم بەبێ ئەو لەزگەیە بەڕێدەکـرێ. لەزگەکە هەمان کاریگەرییە نەخوازراوەکانـی حەبـی هەیـە و رێگریـش نییە لـە گواسـتنەوەی ئەو نەخۆشـییانەی لـە رێگەی سێکسەوە بڵاودەبنەوە.

### 10 – بازنەی ناو زێ:

ئەمەیـان بازنەیەکی پلاسـتیکییە و لەنێو زێ دادەنرێـت. هەمـان ئەو هۆرمۆنانـە دەردەکات کە حـەب و لەزگەی دژە سـکپڕی دەریدەدەن، کارایی و کاریگەریشی وەکو ئەوانە. ئەمەیان مانگانە تەنیا یەکجار دەگۆڕدرێت.

### 11 - دەرزی دژە سکپڕی

ئەمەشـیان پێکهاتەیەکـی هۆرمۆنیـی ژنانەی هەیـە. یـەک دەرزی بۆ ماوەی 3 مانگ کاریگەریی دەمێنێـت. واتە سـاڵانە تەنیا پێویسـت بە چوار دەرزی دەکات. لە حەب و لەزگە و بازنەی نێو زێ کاریگەرترە، تەنیا 3%ی ئەو خانمانەی ئەم دەرزیە بەکاردێنن منداڵیان دەبێت.

### 12 - چێنراوی مەنع:

بـە چاندنـی ماددەیـەک بـە قەبـارەی دەنکە شـقارتەیەک لە ژێر پێسـتی باڵ دەبێت. ئەمەش هەمـان مـاددە دەردەکات کـە لـە دەرزیی مەنعدا هەیە، بەڵام ئەمەیان بۆ ماوەی 3 سـاڵ رێگری لە منداڵبـوون دەکات و ئێجـگار کارایە، بەوەی تەنیا 1%ی ئەوانەی بەکاریدێنن منداڵیان دەبێت.

### 13 - بەستن:

ژنانـی کـورد وای پێدەڵێن، بەڵام لە راسـتیدا لەم پرۆسـەیەدا هیچ شوێنێک نابەسترێت. بەڵکو پارچە کانزایەک (بە زۆری مس) لەشـێوەی پیتی Tی ئینگلیـزی لەلایـەن پزیشـکەوە دەخرێتە نێو منداڵـدان، ئەو ماددەیە دەبێتە لەمپـەر لەبەردەم پیتاندنی هێلکە لەلایەن تـۆو. کە دانرا دەتوانرێت بۆ 10 ساڵ لە شوێنی خۆیدا بهێڵرێتەوە و بەرگری دەکات. کارایيەکـی ئێجـگار زۆری هەیـە بـەوەی کەمتـر لـە 0.8%ی ئـەو خانمانـەی بەکاریدێنـن دووگیان دەبن. بەڵام هەندێک خانم ئەم رێگەیەیان پێناکەوێ و تووشـی سـووڕی مانگانـەی نارێک و خوێن لێڕۆیشتنی زۆر و هەندێک کاری نەخوازراوی دیکە دەبن.

### 14 - بەستنی لوولەی منداڵدان:

لەم رێگەیەدا ئەو لوولەیە دەبەسترێت کە هێلکە دوای دابەزیـن لـە هێلکەدانـەوەی پێیـدا دەگاتە منداڵـدان. ئەمەیان وەک رێگرییەکی هەمیشـەیی لـە منداڵبوون تەماشـا دەکرێ و بۆ ئەو کەسـانە گونجـاوە کە چیتر نایانەوێ بە رێگەی سروشـتی منداڵیان ببێ.

### 15 - قەپاتکردنی لوولەی منداڵدان:

لەم بـارەدا ماددەیـەک دەخرێتە نێـو لوولەی منداڵـدان، ماددەکە دەبێتە هۆی رووشـاندنی نێو لوولەکە و دواتر بەهۆی پرۆسـەی ساڕێژبوونەوەی رووشـاوییەکانەوە، نێو بۆرییەکە تەواو دادەخرێت و ئیـدی هەرگیز ناکرێتەوە. ئـەوەی ئەم رێگەیەی بەکارهێنـا، هەرگیـز پێویسـتی بـە رێگـری لـە منداڵبوون نییە، چونکە هەرگیز نایبێ و تۆوی پیاو هەرگیز ناگەنە هێلکەکانی.

### 16 - بڕینی کەناڵی تۆو:

لەم بارەدا ئەو کەناڵە بچووکە دەبڕدرێت کە تۆو لە گونەوە دەگوازێتەوە، بەڵام تۆودان هەر دەمێنێ. ئـەو پیاوەی ئەمجـۆرە مەنعەی بۆ دەکرێت، ئیدی هەرگیز منداڵ دروست ناکات، جگە لە حاڵەتی زۆر دەگمەن کە رەنگە تێیاندا پرۆسەکە سەرکەوتووانە ئەنجام نەدرابێ.

### 17 - مەنعی کتوپڕی:

ئەگەر دوو کەس مەنعیان نەکردبوو، بە هەڵە تۆو گەیشتبووە نێو زێ، ئەوە دەکرێ بیر لە مەنعێکی کتوپـڕی بکەنـەوە. لەم بـارەدا حەبێکی مەنعیان پێدەدرێت کە بڕێکی ئێجگار زۆر هۆرمۆنی تێدایە. دەبێت لەماوەی 72 کاژێری ئەنجامدانی سێکسـدا ئـەم حەبە بخورێـت بۆ ئەوەی کارا بێت. ئێسـتا جۆری دیکە لە هەندێک وڵات هەن کە لەماوەی 5-6 رۆژی دوای ئەنجامدانی سـێکس کاردەکەن و رێگە لە دروستبوونی منداڵ دەگرن.

### 19 - گێڕانەوەی تۆو:

ئەمە رێگەیەکی کۆنـە و تێیدا پیاو بەر لەوەی تـۆوی دەربچێـت، کۆتایی بە پرۆسـەی سـێکس دێنێـت. 18%ی ئەوانەی ئـەم رێگەیە بەکاردێنن، منداڵ دروست دەکەن، بەڵام ئەگەر هەموو جارەکان رێگـە بگرێت لـە دەرپەڕینی تۆو، ئـەوە ئەگەری دروستکردنی منداڵ تەنیا 4% دەبێت.

### 20 - ئەوەی مەنع نەکات منداڵی دەبێت؟

مـەرج نییـە، چونکە ئەگـەر مەنعیش نەکرێت ئەگەری دروستبوونی منداڵ لە ساڵێکدا و لە نێوان ژن و مێرد بریتییە لە 85% نەوەک 100%.

هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە (383) دووشەممە 2015/11/16

## ئامەد شانۆکارانی کورد کۆدەکاتەوە

هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر

شاری ئامەد شانۆکارانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ لە باوەش دەگرێت.

گۆران عەلی تاهیر، شانۆکار و بەشداربووی فێستیڤاڵی شانۆی ئامەد بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە بەشانۆگەریی (کۆتایی ڕۆژێکی درێژ) بەشداری سێیەمین فێستیڤاڵی شانۆیی ئامەد دەکەین کە شانۆگەرییەکی پانتۆمایمە و لە دەرهێنانی من و هەردوو ئەکتەران پێشڕەو حوسێن و کاردۆ عەزیز ڕۆڵی تێدا دەبینن". سێیەمین فێستیڤاڵی شانۆی ئامەد بەسەرپەرشتی شارەوانیی ئامەد لە ڕۆژانی 15-2015/11/22 بەڕێوەدەچێت کە هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادەی دەبن.






## ڕەیانی باسی ڕەگەزپەرستی دەکات

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

ئاڵا ڕەیانی کچە ئەکتەری کورد لە سوێد لەگەڵ چەند شانۆکارێک سیمینارێکی دەربارەی شانۆ پێشکەش کرد.

ئاڵا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەک شانۆکارێکی کورد ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە سیمینارێکدا لەگەڵ چەند شانۆکارێکی سوێدی گفتوگۆمان لەسەر ڕەوشی شانۆ و هونەری نواندن کرد".

گوتیشی "لەمیانی سیمینارەکەدا باسی ڕەوتی شانۆی کوردیم کرد، هەروەها ڕەنگدانەوەی شانۆ لەسەر ژیان و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردی".

ئاڵا هەروەها گوتی کە ئێستا لە ئامادەکاریدایە بۆ نووسینەوەی شانۆییەک لەسەر ڕەگەزپەرستی و ئەگەر تەواو بێت لەوانەیە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا نمایشی بکەن.

ڕەیانی شانۆکار و ئەکتەرێکی کوردی نیشتەجێی سوێدە و لە دەیان شانۆگەریی سوێدی و ئینگلیزی بەشداری کردووە، هەروەها لە چەند فیلمێکدا ڕۆڵی بینیوە.




## سیریل بابی لەبیر ناکات

ڕووداو- هەولێر

سیریل، خانمە گۆرانیبێژی کورد ساڵی داهاتوو یەکەم ئەلبوومی گۆرانی خۆی بەناوی (بابە) کە لە هەشت تراک پێکهاتووە، بڵاودەکاتەوە.

سیریل بە (ڕووداو)ی گوت کە باوکی زۆر هانی داوە بۆئەوەی ببێتە گۆرانیبێژ و دەنگە خۆشەکەشی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە. سیریل گوتی "زۆرجار لەگەڵ باوکم بەیەکەوە گۆرانیمان دەگوت، من کچە بچووکەکەی باوکم بووم، بۆیە زۆر نازی هەڵدەگرتم، بەداخەوە تا ئەو کاتەی باوکم لە ژیاندا مابوو دەرفەتم نەبوو بێمە بواری هونەری و باوکم ببینێ کە کچە بچکۆلانەکەی ئێستا گۆرانی دەڵێت. ئەمە خەونی ئەو بوو".

سیریل لە یەکەم ئەلبوومی خۆیدا باوکی لەبیر نەکردووە و یەکێک لە گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکەی کە بڕیاری داوە ساڵی داهاتوو بڵاوی بکاتەوە، بەناوی (بابە)یە و ئەلبوومەکەشی هەر بەو ناوەیە.



## بەریتانیا ڤیزا ناداتە سینەماکارێکی کورد

دەریاز یونس
ڕووداو- هەولێر

ڕێکێش شاباز، سینەماکاری کورد و دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتاری #73، بەهۆی پێنەدانی ڤیزاوە ناتوانێت بچێتە فێستیڤاڵی فیلمی بی بی سی و فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن.

ڕێکێش شاباز بە (ڕووداو)ی گوت "داواکاریی وەرگرتنی ڤیزام پێشکەشی باڵیۆزخانەی بەریتانیا کرد لە ئوردن، هاوپێچ لەگەڵ داواکارییەکە داوەتنامەی فەرمی فێستیڤاڵی فیلمی بی بی سیم بۆ ناردن، کەچی ڤیزایان نەدامێ".

فیلمی دۆکیومێنتاری #73 تاوەکو ئێستا لە 15 فێستیڤاڵی جیهانی نمایش کراوە کە باسی پێشمەرگەیەک دەکات لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر شنگال دایک و باوکی لێ ون دەبێ، پێشمەرگەکە لە دهۆکەوە دەچێتە سووریا و لەوێوە دەچێتە سەر چیای شنگال و دایک و باوکی خۆی دەدۆزێتەوە.

فیلمەکە لە فێستیڤاڵی فیلمی بی بی سی بۆ فیلمی دۆکیومێنتاری پێشاندرا و لەم هەفتەیەشدا لە فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن نمایش دەکرێ.



## ڕەئیسی کورد دەچێتە دوبەی

میوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

فیلمێکی کوردی بەناوی (ڕەئیس) بەشداری 12هەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمایی دوبەی دەکات.

ڕزگار حوسێن، دەرهێنەری ئەم فیلمە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فیلمی ڕەئیس لە بەشی کورتە فیلمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمای دوبەی بەشدار دەبێت کە کێبڕکێ لەگەڵ 9 فیلمی عەرەبی و جیهانی بۆ وەرگرتنی خەڵات دەکات".

ناوەڕۆکی ئەم فیلمە باس لە دوو گرووپی منداڵ دەکات کە دەیانەوێت لە گۆڕەپانێک یاری بکەن، گرووپێکیان کە بەردەوام دەدۆڕێت، هۆکارەکە بۆ نەبوونی ڕەئیس دەگێڕنەوە، ڕەئیس هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەمجارە خراپتر دەدۆڕێن.

ئەم فیلمە بەگشتی وێنای ئەو ڕاپەڕینانە دەکات کە بەناوی بەهاری عەرەبی بۆ گۆڕینی دەسەڵات بەرپا کران، بەڵام بارودۆخی گەلەکانیان خراپتر بوو.

فیلمەکە دوو خەڵاتی وەرگرتووە و لە ساڵی 2012 شدا ڕزگار حوسێن خەڵاتی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دوبەی بردووەتەوە.

## فیلمی کوردی فێستیڤاڵی ستۆکهۆڵم داگیر دەکەن


ڕووداو- ستۆکهۆڵم

هەفتەی ڕابردوو فێستیڤاڵی فیلمی تاراوگە وەک یەکێک لە ڕووداوە گرنگە کولتوورییەکانی سوێد و باکووری ئەوروپا، لەشاری یۆتۆبۆریی سوێد بەڕێوەچوو، پشکی شێریش بەر نمایشکردنی فیلمی کوردی کەوت.

فێستیڤاڵەکە ڕۆژی 6ی ئەم مانگە بە نمایشکردنی فیلمی "ژین" دەستی بەکارەکانی کرد و نۆ فیلمی کوردی نمایش کران.

حوسێن مەهینی، بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکە بە (ڕادیۆی سوێد)ی ڕاگەیاند "ئەمساڵ بەهۆی ئەو ڕەوشەی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووی بووەتەوە، نۆ فیلممان هەڵبژارد کە بەشێوەی جۆراوجۆر تیشک دەخەنە سەر ژیان و خەباتی کورد".

فێستیڤاڵی فیلمی تاراوگە Exilfilmsfestivalen یەکێکە لە ڕووداوە کولتوورییە گرنگەکان و لە ساڵی 1993وە دەستی پێکردووە و هەموو دوو ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێت.




## پێشمەرگەیەک دەیەوێ ریکۆرد بشکێنێ



ڕووداو- هەولێر

نەقیبێکی زێرەڤانی دەیەوێ لە ڕێگەی دروستکردنی ئاڵای کوردستانەوە ریکۆردێک تۆمار بکات و نێوی بچێتە نێو کتێبی گینسەوە بۆ ژمارە پێوانەییەکان.


نەقیب سەروان هەرکی کە پێشمەرگەی زێرەڤانییە، خاوەنی ئەو ئاڵایەیە کە ڕۆژی 13ی ئەم مانگە دوای ڕزگارکردنی شنگال لە چنگی داعش، لەسەر سایلۆی ئەو شارە هەڵکرا، ئاڵاکە 5000 مەتر چوارگۆشە بوو.

نەقیب سەروان بە (ڕووداو)ی گوت ئاڵاکەی بە ماوەی دوو ڕۆژ دروستکردووە و چوار بەرگدروو کاریان تێدا کردووە. دوای تەواوکردنیشی ئاڵاکەی پێشکەش بە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە.

سەروان کە چاوی بە بارزانی کەوتووە گوتی "بارزانی پێیگوتم ئاڵاکە لە شوێنێکی پیرۆز بەرز دەکەینەوە".

سەروان بەنیازی دروستکردنی گەورەترین ئاڵایە کە ڕووبەڕەکەی 120 هەزار مەتر چوارگۆشە بێت و دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە ناوی بچێتە نێو کتێبی گینسەوە، بەڵام دەڵێت پێویستی بە هاوکاری و دابینکردنی شوێنە. بۆ ئەو مەبەستەش لە زۆر دەرگای داوە، بەڵام هیچ دەرگایەکی لێ نەکراوەتەوە.

## چین دژایەتی شاجوانی کەنەدا دەکات




دەریاز یونس
ڕووداو- هەولێر

شاجوانی کەنەدا بۆ ساڵی 2015 کە کچێکی بە ڕەچەڵەک چینییە، دەڵێت حکومەتی چین ڤیزای ناداتێ بۆ ئەوەی بەشداری کێبڕکێی شاجوانی جیهان بکات کە بڕیارە ڕۆژی 2015/12/19 لە دوورگەی سانیای باشووری چین بەڕێوەبچێت.

ئانستاسیا لین کە بە ڕەچەڵەک چینییە و هەڵگری ڕەگەزنامەی کەنەدییە، لەڕێی ئیمەیلەوە بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا بانگهێشتنامەی چینم پێنەگەیشتووە، بۆ ئەوەی لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان ئامادەبم". لین هۆکاری نەناردنی بانگهێشتنامەکەی بۆ دەسەڵاتدارانی چین گەڕاندەوە و گوتی "دەسەڵاتدارانی چین ئامادەنین ڤیزام پێبدەن، چونکە پێشتر لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا لە دژی چین شاهیدیم داوە لەسەر ناعەدالەتی و ئەو جیاکارییە ئاینییەی لەو وڵاتە بەرامبەر خەڵکی دەکرێت".

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
کەسانی چواردەورت لە قسە زیاتریان دەوێت، بەڵێنەکانی ڕابردووت گرفتەکانی ئێستای دروست کردووە، بۆ ئەوەی هەڵە تێگەیشتن ڕوونەدات بەهێمنی مەبەستەکانت ڕوون بکەرەوە.

### گا
هەوڵ بدە ماندووبوون مامەڵەت لەگەڵ چواردەورەکەت تێکنەدات، بەتایبەتی نزیکەکانت. سەرقاڵییەکانت ئێجگار زۆر بوون، هەر ماوەیەک بابەتێکی نوێ سەرنجت ڕادەکێشێ.

### دووانە
گەڕان و پرسیارەکانت زیادیان کردووە، زانین سنووری نییە، هەرچەندە بزانیت حەز بە وەرگرتنی زیاتر دەکەیت، بەڵام ئاگادار بە هەندێک کەس بە پرسیاری تایبەت دڵگران دەبن.

### قرژاڵ
بێدەنگی لەبەرامبەر گرفتەکان هەڵبژاردەیەکی باشە، لەگەڵ تێپەڕینی کات هەموو شتێک باش دەبێت. لەم هەفتەیەوە کاتێکی باش بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی دەرەخسێ و دەتوانی بڕیار بدەی.

### شێر
لەبارەی دەسکەوت و دەرامەتەوە ماوەیەکی باشە و دەتوانیت بڕە پارەیەکی زیاتر بەدەست بهێنیت بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانت. کاتەکانی ئێستا بەنرخن بە بابەتی بەسوود بەسەریان ببە.

### فەریک
هەوڵ دەدەی بەخێرایی دەست بەئەنجامدانی کاری نوێ بکەیت. بۆ گەڕانەوەی فرستێکی لەدەستچوو لە هەوڵەکانت بەردەوام بە. ئەو گۆڕانکارییەی لە کارەکەتدا ڕوودەدات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانت دەگونجێت.

### تەرازوو
کارەکانت بەشێوەیەکی باشتر ئەنجام بدە و دەتوانی پشت بە بەخت ببەستی.
بە وردی هەنگاو بنێ و بەجدی کارەکانت بکە، هاوکاریی چواردەورەکەت ڕەت مەکەرەوە.

### دووپشک
ئەم هەفتەیە تیشکی هەتاو لە بورجەکەت دەبێت، هەست بە چالاکی دەکەیت و کارەکان بە ڕێگەیەکی ئاسان ئەنجام دەدەی، بۆیە هیچ کارێک دوامەخە، بۆ پەیوەندیی ئەڤینداری پەلە مەکە.

### کەوان
توانات زۆرە، بەڵام لە بوارێکدا شارەزایی بەدەست بهێنە. دەسکەوتی دارایی باشتر دەبێت. ئەم ماوەیە هەندێک ڕەشبینی تێدایە، هەستەکانت هەرچۆنێک بن، ئەنجامەکان باشتر دەبن لەوەی چاوەڕوانی دەکەیت.

### گیسک
ناتوانی وەک هەمیشە سەربەخۆ ڕەفتار بکەیت، ئێستا چەندین بەرپرسیارێتیت لە ئەستۆ گرتووە و پێویستە بە باشی ئەو کارانە بەڕێوەبەریت کە پێت سپێردراون، بڕوات بەخۆت هەبێت.

### سەتڵ
تێگەیشتنی هەریەکێک بۆ ژیان جیاوازە، مەرج نییە هەموو ڕاستییەکان لای کەسێک بێت، سوود لە بیروڕای کەسانی خاوەن ئەزموون وەربگرە کە دەتوانن هاوکاریت بکەن بۆئەوەی ژیانت ڕێکبخەیتەوە.

### نەهەنگ
مامەڵەیەکی نەرمتر لەگەڵ خێزانەکەت بکە. چالاکی زۆر ئەنجام دەدەیت و ماندووبوون خۆشحاڵت دەکات. خەیاڵەکانت زۆر دەبن و لە هەندێک کاتدا ڕەشبین دەبیت ئەگەر کۆنتڕۆڵی خۆت نەکەیت.

# بوون وەک چاکە



بەفراو نووری

فیلمی (ئێمە فریشتە نین) لە دەرهێنانی نیل جۆردەنی ئینگلیزییە و ساڵی 1989 بەرهەم هاتووە، فیلمەکە بە شێوەیەکی کۆمێدی چیرۆکی دوو زیندانی دەگێڕێتەوە کە بە یارمەتیی بکوژێک لە زیندان دەردەچن و دەچنە شارێکی سەر سنوور بۆ ئەوەی لەوێوە دەربازی کەنەدا ببن، بەڵام خەڵکی شارەکە هەردووکیان بەهەڵە و لە باتی دوو قەشە کە بڕیار بووە بێن بۆ شارەکەیان، وەردەگرن. بۆیە ئەمانیش بۆ شاردنەوەی خۆیان لە جلی قەشەدا دەچنە کڵێسا و تا وای لێدێت بە هۆی ئیشی باش و خوێندنی بابەتی دینییەوە جۆرێک لە گۆڕانی دەروونیشیان تێدا دروست دەبێت و لە کارەکتەری یەکەمیان وەک دز و خراپەکار زۆر دووردەکەونەوە و دەبنە مرۆڤێکی تر. لە ئێرانیشدا لە ساڵی 2003 فیلمێک بەناوی (مارمێلک) کە پێدەچێت بیرۆکەکەی هەمان فیلمی نیل جۆردەن بێت، لە دەرهێنانی کەمال تەبریزی بەرهەم هات. فیلمەکە توانی زۆر سەرکەوتوو بێت و شوێنی خۆی لە هەموو ماڵێکی ئێراندا و لای ڕەخنەگران بکاتەوە. فیلمێکی درام —کومێدییە و چیرۆکەکەی، وەک فیلمی یەکەم چیرۆکی زیندانییەکی پێشینە دزە کە دواجار بە تۆمەتی دزی دەستگیر دەکرێت . لە زینداندا تووشی ڕووداوێک دەبێت و دەیبەنە خەستەخانە، لەکاتێکدا مەلایەک کە لە هەمان ژووری ئەودایە، دەچێتە توالێتەوە، جل و جانتاکەی دەبینێت و دزەکە کە ناوی ڕەزایە، ئەو دەرفەتە بەکاردەهێنێت و جلەکان لەبەر دەکات و جانتاکەی دەبات و دەچێتە دەرێ و بەرەو گوندێکی سەر سنوور هەڵدێت، بەهیوای ئەوەی وڵات جێبهێڵێت. خەڵکی ئەو گوندە خۆیان لە چاوەڕوانیی هاتنی مەلایەکدا بوون بۆ ئەوەی ببێتە مەلای گوندەکەیان، ڕەزا هەر دەگاتە سنوورەکە خەڵک وا دەزانن ئەو مەلاکەیە و ڕێزێکی زۆری لێدەگرن، تا وای لێدێت خۆشی حەز لە ڕۆڵ و شوێنە تازەکەی دەکات. ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی بۆی خولقاوە کاریگەریی گەورەی دەروونی بۆ دروست دەکات بەشێوەیەک لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری ڕەنگدانەوەی دەبێت و ترازانێکی دەروونی لە نێوان کەسایەتی پێشووتری و کەسایەتییە تازەکەیدا دروست دەکات. ڕەزا لە جلی مەلایەتیدا وای لێدێت کاری باش بکات و ڕۆڵ بینینەکەی بەئاراستەی چاکەدا دەیگۆڕێت. بەهەمان شێوەی کارەکتەرەکانی فیلمی پێشوو، لە کارەکتەرێکی خراپەکارەوە بەرەو کەسێکی باش و پۆزەتیڤ دەکرێتەوە . من لە بینینی هەردوو فیلمەکەدا پرسیارێکی کلێشەییم هاتەوە بیر کە ئایا مرۆڤ و کردارەکانی تا چەند بەرهەمی دۆخ و هەلومەرجەکانن؟

لە کتێبێکدا بەناونیشانی (ژێنێی موقەدەس، ئەکتەر و زەجرکێش)، ژان پۆڵ سارتەر بەرگری لە کەسایەتی و منداڵیی ژان ژێنێ - ی ڕۆماننووس و شاعیر و شانۆنووس دەکات. لەم کتێبەدا باس لە ژیان و نەهامەتییەکانی ژیانی ژان ژێنێ دەکات کە کۆمەڵگا بە سەریدا هێناوە و لە ڕوانگەی بوونگەراییەوە بەرگینامەکەی سەبارەت بەو نووسەرە نووسیوەتەوە. سارتەر باس لەو ڕۆڵانە دەکات کە کۆمەڵگا بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنێ و هەمان ڕۆڵ دواجار دەبێتە کەسایەتی مرۆڤ، هەرچەندە ڕۆڵەکە لە جەوهەریشی زۆر دووربێت. زۆربەی بەرهەمەکانی خودی ژان ژێنیەش باس لە ڕۆڵبینینی مرۆڤ و نوقمبوونی دەکات لەهەمان ڕۆڵدا کە خودی ڕاستەقینەی خۆی بیردەچێتەوە. بۆ نموونە لە شانۆی خزمەتکارەکاندا چیرۆکی دوو خوشکی خزمەتکار دەگێڕێتەوە کە ویستی تۆڵەکردنەوەیان لە خانمەکەیان هەیە، بەڵام سەرکەوتوو نابن. ئەوان خۆیان دەکەونە ڕۆڵگێڕانی دوو ئینسانی تۆڵەخوازەوە کە دواجار هەر یەکێ لەو دوو خوشکە دەبنە قوربانیی ئەو ڕەوشە سەپێنراوەی تێیکەوتوون. خودی ژان ژێنێ و زۆربەی کاراکتەری بەرهەمەکانی بەردەوام ئەو ڕۆڵەیان گێڕاوە کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان نەبووە. لە شانۆی (ڕەشەکان) دا، ڕەشەکان دەمامکی سپی پێست دەپۆشن و ڕۆڵی سپی دەگێڕن و ژێردەست ڕۆڵی سەردەست دەگێڕێت، بەم شێوەیە هەموو ڕۆڵێک دەگێڕن تەنیا ڕۆڵە ڕاستەقینەکەی خۆیان نەبێت. بە کورتی ڕۆڵگێڕان بابەتی سەرەکیی زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەیە، ئەم خەسڵەتە بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی کە ڕۆڵێکی دوور لە جەوهەری خۆی گێڕاوە و بە سەریدا سەپاوە. سارتەر لەبارەی ژیان و چارەنووسی ژان ژێنێ پێیوایە دەکرا ژێنێ ئەو چارەنووسەی نەبوایە کە پێیگەیشتووە، ئەگەر هاتبا و کۆمەڵگەی ئازادی ئەو سەردەمەی فەرەنسا دەرفەتی بە هەژار و کەمدەرامەتەکانیش بدایە بتوانن خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و ئازادیی هەڵبژاردنی جەوهەری خۆیان مومارەسە بکەن. ئازارەکانی ژان ژێنێ گەورەتر بوون لە هەموو ئەو ئازارانەی قوربانییەکانی خۆی چەشتوویانە. بەرهەمەکانی ژێنێ هیچ نین جگە لە تۆماری هەموو ئەو ڕووداوانەی بەسەری هاتوون یان خوڵقاندوونی. سارتەر دەڵێت ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار بە ژێنێ دەڵێن تۆ دزی، ژێنێ دانی پێدا نانێت و ڕەتی دەکاتەوە. سارتەر دەڵێت دزبوون لەگەڵ سروشت و جەوهەری ئینسانیی ژێنێدا ناگونجێت، ئەو بە سروشت و جەوهەری خۆی دز نییە. ئەم فەیلەسووفە پێیوایە دزیکردن لەلای مرۆڤ ناتوانرێ وەک بوونی ڕاستەقینە قەبووڵ بکرێ، چونکە بوون چاکەیە و چاکە بوونە، بۆیە گەر ئەوانی تر چاکە بە جەوهەری بوونی مرۆڤ بزانن، ئەو مرۆڤە نەک تەنیا قەبووڵی دەکات، بەڵکو خۆشی حەز دەکات لەو چاکەیەدا بەشدار بێت. لای سارتەر شەڕ و خراپە لە نەبوونەوە دێن، ڕەتکەرەوە و نەفیکەرەوەی باشەن. نەبوون ڕەتکەرەوەی بوونە، بەو پێیەی مرۆڤ بەشوێن بوونەوەیە ناتوانێ خوازیار و قەبووڵکەری خراپە بێت و وەک دۆخی بوونی خۆی پێی ڕازی بێت. ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێت و بەئازادی هەڵبژێرێت، ناتوانێت خراپەی بوێت، ئەمەش لەبەرئەوەی خراپە نەبوونە و دژی ئەو جەوهەرەیە کە مرۆڤ دەیەوێت. سارتەر پێیوایە تەنانەت خراپەکاران و تاوانبارانیش چونکە مرۆڤن، لەبەر حەز تاوان ناکەن و خراپە بە باش نازانن، خراپەکار کەسێک نییە کە حەز دەکات خراپە بکات، بەڵکو خراپەکار کەسێکە کارێک دەکات کە خۆیشی لێی بێزارە و نەفرەتی لێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر هەندێ هۆکار، ئەو کارە بێزراوە دەکات. مرۆڤ لە بوونی خۆیدا بێزارە لە خراپە و بەردەوام دەیەوێت گەر بەدکاری و شەڕێک هەبێت لە خۆی دووربخاتەوە. کاتێک ئاماژە بە کەسێک وەک خراپەکار دەکەین، ئەوە بە دیوێکی تردا ئاماژە بە باشیی خۆمان دەکەین، بۆیە کاتێک خەڵکی گوندەکە بە ژێنێ دەڵێن دز، لەڕاستیدا دەیانەوێت ژێنێ باری تاوانەکانی ئەوان بکێشێت، گەر وا نەبێت ئەوان چۆن دەتوانن لە پاکی و باشیی خۆیان دڵنیابن، یان چۆن دەتوانن خراپە لە خۆیان دووربخەنەوە گەر نەیدەنە شانی کەسێکی تردا. سارتەر دەڵێت، بەم شێوەیە هەموو ڕێگاکان لەبەردەم ژێنێدا دەبەستن و ئەو بوونەی کە خۆیان مەبەستیانە و دەیانەوێت، ئەوە دەدەن بە ژێنێ، تا وای لێدێت خودی ژێنێ ئەو بوون و ڕۆڵە وەردەگرێت و هەمان ئەو کارەکتەرە یاری دەکات کە کۆمەڵگا بەسەریدا سەپاندووە، کۆمەڵگا هێند بەڕووی ژێنێدا هاوار دەکات دز... دز، تا دواجار ژێنێ جگە لەوەی ڕۆڵی دز بۆ کۆمەڵگا بگێڕێت، یارییەکی تر فێر نابێت. کارەکتەرەکانی ناو هەردوو فیلمەکەش بە هەمان شێوە، کاتێک ڕۆڵی باشە دەگێڕن، بە سەرێک نزیک دەبنەوە لە بوونی ڕاستەقینەی خۆیان، چونکە بوون واتە چاکە و ئەوەی چاکە بێت بوون دەیەوێت بگەڕێتەوە لای، بۆیە بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن، دەگەڕێنەوە بۆ خودی ڕاستەقینەی خۆیان. بە سەرێکی تریشەوە کاریگەریی هەلومەرجەکانمان پیشان دەدات لەسەر زاڵکردنی ڕۆڵەکان و سەپاندنی بەسەر مرۆڤدا، جارێک لە سەرەتاوە ڕۆڵی دزیان بەسەردا سەپێنراوە و جارێکی تریش دەبینین بەپێی دۆخەکە و بە هەڵە دەکەوێتە ناو ڕۆڵێکەوە کە دەبێت چاکە بکات، کارەسات لەوەدایە کە کۆمەڵگا زۆربەی کات بۆ پاککردنەوەی خۆی لە تاوان و خراپە، ئەوەی تر مەحکوم دەکات بە خراپ و خراپەکار و وادەکات ئەوانی تر زیاتر ڕۆڵی خراپەکار ببینن تاوەکوو مرۆڤێکی باش. ئەو ڕۆڵەی ڕەزا لە فیلمی مارمێلکدا لەبەرگی مەلایەکدا دەیگێڕێت لە مەحکومیەتی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە، بەجۆرێ خەڵکی گوند هێندە پایەیەکی بەرزی ڕۆحی و کۆمەڵایەتییان بۆ دروستکردووە کە خودی خۆی تووشی چەشنێک لە سەرلێشێوان دەبێ لە سەرەتاوە و پێی سەیرە بەو پێشینەیەی هەیەتی لە تاوانی دزیکردندا ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی بۆ دروستکراوە. کەسایەتی مرۆڤ بە دیدی سارتەر هەمیشە لەبەردەم ئەگەری گۆڕاندایە، هیچ جێگیرییەکی ڕەها ناتوانێ ببێتە شوناسی کەسایەتی، ئەو شلۆقییەی لە بنەڕەتی بوونی مرۆڤدایە، ئازادیی ئەوە لە هەڵبژاردنی بەردەوام و تاقیکردنەوەی جەوهەرێکی ئینسانی کە تەنیا خۆی بەرپرسیار بێت لەئاستیدا. بارودۆخی بوونی ڕەزا لە فیلمی مارمێلکدا و ند و جیم لە فیلمی (ئێمە فریشتە نین)، لە دوو باری جیاوازدا نێگەتیڤە ئەگەر لە ڕوانگەی ئازادیی سارتەرییەوە تەماشای بکەین. یەکەم، ڕەوشێک کە ئەم کارەکتەرانە لەژێر بارودۆخی ژیانی گشتیی کۆمەڵگا و سیستەمی ئابووریدا کەسایەتی دز هەڵدەگرن و دووەم، ئەو کەسایەتیانەی وەک پیاوانی ئایینی لە گوندێکی سەر سنووردا دەیگێڕن، چونکە هیچ کام لەو ڕۆڵانە بەتەواوی هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەوان نەبوون و مەحکومیەتێکی زاڵی باڵادەست بۆی پێشهێناون. لای سارتەر سەرەڕای کاریگەریی دۆخەکان لەسەر بوونی مرۆڤ، ئەوەی گرینگە بەلایەوە ئەوەیە کە هیچ مەحکومیەتێکی دەرەکی ناتوانێ مرۆڤ لە بەرپرسیارێتی دۆخی بوونی خۆی قوتار بکات. ئەو لە هەر ڕەوشێکدا بێ بەرپرسیارە و بەرپرسیاربوونی بەهۆکاری دۆخە کۆمەڵایەتییەکان ناسڕێتەوە. بەڵام ئەوەی بۆ ڕەزا مارمێلک و جیم و ند بایەخی ژیانی هەیە، ئەو بار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەیە کە بەناچار دەکەوێتە ناوی و بەپێچەوانەی ڕەوشی پێشووی ژیانییەوە بەئاقاری باشە و خێری ڕۆحی کۆمەڵایەتیدا دەیبات کە بە داخەوە زۆربەی کات پێچەوانەی ئەو دۆخانە بۆ مرۆڤ دروست دەبن و بە ناچاری دەکەوێتە شوێنێکەوە ڕەنگە ڕۆڵێک بگێڕێت کە لەگەڵ ئەوەی لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی زۆر دوورە، بەڵام مەحکوم بێت بەوەی ببێتە ئەوەی کە سەپاوە بەسەریدا.



# ڕووتکردنەوەی منداڵ*

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە پێویستە منداڵی لێ ئاگادار بکرێتەوە و لە ناخیدا بچەسپێنرێت، ئەوەیە کە نیگەران بێت لە دەرکەوتنی هەندێک بەشی جەستەی، بەتایبەتی ئەندامی زاوزێی. کاتێک منداڵ ئەمەی زانی، فێری نواندنی کاردانەوە دەبێت لەبەرامبەر کەسێکدا کە هەوڵ بدات بەبێ خواستی منداڵەکە ڕووتی بکاتەوە یان دەستدرێژیی بکاتە سەر.

منداڵ لەو کاتەوە کە دەست دەکات بە ڕۆیشتن، ئیدی نابێت بە تەواوی ڕووت بێت. لە یادەوەریی منداڵەکەدا دەبێت ئەوە بچەسپێت کە لەوەتەی هەیە جلی ژێرەوەی لەبەردا بووە و بە ڕووتی نەگەڕاوە. بەگشتی منداڵ لە سێ ساڵییەوە شتەکان بە یادەوەری دەسپێرێت، واتە دەبێت لە سێ ساڵییەوە منداڵ بە ڕووتی نەگەڕێت. تەمەنی چوار ساڵی سنووری کۆتاییە بۆ ئەوەی منداڵ بە ڕووتی بسووڕێتەوە، چ لە دەرەوەی ماڵ چ لەناو ماڵدا.

دەبێت منداڵ لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت کە خودی خۆی جلوبەرگ لەبەر بکات و دایبکەنێت. ئەمە وای لێدەکات، ئەو هەستەی بۆ دروست ببێت کە نابێت خەڵک، تەنانەت دایک و باوکیشی، بە ڕووتی بیبینن.

ئەوە بەس نییە کە منداڵ ڕووت نەبێت، لەوە گرنگتر ئەوەیە منداڵ دایک و باوکی بە ڕووتی نەبینێت. بەتایبەتی لەدوای ئەو تەمەنەوە کە شتەکان بە یادەوەری دەسپێرێت.

منداڵ کە لە لەدایکبوونیەوە لەگەڵ دایک و باوکی لە گەرماو دەبێت و خۆی دەشوات، ئاسایی دەبێت بەلایەوە کە ڕووت بێت. ئەمە تا تەمەنی چوار ساڵان هیچ گرفتێک دروست ناکات. بەڵام دوای ئەو تەمەنە، دەبێت بەجۆرێک منداڵ بشۆردرێت کە ئەندامی زاوزێی دەرنەکەوێت. ئەویش بەوە دەبێت کە دەرپێکورتی لەپێدا بێت یاخود خاولییەک بە خۆیەوە بئاڵێنێ. ئەمە وا تێیدەگەیەنێت کە نابێت هیچ کەسێک ئەندامی زاوزێی ئەو ببینێ.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە منداڵ فێر بکرێت کە بە تەنیا بچێتە ئاودەست و نیگەران ببێت لەوەی کە ئەگەر یەکێک دەرگای ئاودەستەکەی لێبکاتەوە. ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان فێر ناکەن کە بتوانن لە ئاودەست خۆیان پاک بکەنەوە، بە ئاسایی دەزانن تا منداڵەکە بەتەواوی گەورە دەبێت لەگەڵی بچنە ئاودەست. هەندێک دایک و باوکی دیکەش، بە بیانووی ئەوەی منداڵەکە دەترسێت، یان لای دەمێننەوە یاخود داوای لێدەکەن دەرگای ئاودەستەکە بە کراوەیی جێبهێڵێ.

دەبێت ئەو دایک و باوکانە بزانن کە ئەمە کارێکی هەڵەیە و نابێت ئەم کارە بکەن بە خوویەکی ئاسایی لای منداڵ. ئەوەتا، بە بۆنەی سەرقاڵیی ڕۆژانەیانەوە زۆر کات منداڵ لە ژوورێک بە تەنیا یاری دەکات و ناشترسێت، ئیتر بۆچی کاتێک دەچێت بۆ ئاودەست بترسێت؟

دەبێت ئەوە فێری منداڵ بکرێت کە دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە چوار ساڵان، ئیدی دەبێت بە تەنیا لە ئاودەست بێت و نابێت هیچ کەسێکی دیکە ئەو لە تەوالێت ببینێ یاخود دەرگای لەسەر بکاتەوە.

بە گرنگییەوە باسی ئەم بابەتەمان کرد کە نابێت کەس منداڵ لە تەوالێت ببینێ، دەرگای لەسەر بکاتەوە و نابێت دایکان و باوکان بە ڕووتی لەگەڵ منداڵەکانیان خۆیان بشۆن، چونکە ئەمە دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش لەسەر ژیانی منداڵەکە و پاککردنەوەی ئەو خاڵە ڕەشە هەروا کارێکی ئاسان نابێت.

منداڵ ئەگەر لەتەمەنی چوار ساڵانەوە فێر نەکرێت کە لەشی تایبەتە بەخۆی و تەنانەت نابێت لە ئاودەست و گەرماویشدا کەس لەشی ببینێت، ئەوا بۆشاییەک لە زیهنیدا دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز کاردانەوە پیشان نادات بەرامبەر بە بینین و دەستدان لە لەشی. ئەمەش وا دەکات کە توانای خۆپاراستنی نەبێت لە دەستدرێژیی.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (ڕووداو) بڵاودەکرێتەوە.**

# بۆم بکەنە کەچەڵەکە!



ناسر باباخانی

میدیای کوردی هەر لە سەرەتای هاتنە ئارایەوە لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی تاک و حیزب دامەزراوە و بەرژەوەندیی نیشتمانیشی لە سۆنگەی حیزبایەتییەوە شرۆڤە کردووە، بۆیە ناکرێ بڵێین میدیایەکی لەسەدا سەد سەربەخۆ هەیە. دیارە مەبەست ئەوە نییە کە بڵێین میدیای حیزبی بەردەوام دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بووە، بەڵکوو چەمکی بەرژەوەندیی نیشتمانی تا ئەو کاتە لە میدیای حیزبیدا هەیە کە نەبێتە هۆی خەسار لە بەرژەوەندیی حیزب! لەڕاستیدا میدیای حیزبی بە پێوەر و شاوڵی خۆی بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەڵدەسەنگێنێ و خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەندێ جار تاریفی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەلایەن دوو میدیای حیزبییەوە نەک هاوشێوە و هاوتەریب نین، بگرە تا ئاستی دژایەتی لێکتر دوورن.

بێگومان بەهۆی نەبوونی سیستمێکی دەوڵەت نەتەوەیی کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکا سەبارەت بە پرسە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، تاریفێکی نەتەوەییش لە بەرژەوەندی لەگۆڕێدا نییە. خۆ ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە میدیاکار وەک هەموو مرۆڤێک خاوەنی بیروبۆچوونی خۆیەتی و ئینتیمای تایبەتی هەیە بۆ حیزب و لایەنێکی سیاسی، لە هەمان کاتیشدا میدیای حیزبی وەک تەواوی میدیاکانی جیهان ئاکامخوازە و بەدووی قازانج و ئامانجەکانی خۆیەتی، هەربۆیە ناکرێ قایل بە سەربەخۆییەکی لەسەدا سەدی میدیایی بین. بەڵام شتێک کە دەتوانێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەردەنگ و وەرگری میدیایی بۆ لای خۆی پەلکێش بکا چەمکێکە بەناوی "متمانە".

متمانە لە درێژماوەدا بەدەستدێ، واتە تۆ کە سەیری پرۆگرامە هەمەجۆرەکانی کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی دەکەی، بێگومان دواتر فیدباکی بەرنامەکان لە ژینگەی سیاسیی کۆمەڵایەتی خۆتدا بەدی دەکەی و ئاست و ڕادەی ئەم متمانەیەت بۆ خویا دەبێ. بەڵام کاتێک هەستی متمانە بە میدیا دەتوانێ چەند قات بەرزتر بێتەوە کە پرەنسیپی "بێلایەنی" تێدا بەدی بکەی.

لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە: ئایا ئەمە خواست و چاوەڕوانییەکی بەجێیە کە لە کوردستان خوازیاری میدیایەکی لەسەداسەد سەربەخۆ و بێلایەن بین؟ لە یەک وشەدا وەڵامی ئەم پرسیارە "نا"یە. چوون حیزب هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاکی کوردی تەنیوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکدا حزووری هەیە و ئیتر حەوجێ بە گوتن ناکا کە بڵێین سەرچاوەی سەرجەم قەیرانە ورد و درشتەکان لە کوردستان بەرژەوەندیی حیزبییە. کەوابوو ئاساییە میدیای کوردیش بەپێی ئەوەی بژێو و قووتەکەی حیزب دابینی دەکا لایەنگری لە حیزب بکا. بەڵام لێرەدا فاکتەرێک کە زۆر گرینگە، متمانەی خەڵک و بێلایەنیی میدیایە لەسەر پێوەرێکی ڕێژەیی نەک موتڵەق.

ئەوەی بووەتە هۆی ئەوەی (ڕووداو) بە تەعبیری خۆی ببێتە یەکەمی بێ ڕکابەر، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، متمانەبەخشین بە بەردەنگەکەیەتی لەسەر بنەمای بێلایەنی لە ڕووماڵی ڕووداوەکاندا. خۆ ئەگەر ڕووداو ئینتیمای پارتی پێوە دیارە، ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی ئەم حیزبە لە تانەوتەشەر و ڕەخنەی تۆڕی میدیایی ڕووداو بێبەش بێ. کەم بەرنامەی ڕووداو هەیە کە پارتی ڕاستەوخۆ نەکەوێتە بەر ڕەخنەی ئەم کەناڵە، بوونی ڕەخنەگرانی ناسراوی پارتی لە بەرنامەکاندا کە تا ئاستی دژایەتی قسەی لەسەر دەکەن لە هیچ میدیایەکی تردا نابینرێ. ڕەنگە کێشەی هەندێ کەس لەگەڵ ڕووداو ئەوە بێ کە بە عەقڵانییەتێکی بێلایەن سەیری ڕووداو ناکەن (ڕێک ئەم عەقڵییەتە بێلایەنەی کە ڕووداو حەولی بۆ دەدا).

هۆکاری ئەمەش خودی ڕووداوە! ڕووداو ئاستی خواستی بەردەنگەکانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بردووەتە سەر. گواستنەوەی هەواڵە گەرمەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کوێرەدێیەکەوە بگرە تا ناو کۆشکی سپی و پڕۆگرامە پڕبینەرەکانی (واتە ڕەهەندی نەرم ئامێری) و کواڵیتی باڵای تەکنیکی ئەم تۆڕە میدیاییە (واتە ڕەهەندی ڕەق ئامێری) بەردەوام بینەر و بیسەر و خوێنەرەکەی تامەزرۆتر دەکا، بۆیە ئەو چاوەڕوانییەی ئەمڕۆ لە ڕووداو هەیە لە هیچ میدیایەکی تری کوردی نییە.

ئاوڕدانەوەی بەردەوام و بەرپرسانە و ڕاستگۆیانەی ڕووداو لە پارچەکانی تری کوردستان، بوونی پرۆگرامی فیکس و نەگۆڕی تایبەت بەم پارچانە سیمای ئەم میدیایەی لە میدیایەکی حیزبییەوە بەتەواوی گۆڕیوە بۆ میدیایەکی نیشتیمانی.

ئەگەر لەگەڵ سازبوونی یەکەم کەناڵی تەلەڤیزیۆنی کوردی لەسەر دەستی پەکەکە واتە Med TV خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەوی دووی ڕێبەندان بۆ سەیری بەرنامەی تایبەتی لەسەر کۆماری کوردستان پۆل پۆل بەرەو ماڵ دەبوونەوە بۆ دیتنی ئەم پرۆگرامە، ئەوە ئێستا ڕووداو بووەتە میوانی نەگۆڕی شاشەی تەلەڤیزیۆنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕەنگە ڕستەیەکی تراژێدی کۆمیکی هاوسەرۆکی پەژاک لە دیدارێکی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی نەورۆز تی ڤی سەلمێنەری ئەم بۆچوونەمان بێ کە دژبەرەکانی ڕووداویش بەردەوام سەیری ئەم کەناڵە دەکەن: "من بۆخۆم قەت ڕووداو ناگرم بەڵام خۆم لە ڕووداو گوێم لێبوو"!


کەوابوو ئەگەر حەولی تۆڕی میدیایی ڕووداو بردنەسەری ئاستی متمانەیە لە ڕێگای حەولدان بۆ پاراستنی بێلایەنییەکی ڕێژەیی، ئەوە وەرگر و تەنانەت حیزب و لایەنە سیاسییەکانی تریش دەبێ حەول بدەن بۆ ئەوەی زیاتر عەقڵانییەتی لایەنگری میدیای حیزبی خۆیان بخەنە پەراوێزەوە.

بۆم بکەنە کەچەڵەکە! ئەمە قسەی پیرەپیاوێکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە هەموو شەوێ بەم ڕستەیە داوا لە ئەندامانی خێزانەکەی دەکا بەرنامەی کاژێر 8ی کەناڵی ڕووداوی بۆ بگرن، دیارە مەبەستیشی لە کەچەڵەکە، پێشکەشکاری ئەم بەرنامەیە، شاهۆ ئەمینە. وێدەچێ ئەو، ئەم متمانەیەی بۆ سازبووبێ!

وەک هەمەنگوەی قەڵەمە دارەکەم دانادەم!

# 11 فەرمانی هێنری میلەر لەبارەی نووسینەوە

(3)



لەنێوان سالانی 1932-1933 دا کاتێک هێنری میلەر ئیشی لە یەکەمین ڕۆمانی بڵاوکراوەی "هێڵی گەرمیی گۆی زەوی"دا دەکرد، هەندێک پلان و ڕۆتینی ڕۆژانەی بۆ ئامادەکاریی نووسینەکەی هەبووە و تەواوی ئەو شتانەی لە 11 فەرماندا کۆکردوونەوە:

1- ئیش لەسەر یەک شت بکە تا ئەو کاتەی کۆتایی دێت.

2- دەست مەکە بە نووسینی کتێبی تازەی دیکە.

3- دەروونپەشێو مەبە. هێورانە ئیشی خۆت بکە، بە شەوق و زەوقەوە.

4- بەپێی پرۆگرام ئیش بکە نەک میزاج. لە کاتێکی دیاریکراودا دەست هەڵبگرە ئیتر.

5- کە ناتوانیت بخولقێنیت خۆ دەتوانیت ئیش بکەیت.

6- لە جیاتی ئەوەی ڕۆژانە ڕێگەکەت پەین بکەیت، کەمێک چیمەنتۆی بکە.

7- هەر مرۆڤ بە! خەڵک ببینە، بچۆرە شوێنەکان، ئەو شتە بخۆرەوە کە دڵت دەیگرێت.

8- ئەسپی قورسبار مەبە! تەنیا بەکەیفەوە ئیش بکە.

9- کە حەزت کرد پرۆگرامیش بخە لاوە- بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی بچۆرەوە سەری.

10- ئەو کتێبانە لەبیر خۆت ببەرەوە کە دەتەوێ بیاننووسیت. تەنیا بیر لەو کتێبە بکەرەوە کە خەریکیت دەینووسیت.

11- هەمیشە یەکەمین شت دەربارەی نیگارکێشان، میوزیک، دۆستان و سینەما بنووسە، شتەکانی دیکە بۆ خۆیان دێن.

میلەر لەژێر ناونیشانی "پرۆگرامی ڕۆژانە"، ڕۆتیناتی نووسینی خۆی و ئەوەی چی بکەین لە درێژایی ڕۆژدا و چۆن کارێکی بەفەڕ و پیت بێتە ئەنجام و لەپێناو تەندروستیی جەستەیی و ئەقڵیدا ئەم شتانەی یادداشت کردووە و نووسیونی:

**بەیانیان:**

گەر سەرلێشێواو و باڵانس شێواویت، تێبینییەکانت وەک دنە و هاندەر یادداشت بکە.

ئەگەریش لە هەلومەرجی لەباردایت، بنووسە!

**نیوەڕوان:**

ئیش لەو بەشەی کتێبەکەدا بکە کە خەریکیت دەینووسیت، شوێن پلانەکەت بکەوە بەهۆشەوە. زۆر لە خۆت مەکە بۆ نووسین و قەدبڕ مەکە. لە یەک کاتدا یەک بەش تەواو بکە، وا باشە.

**ئێواران:**

دۆستان ببینە. لە قاوەخانەکاندا بخوێنەرەوە.

بە دوای بەش و بڕگە نائاشناکاندا بگەڕێ- بەپێ ئەگەر دنیا تەڕوتووش بوو، بە بایسکڵ ئەگەر دنیا وشک و برینگ بوو.


بنووسە، ئەگەر میزاجت هەبوو، بەڵام تەنیا بیرت لای پرۆگرام بێ.

ڕەسم بکە ئەگەر بەتاڵ و ماندوو بوویت.

تێبینی لای خۆت بنووسە. هێڵکاریی بکە، پلان دابنێ.

لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری (پاریس ڕیڤیو) کە "ئاخۆ تۆ وەک هەمەنگوەی قەڵەمە دارەکەت دادەدەیت بۆ ئەوەی دەست بە نووسین بکەیت؟" میلەر دەڵێت: "نا، بە گشتی نا، هیچ بەو جۆرە نییە. پاش قاوەڵتی یەکسەر دەست بە نووسین دەکەم و لەسەر کورسییەکەم دادەنیشم، ئەگەر زانیم ناتوانم بنووسم ئەوا بێدەنگ دەبم."

هێنری لەبارەی خۆیەوە دەڵێت: "بە پەیڤێکی سادە و ڕەوان، من هێشتا خۆم بە نووسەر لە قەڵەم نادەم. مرۆڤێکم کە چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، تا زیاتر دەچمە بەرەوە زیاتر و زیاتر پرۆسەکە بێسنوور دەبێت. وەک پەرەسەندنی جیهان، جیهانێک کە بێکۆتایە. نووسین وەک ژیان خۆی، گەشتێکە بۆ کەشف و گەڕان. نووسەر لەنێوان جیهانی سەروو (میتافیزیک) و جیهانی خواروو (فیزیک) دەژیێ، تووڵەڕێیەک دەگرێ تاکو لە کۆتاییدا خۆشی ببێتە ئەو تووڵەڕێیە."



هێنری میلەر نووسەری ئەمەریکایی لە شاری برووکلینی ویلایەتی نیو یۆرک لەدایک بووە و لە دایک و باوکێکی ئەڵمانی-ئەمەریکایییە و زۆربەی کاتەکانی مێرمنداڵی لە دووکانی خەیاتییەکەی باوکیدا بەسەر بردووە. لە سەرەتای لاوێتییەوە حەزی بە خوێندنەوەی چیرۆکە سەرکێشی و کلاسیکییەکان بووە. ئەو دە ساڵەی کە لە پاریس ژیا و زۆربەی کارە بەناوبانگەکانی تێدا نووسی، دە ساڵی پرشنگداری نووسین بووە لە ژیانی میلەردا و لەناو ئەو ڕۆمانانەی کە نووسیونی لەو ساڵانەدا ناوی "هێڵی گەرمیی گۆی زەوی" (1934) و بەهاری ڕەش (1936) دێن، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونە کەسییەکانە. میلەر بەو دوو ڕۆمانە و ڕۆمانی "سیانەی لەخاچدان" (1956) دەناسرێتەوە و ناوبانگی ڕۆیشتووە. خۆشدەربڕیی میلەر و زۆرجاریش ناوەڕۆکی هەوەسباسی لە نووسینەکانیدا مل دەکێشن بۆ نەوەیەکی نوێ لەناو نووسەرە ئەمەریکاییەکاندا. لە 7ی جوونی ساڵی 1980 لە ویلایەتی کالیفۆرنیا کۆچی دوایی کرد.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# نەفیری عەوام

لە کەیەوە شەعبەویەت خۆی مایەی خێر و خۆشیی بووە تا ئەمڕۆ حەشدەکەی خاس بێ؟ جووڵانەوە شەعبەوییەکان لە مێژوودا ئەزموونێکیان نەبووە شایەنی چاولێکەری، ئاخر دوایین نموونەی سەرکردەی شەعبەوی، هۆگۆ چاڤێزی دۆستی سەدام حسێن بوو.

جا قوربان جیاوازیی نێوان شەعبەویەت لە مێژوودا و لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەوەیە نزیکەی هەموو جووڵانەوە شەعبەوییەکانی دونیا هزریی بوون، لێ ئەوەی ئێمە مەزهەبی و چەکدارییە، ئەوە بۆیە حەشدی شەعبی، حەشر بە شەعب دەکا، چونکە باش دەزانێ بە قسەی کێ بووەتە کەڵەگا.

حەشدی شەعبی سوپا نییە، وەزارەتی نییە، سەر بە حکوومەت نییە، ئەگەر سەر بە دەوڵەتیش بێ ئەوە بێگومان سەر بە دەوڵەتی عێراق نییە، ئەمە نەفیری عامە، بە قسەی کەسێکیش دامەزراوە کە پێگەی هەر شتێک لەخوار خوداوەیە. ڕاستت دەوێ؟ حەشدی شەعبی نەفیری عامیش نییە، نەفیری عەوامە، ئاخر عام بۆی هەیە گەل بێ، بەڵام عەوام هەمیشە مێگەلە. نەفیری عام لە ئاڵمانیا بێ، سوپایەک دروست دەکا وەک ئەوەی هیتلەر، لە عێراقیشدا ئۆردوویەک سازدەکا لە نێرەکەر.

ئەوانەی کوێرانە دوای مەلا عەلی سیستانی کەوتوون، هیچی وایان جیاواز نییە لەگەڵ ئەوانەی شوێن مەلا عەلیی کەڵەک کەوتوون، هەموو هەر مێگەل و عەوامی بێسەوادن، جا قوربان ئەمیان دەم بە دەعبای حوشترەوە دەنێ و میزەکەی دەخواتەوە، ئەویشیان بە سواری حوشترەوە دێت و فەتحمان دەکاتەوە. ئەها چۆن گیرمان خواردووە بەدەست کولتووری حوشترەوە.

جیاوازیی نێوان داعش و حەشدی شیعی، ئەوەیە داعش لەوان ڕاستگۆترن، ئاخر داعش دەڵێن کورد کافر و مورتەد و زەندیقن و دەبێ سەرببڕدرێن و سەرمان دەبڕن، حەشدی شیعەش دەڵێن کورد برا و هاووەتەنی ئێمەن و دەبێ پێکەوە بژین و لەپەناشەوە دەمانرفێنن و دەمانکوژن.

بەگوێرەی یاسای جەنگ، ڕێزی داعش، پترە لە هی حەشدی شەعبی. ئاخر دەبێ وریای داعش بی و لە حەشدی شیعی بترسی، داعش دوژمنێکی ئاشکرایە و حەشدیش دوژمنێکی دەمامکدار. داعش بەڕۆژ شەڕ دەکا و حەشد بە شەو. ئەوان دڕن و ئەمان دز. ئەمیان هاوار دەکا ئەڵاهوو ئەکبەر و دەتکوژێ، ئەویشیان دەڵێ یا حوسەین و دەتکوژێ. ئەمیان سەر بە بەغدادییە و ئەویان سیستانی، بۆ تۆ نازانی کامیان قەتەرییە و کامیان ئێرانی؟ ئێ ئەم شەنگال دەگرێ و ئەویش دووز. ئەوان خەڵکی ناوشارەکان دەرفێنن، ئەمان ڕێبوارانی ڕێش. هەردووکیشیان ڕیشیان بۆگەنە و پڕە لە کرێش. عەلی حوسێنی ئەندامی ئەنجوومەنی قەزای دووزخورماتوو، جیاوازیی چییە لەگەڵ مەلا شوانی دارەتوو؟ هەردووکیان کوردکوژن و ریش بە گوو، هەردووکیشیان پێیان خۆشە و باشیان هەڵگرتووە، کولتووری بەدوو.



عارف قوربانی

# سبەی نیوەڕۆ داوەتی ماڵی بارزانیم

بە ماوەیەک بەرلەوەی نەخۆش بکەوێت، من و سێ هاوپیشەم پێکەوە نیوەڕوانێک میوانی مام جەلال بووین. لەسەر وەزعی کوردستان و بە دیاریکراوی لەسەر کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان و ڕەوشی پارێزگای سلێمانی قسەوباسی زۆرمان کرد. پێشنیازم بۆ مام جەلال کرد ئەم بابەتە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی جێ مەهێڵەو خۆت چارەسەری بکە، وەک چۆن لەسەردەمی شەڕی ناوخۆ ئەو ڕۆڵەت بینی. پێمگوت: من ناڵێم ناکۆکی و تێکچوونی یەکێتی و گۆڕان بە ئەندازەی تێکچوونی نێوان پارتی و یەکێتی مەترسیدارە، بەڵام لانیکەم ناکۆکیی یەکێتی و گۆڕان کاریگەریی خراپی لەسەر سلێمانی هەیە، بۆیە چۆن ڕۆژانێک گوێت بە هەڵوێستی سەرکردایەتی و جەماوەری یەکێتی نەدەدا کاتێک لۆمەیان دەکردی کە زۆر تەنازول بۆ پارتی دەکەیت و دەچیت بۆ لای بارزانی، تۆ وەڵامت ئەوە بوو لەبەر کوردستان ئەوە دەکەم، ئێستاش لەبەر سلێمانی خۆت هیمەت بکە بۆ نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان یەکێتی و گۆڕان.

مام جەلال گوتی ئەوە لەسەر ئەو قسەیەی قوربانی با شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، گەرمەی شەڕی ناوخۆ بوو، لیژنەکانی ئاشتی پەکیان کەوتبوو، دۆست و ناوبژیوانەکانمان خەریک بوو نائومێد دەبوون لێمان. دەمزانی ئەگەر شتێک نەکەین بۆ راگرتنی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە، ئایندەی کوردستان بەرەو نەمان دەچێت، دەشمزانی کەس لایەنگیری ئەوە نییە لەم کاتە ئاڵۆزەدا کە ڕۆژانە لە سەنگەرەکان پێشمەرگەی هەردوولا لە رووبەڕووبوونەوەدا بوون، من بتوانم قەناعەت بە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بکەم کە من خۆم دەچم بۆ ماڵی بارزانی، لەکاتێکدا پێشتر چەندین جار ئاگربڕم ڕاگەیاندبوو، داوای ئاشتیم کردبوو، بەڵام شەڕ هەر سەری هەڵدەدایەوە.

ئێوارانێک بەبێ ئیزن و ئاگاداریی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی، بروسکەیەکم کرد بۆ کاک مەسعود، نووسیم سبەی نیوەڕۆ خۆم خۆمم دەعوەت کردووە لە ماڵی بارزانی، تکایە خواردنی دوو نەفەر بکەن. بەیانی هەستام چوومە سەیتەرەی کۆیە، هەموو پاسەوان و پێشمەرگەکانم دوورخستەوە، تەنیا خۆم و شۆفێرێک کەوتینەڕێ بۆ ماڵی کاک مەسعود. لە دێگەڵەوە تا ماڵی ئەوان پاسەوان ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەکەیان گرتبوو، کە گەیشتینە ماڵی بارزانی و لە سەیارەکە دابەزیم، کاک مەسعود و مەکتەبی سیاسی پارتی هاتبوونە بەر دەرگاکە. کاک مەسعود لە دوورەوە گوتی مام جەلال شەو کە بروسکەکەتم پێگەیشت، مەکتەبی سیاسیم کۆکردەوە و گوتم دڵنیابن مام جەلال وادەکات و بەیانی تەنیا خۆی دێت، بچن پاسەوانی بکەن خوانەخواستە شتێکی لێبێت ئابڕوومان دەچێت. درێژەی بە باسەکەدا و گوتی دوو بە دوو کۆبوونەوەیەکمان کرد و ئاگری شەڕی ناوخۆمان لەوێ کوژاندەوە.

ئەوەی مام جەلال لەو ڕۆژگارەدا کردوویەتی، ئەگەر لە هەلومەرجێکدا وەک سازش و تەنازولکردن و لای خەڵکانێکیش بە خۆبچووککردنەوە وێنا کرابێت، بەڵام سەرئەنجام دەرکەوت کە ئەو ڕۆڵگێڕانە بۆ ڕۆژانی خۆی چەند بایەخیان هەبووە و لە ئێستاشدا بوون بە لاپەڕەی پڕ لە شانازی و وەک سەروەری تۆمار دەکرێ.

ئەم سەرگوزشتە و بەسەرهاتەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم دۆخی دژوار و ناتەندروست، هەندێجار پێویستی بە موجازەفە و بە ئازایەتی نواندنە. بۆ هەلومەرجێکی وەک ئێستای باری ناوخۆی کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشهات و ئەگەرانەی ناوچەکە کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر هەرێم و ئایندەی کوردستان دەبێت، پێویستمان بە نواندنی ئازایەتیە. ئەمەش تەنیا بە بارزانی دەکرێت و ئەو دەتوانێ ئاوێک بکاتە سەر ئەو پشکۆیانەدا کە ئەگەر نەیانکوژێنینەوە لە داهاتوودا دەکەونە بەر ڕەشەبا.

ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێ لێکەوتە و دەرئەنجامی کۆمەڵێک سیاسەتی هەڵەن، بەشێکیان بە مەبەست و بۆ دروستکردنی تەشەنوجی سیاسی و هەندێکیشیان لە ئەنجامی نەزانی پێیگەیشتووین. دۆخێکی ناخۆش و خراپ و پڕ لە نائومێدیە، بەڵام هێشتا دەرفەتی ئەوەش ماوە چارەسەر بکرێت. کوردستان نەگەیشتووەتە بنبەست، جوهدی دەوێ بۆ ئەوەی پێکبێینەوە.

ئەگەر وەک ئێستا لێی بگەڕێین و پێمان وابێت زەمەن چارەسەریان دەکات، هەڵەی گەورە دەکەین، دوور نییە بەقەدەرێکمان بسپێرن دواتر دەرفەتی چارەکردنی زەحمەت بێت.

داوا لە کاک مەسعود دەکەم وەک چۆن لە رابردوودا توانیویەتی لایەنە ناکۆکەکان لە عێراق و کوردستان لەسەر مێزێک کۆبکاتەوە، ئێستاش هیمەت بکات بۆ ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کورد. هەموومان لەبیرمانە ساڵی 2010 ناکۆکیی لایەنە عێراقیەکان لەسەر پۆستەکان و پێکهێنانی حکومەت بە ئەندازەیەک بوو کە زۆرێک بێئومێد بووبوون لەوەی جارێکی تر پێکەوە هەڵبکەن. لە هەولێر لەسەر بانگەواز و داوەتی بارزانی هەموان کۆکرانەوە و دەستخرایەوە ناو دەستی یەک.

ئێستاش پێویستە بارزانی وابکات، بەڵام ئەمجارە پێویستی بە گرتنەبەری ڕێگەیەکی تر هەیە، لەبری ئەوەی بارزانی داوەتی ئەوان بکات، با مام جەلال ئاسا خۆی داوەتی خۆی بکات لای حیزبەکان. لە یەک ڕۆژدا بێتە سلێمانی سەردانی بارەگای هەرچوار حیزبەکە بکات بۆ روونکردنەوەی خراپیی ڕەوشی کوردستان و بانگهێشتیان بکات بۆ کۆبوونەوەیەک لای خۆی. هەرچەندە کێشەکان ئاوا سادەو ئاسان نین بە سەردانیک چارەسەر بن، لە بنەڕەتدا کێشەمان هەیە و ئەوەش دەرگای بۆ شتی تر کردووەتەوە، بەشێکی ڕەگوڕیشەی قووڵی مێژوویی هەیە، بەشێکی کاریگەری و پاڵنەری دەرەکییە، بەدەریش نییە لە گرێی دەروونی، بەڵام ڕەنگە بەو سەردانە بەشێک لە نیگەرانیەکان بڕەوێنەوە. و کاریگەریی لەسەر هەندێ هەڵوێستی پێشوەختە هەبێت. دەبێ بارزانی ڕۆڵی ئەو برا گەورەیە بگێڕێت و نەهێڵێت ئەم دۆخە دەرگا بۆ سەرهەڵدانی کێشەی تر بکاتەوە، لە کاتێکدا هێشتا شەڕی داعش بەرۆکی بەرنەداوین، خەریکە میلیشیا شیعەکانیشی دێتە سەر.

شەڕی داعش، کێشەی سووریا و هاتنەناوەوەی ڕووسیا، ناوچەکە بەرەو گۆڕانکاریی گەورە دەبەن، کورد مەحکومە بە بەرکەوتنی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، یەکریزی و یەک دەستی سەرماندەخات. تێکچوونی ناوماڵی کوردیش سەرمان دەخوات.



ڕێبوار کەریمی

# کۆمێدییەکی سامناک

ساڵی 1412ی کۆچی، عەلی باپیر، ئەمیری ئێستای کۆمەڵی ئیسلامی کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەمان دا). من هێشتا مێرمنداڵێک بووم کە ئەو کتێبەم لە بناری ئاربەبا خوێندەوە. لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبە هەر یەک شتم لەبیرماوە کە پێم وابێ کرۆکی باسەکەش هەر ئەو یەک شتە بوو: پەرلەمان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی نایەتەوە و نوێنگەی کفر و ئیلحادە. لە بەرامبەریشدا عەلی باپیری ساڵی 1412ی کۆچی، چارەسەری شەرعی و ڕەوای کێشەی کوردی لە گەڕانەوە بۆ سیستمی شوورایيدا دەبینی: "وَ أَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ". ئەو سەردەمە "هێزەکانی کوردایەتی" بە پێشڕەوان و پارێزەرانی سیستمی پەرلەمانی دەناسران.

ئەو ئیسلامیستە ئۆمەتگەرایەی کە ساڵی 1412ی کۆچی یەک کتێبی بۆ بەرپەرچدانەوەی سیستمی پەرلەمانی تەرخان کردبوو، ئێستا کە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییە، ئەوەندە لە گوتاری زاڵی ناو ئەو کتێبەی دوورکەوتووەتەوە کە بە ڕۆژی ڕوون دەڵێ: "پەرلەمان یەکێکە لە دەسکەوتەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد و جێگەی شانازیمانە" (1). لە بەرامبەردا، ئەو هێزانەی "کوردایەتی" کە سەنگەریان لە باوەڕی ساڵی 1412ی کۆچیی عەلی باپیر دەگرت، ئێستا هەر بۆ خۆیان پەرلەمانەکەی جێی شانازیی عەلی باپیریان تا ئاستی بوونەوەرێکی کارتۆنیی سووک و چرووک، لە هەموو شکۆ و شانازییەک داماڵیوە!

من کارم بەوانە نییە کە دەڵێن عەلی باپیریش پیاوێکی مونافیقە و ڕاست ناکات. ڕەنگە وابێت، ڕەنگە واش نەبێت. ئەوەی بەلای منەوە سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە دوای چارەکە سەدەیەک ئەزموونی حوکمڕانی، شووراخوازەکەی جاران بووەتە لایەنگری پەرلەمان، کەچی بەناو پەرلەمانخوازەکانی جاران گەڕاونەتەوە بۆ شووراخوازی، ئەویش نەک شووراخوازییەکی لە چەشنە ئاینییەکەی عەلی باپیر، بەڵکو شووراخوازییەک پاشڤەڕۆتر، پێشمۆدێرنتر و پێشنەتەوەتر، شووراخوازیی خێزانی، ئەویش لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە تەسکەکانی مەترسیدارترین فۆرمی خێڵ لە هەموو مێژووی کورددا: "هێزەکانی کوردایەتی".

هێگل کاتی خۆی گوتبووی: "ڕووداو و کەسایەتییەکان لە مێژوودا دووپات دەبنەوە". بەڵام مارکس دەڵێ: "دووپاتبوونەوەکەی مێژوو، جاری یەکەم بە شێوەی تراژیدییە، جاری دووەم کۆمێدی". هەڵبەت ڕاستییەکی تاڵتر ئەوەیە کە سلاڤۆ ژیژەک گوتەنی: "دووپاتبوونەوەی مێژوو لە شێوە کۆمێدییەکەیدا دەشێ زۆر سامناکتر بێت لە تراژیدیەکەی یەکەم جار".

سەیرە چەپی کوردی لە ڕەوتی ئینتەرناسیۆنالیستیی خۆیەوە، بەنیو سەدە، بایدایەوە بۆ فۆرمێکی زەمینی و بگرە زەمینگیری پەراوێزکەوتووی وەک حیزبی شیوعیی کوردستان. هێزە ئیسلامیستەکان، بە چارەکە سەدەیەک، لە ڕەوتی ئۆمەتگەرایی باننەتەوەیی خۆیانەوە، یان پەرتەوازە بوون یان -بەزۆری- بایاندایەوە ناو بازنەی خەباتێکی سیاسی و پەرلەمانی -بەهەموو کەموکورییەکیەوە-. کەچی "هێزەکانی کوردایەتی"، بە یەک سەدە مێژووی کەوتن و هەستانەوە، هێشتاش نەیانتوانی بەخۆیاندا بچنەوە، هێشتاش نەیانتوانی لەژێر سێبەری قورسی مێنتالیتەی خێڵەکی دەرباز ببن. هێشتاش نەیانتوانی ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو ناسیۆنالیزمەی وڵاتێکیان بۆ کرد بە ئاشی خوێن. نەک هەر ئەوە، بگرە دەست بۆ هەر چەمک و پرۆژەیەکیش دەبەن، لە "ناسیۆنالیزم"ەوە بگرە تا "دیمۆکراسی" تا "پەرلەمانتاریزم"، نەک هەر ناشیرینی دەکەن، بەڵکو لە واتا بەتاڵی دەکەنەوە، سووکی دەکەن، دەیکەن بە گەپجاڕ و ناوەڕۆکی وێران دەکەن. ڕێک وەک ئەوەی بە پەرلەمانی کوردستانیان کرد.

نە هێگڵ و نە مارکس نەیاندەزانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا میللەتێک هەیە سیکلی تراژیدی و کۆمێدییەکانی بە جار و دووجار کۆتاییان نایەت. ڕەنگە ژیژەکیش باش نەزانێ ئەو گەلەی ئەو بە "پێشکەوتووترین گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"ی دەزانێ، گیرۆدەی دەستی کۆمەڵە هێزێکی خێڵ- بنیاتی چەکدار و پارەدارە کە ئەوەندەی میراتگری میرانی بابان و سۆرانی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمن، نیو ئەوەندە نوێنەری ئەو بەهایانە نین کە دیمۆکراسی و سیستمی پەرلەمانییان لە پێناودا دامەزراوە.

**تێبینی:** "هێزەکانی کوردایەتی" کە زۆرتر لە ئەدەبیاتی سیاسیی یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی باشووردا دووپات دەبێتەوە، وەک دەستەواژەیەکی بریک ڕۆمانتیک بۆ ئەو هێزانە بەکاردێ کە گۆیا نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمێکی دیمۆکراتی خۆماڵی و ڕەسەنی کوردی دەکەن. ئەوە لە کاتێکدا کە ئەو هێزانە- تێکڕای ئەو هێزانە- لە سنوورە خۆڵەمێشییەکانی نێوان ناسیۆنالیزم و خێڵچیەتیدا ڕاوەن و فراژۆ بوون و هەر لەوێشدا چەقیان بەستووە. ڕەنگە واباشتر بێ کە ئەم چەمکە- بە مانا ڕاستەقینەکەی!- زیاتر بەکار بهێنین، بۆ ئەوەی چیتر ناچار نەبین بە هەڵە، دەستەواژەی وەک "ناسیۆنالیست"، "سێکولار" یان "دیمۆکرات" بۆ ئەو هێزە زرە- دیمۆکرات و زرە-ناسیۆنالیستانە بەکاربهێنین.

**[1] ئەو وتانە، بەشێک بوون لە وتارەکەی عەلی باپیر لە کۆنفرانسی مێری لە شاری هەولێر.**



کامەران محەممەد عەزیز

# حەشدی شەعبی لە هەولێر بوو

گوتەبێژی ئەمنیی هێزەکانی حەشدی شەعبی (یوسف الکلابی) لە دیدارەکەی مێری لە هەولێر خۆی بە شێوەیەک ئامادە کردبوو کە زیاتر لە گوتەبێژی سوپایەکی نیزامی دەچوو، بە ئەتەکێت و جل و بەرگێکی سەربازیی فەرمی و وەکوو دەرچوویەکی بەشی یاسا و شێوازی قسەکردنی، لە بیری بەشێکی زۆری ئامادەبووانی بردبووەوە کە ئەو نوێنەرایەتی گرووپێک دەکات لە دوای داعشەوە زۆرترین پێشێلکاری لەدژی مافی مرۆڤ لە عێراقدا کردووە. نوێنەرایەتی گرووپێک دەکات یەک دونیا گومان و ترسی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. گوتەبێژەکە لە هەمووان زیاتر شارەزای یاساکانی عێراق بوو، بەردەوام باسی یەکە ئیداری و ڕێکخستنەکانی حەشدی شەعبی لە چوارچێوەی یاساکانی عێراقدا دەکرد، تارگێتەکە خودی یاسا و سەروەرییەکەی نەبوو، بەڵکوو لەبەرئەوە بوو حەشدی شەعبی دەیەوێت خۆی وەکوو بەدیلی سوپا بناسێنێ، زۆر بە کورتی هەروەکوو حیزبوڵڵای لوبنانی کار بکات، تەنانەت سنووری کارەکانیان لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا کورت ناکەنەوە.

قسە لەسەر ئەوە نییە ئەو هێزانە بەشدار نین لە لاوازکردنی داعش و قوربانییان نەداوە، بەڵکوو قسە لەسەر ئەوەیە حەشدی شەعبی لە ئێستادا بە بەرنامەیەکی سیاسییانەی ئێرانەوە وەکوو ئامرازێکی بنەڕەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بۆ نفوزی سیاسی خۆی بەڕێوە دەبردرێت و لە پاڵ ئەمەشدا بە فەتوای ئاینییانەی سیستانی بێ مەرجی دونیایی چەکدارانی شیعە لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. نەوەک تەنها وەکوو گرووپێکی چەکداری شیعە خۆیان دەربخەن، بەڵکوو پرۆژەیەکی سیاسییە بە دەرەجەی ئیمتیاز.

خەڵکێکی زۆر هەن پێیان وایە ئێستا کاتی ئەوە نییە بەرەی جەنگ و ململانێی دیکە لەگەڵ هێزێکی چەکداری وەکوو حەشدی شەعبی بکرێتەوە، پێیان وایە نابێت بەترسێکی زۆرەوە قسە لەسەر شتێک بکرێت کە هێشتا خۆی بە تەواوەتی دەرنەخستووە، یان دەڵێن شەڕی کورد لەگەڵ شیعە نییە، ئەمانە تەنها جۆرێکن لە بێ خەبەری. لەو ڕۆژەوەی ئەو هێزانە دروست بوون، ئەوانەی ڕەخنەیان لێ گرتوون لە هەرێمی کوردستان، یان پارتییەکان بوونە، ئەمانیش لە باشترین حاڵەتدا بۆ ئیستیفزازکردنی یەکێتی ئەم کارەیان کردووە، یان بەشێک لە سوننیخوازەکان بوونە کە ئەوانیش تەنیا لەبەر تێگەیشتنی مەزهەبیی خۆیان و یان وەلائیان بۆ سعودیە و تورکیا و سوننە ئەم نیگەرانی و ڕەخنانەیان هەبووە. تائێستا بە جەدی خوێندنەوەیەکی بابەتیانە لەسەر ئامانج و پاشەڕۆژی ئەم هێزانە لە ئارادا نییە، خوێندنەوەیەک نەبووە لە جێگەی قسەکردن لەسەر ستاتۆسی ئێستای هێزەکان، قسە لەسەر ئایندەیان بکات. بانگەشەی ئەوە ناکەم شتێکی لەم شێوەیەم لایە، بەڵام ترسی من لە حەشدی شەعبی نە بۆ بێزارکردنی یەکێتی و نە لە خەمی چیرۆکی ئیمامی عومەر و حوسێن و چوونە بەهەشت و جەهەننەمەوە نییە (چونکە جەوهەرەکە سیاسەتە نەوەک ئایین). ترسی من لە سیاسەتێکی زۆر ترسناکی دروستکردنی ئەو هێزانەیە لە عێراق، سیاسەتێک کە ئێران چەندین ساڵە بۆ کۆنترۆڵکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکە گرتوویەتیە بەر، ئەویش سیاسەتی دروستکردنی پشتگیریکردنی گرووپی چەکداری نانیزامیە و پێدانی بوعدێکی ئایینی پێیان. ئەو گرووپانە لە یەمەن و لوبنانیش بۆ خەمێکی دونیایی ناجەنگن، ئەسڵەن باکیان بە ژیانێکی خۆشگوزەران نییە، تەواوی باوەڕیان لە فەتوا دینییەکانەوەیە و تێڕوانینیشیان بۆ ئەوانی دیکە لە "تیۆری موئامەرە" وەردەگرن.

سەرەتا دەبێت هەموان ئاگادار بکرێنەوە حەشدی شەعبی بۆ ئەوە دروست نەبووە ئاوا زوو بڕوات، بۆ ئەوە دروست نەبووە تەنها شەڕی داعش بکات و تەواو، بەڵکوو بۆ ئەوە دروست بووە ببێتە بەدیلی سوپایەکی نیزامی لە عێراق، ببێتە مۆدێلێکی دیکەی حیزبوڵڵا لە عێراق. لەبەرئەوە هەوڵێکی جددی هەیە بۆ لەخۆگرتنی کورد و عەشیرەت و هێزی سوننە لەنێو حەشدی شەعبی. دیوێکی ڕەشی ئەم چیرۆکە ئەوەیە زۆر بە ئاسانی ئەو هێزانە دەکرێت بۆ ئەجێندای هەرێمی بەکاربهێنرێن (وەکوو چوونی حیزبوڵڵا بۆ سووریا)، لەبەرامبەر وجودی ئەو هێزە شیعانەش، نادڵنیایی و ترسێکی زۆری سوننە هەیە، ئاکامی ئەم بارودۆخەش تەنیا پێشبڕکێی چەکداری و سەختکردنی ململانێکان دەبێت.

چونکە کاری ئەو هێزە شیعانە بە درێژایی هێڵێکی جوگرافییە کە زۆرترین ململانێی نەتەوەیی و تایفی تێدا بووە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، لە زۆر شوێنیش سنووری چالاکییەکانیان تێکەڵ بە سنووری چالاکییەکانی پێشمەرگە دەبێت، بۆیە زۆر مومکینە کاتێک هەلومەرج لەبار دەبێت بۆ پێکدادان، ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی ڕوودەدات. ئێمە کاتێک قسە لەسەر ئایندە دەکەین، دەبێت بزانین هەلومەرج و بونیادەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت بە هەمان چەمکەکانی ئێستا بەدەستبەتاڵی دەردەچین و هیچمان دەست ناکەوێت، زۆر ئاشکرایە هەوڵێکی زۆر سیستەماتیکی هەیە بۆ بە شیعەناساندنی بەشێک لە پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە (کاکەیی بە نموونە)، هەروەها هەوڵێکی زۆر جددی هەیە بۆ بەهێزکردنی تورکمانی شیعە لە ناوچەکەدا، ئەگەر قسە لەسەر بەردەوامبوونی ئەو سیاسەتانە بکەین، دەتوانین ببینین چۆن هەلومەرجەکانی ئایندە لەبار دەبن بۆ قسەکردن لەسەر مەترسیی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەسەر ئەمنی سنوورەکانی باشووری کوردستان.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دەبێت چی بکات؟ بەڵام پێش ئەوە لەڕاستیدا دەبێت لە خۆمان بپرسین کە ئایا شتێکمان هەیە بەناوی سیاسەتی هەرێمی کوردستان؟ ئایا هەر بەڕاستی دەکرێت پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەبەرامبەر پرسێکی لەم شێوەیەدا پرۆسەیەکی نیشتیمانی بێت؟ با وشە زۆر بە فیڕۆ نەدەین، ئاشکرایە کورد تەنیا لەسەر ئەوە یەکگرتووە کە یەکگرتوو نەبێت. ئەرکی ئەوانەیە کە دەنووسن، بڵێن حیزبوڵڵایەکی عێراقی بەڕێوەیە، پرۆژەیەکی پشوودرێژی درێژخایەنە، شێوەی کارەکانیان دەگۆڕێت، شەرعیەتی زیاتر لە کۆمەڵگاکانی خۆیان وەردەگرن، کارەکانیان دەبنە نۆرم، ئایین تێکەڵ بەکاری خۆیان دەکەن، باکیان بە تەنمیە و ژیانی باش نییە، لەسەر بنەمای دوژمنایەتی و پاراستنی خۆیان سیاسەت دەکەن. مامەڵەکردنیش لەگەڵ ئەو هێزانە لە ئایندەدا یەکێک دەبێت لە تەحەدییە گەورەکان لەسەر سیادە و ئەمنی کورد لە باشووری کوردستان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



د.فەرسەت سۆفی

# پارتی لەناو وێنە گەورەکەدا

پارتی دیموکراتی کوردستان وەک کاراکتەری سەرەکیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، رۆڵ و پێگەیەکی گەورەی هەیە لەم وێنە گەورەیەی لە ناوچەکەدا دەکێشرێت. ئەمرۆ هەرێمی کوردستان لە بەردەم کۆمەڵێک تەحەدیاتی گەورەدایە: شەڕی داعش، قەیرانی دارایی، کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا، حەشدی شەعبی، پەکەکە، کێشە ناوخۆییەکانی پەیوەست بە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت.

لە هەمان کاتدا دەرفەتی گەورەش لەبەردەم گەلەکەمان لە ئارادان، لە پێش هەمووشیانەوە پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی داعش، دەرفەتی گەڕاندنەوەی یەکجاریی ناوچە کوردستانییەکان، نووسینەوەی دەستووری کوردستان، ئەنجامدانی راپرسی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس، بونیاتنانی ئابوورییەکی سەربەخۆ، چاکسازییەکی بنەڕەتی، بردنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بۆ دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان و ..هتد، ئەگەر بمانەوێت بەسەر تەحەدیاتەکاندا زاڵ بین و دەرفەتەکانیش لەدەست نەدەین و هەڵ بدەین بەشێکی تەحەدیاتەکانیش بکەینە دەرفەت، دەبێ بە سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان کاربکەین، چونکە ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە کێشانی وێنەی نوێی ناوچەکەدا ئەوەمان بەربکەوێت کە دەمانەوێت، دەبێ کێشە ناوخۆییەکانمان سفر بکەینەوە.

بەشداربوون لە کێشانی وێنە نوێیەکە کارێکی قورسە و لە توانای هەموو لایەکدا نییە، بەڵام تێکدانی ئەو ستراتیژە بۆ بەشداریمان لە کێشانی وێنەکە بە هەموو لایەک دەکرێت. بۆیە گرنگە لەو روانگەیەی کە پارتی سەرکردایەتی دۆخەکە دەکات، بە تێڕوانینی سفرکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان هەنگاو بنێت. بۆ ئەم مەبەستەش لە چوارچێوەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوەدا پرۆژەیەک بۆ گفتوگۆ پێشکەش بە لایەنە سیاسییەکان بکات:

1- بە یەکەوە لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی نوێ کێشەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت چارەسەر بکرێن و ئەم دوو ساڵەی ماوە بە یەکەوە تێیپەڕێنین، بە شێوەیەک کە هەموو لایەنەکان مل بدەنە بەر بەرپرسیارێتی قەیرانەکان و بەشداریش بن لە دەسکەوت و دەرفەتەکان.

2- ئەم دوو ساڵە تا 2017 وەک ماوەی گواستنەوە (ئینتیقالی) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و هەوڵ بدرێت لەو ماوەیە دەستووری کوردستان تەواو بکرێت و هەموو ئەو ناکۆکیانەی پەیوەستن بە سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتەکان و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، لە دەستووردا چارەسەر بکرێن.

3- لە ماوەی گواستنەوە بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی شوورا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە ئەرک و دەسەڵاتەکانیدا.

4- لە ماوەی گواستنەوەدا هەموو لایەک کۆک بن لەسەر داڕشتنی کارنامەیەک بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و دەستەبەرکردنی مووچەی هاووڵاتیان.

5- لە ماوەی گواستنەوەدا هەوڵ بدرێت بەشداریی لایەنەکان لە مەلەفە گرنگەکانی سەربازی و ئاسایش و ئابووری و نەوت و پەیوەندییەکان مسۆگەر بکرێت.

6- ستراتیژێکی هاوبەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە چارەنووسسازەکان دابڕێژرێت و هەموو لایەک پابەند بن بەو ستراتیژە و لە پەرلەمانیش دەنگی لەسەر بدرێت.

7- لەو ماوەیە پەرلەمان یاسای راپرسی دەربکات و ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەنجامدانی راپرسی لە کوردستان بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس لە هەر دەرفەتێکی گونجاو کە بێتە پێشمان.

8- لەو ماوەیە هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان و پاراستنی هاوسەنگی لەو پەیوەندییانەدا.

9- لەو ماوەیە هەوڵ بدرێت هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە رێکبخرێن و هەموو سیماکانی دوو ئیدارەیی لە هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە دابماڵرێ.

10- لەو ماوەیە هەوڵ بدرێت بە سیاسەتێکی نەرم مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی ناوچە کوردستانیەکان بکرێت و گەرەنتی تەواویان پێ بدرێت لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان تەواوی مافەکانیان پارێزراو دەبێت.

11- لەو ماوەیەدا زۆر بەجدی کار لەسەر ئەوە بکەین کە جینۆسایدکردنی ئێزیدی و پێکهاتەکانی دی ببەینە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان و بە یەکەوەش بڕیار بدەین شنگال بکرێتە پارێزگا.

12- لیژنەیەکی باڵا لە کەسی یەکەمی سەرجەم هێزە سیاسییەکان پێکبهێنرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژەی لە ماوەی ئینتیقالیدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەو لیژنە باڵایە بۆی هەبێت بۆ هەریەک لە پرسە سەرەکییەکان لیژنەی فەرعی دروست بکات.



بەرزان عەلی حەمە

# کورگەل، ئەسپە عوبێدە ناڵ مەکەن!

نزیکەی سەت ساڵ پێش ئێستا قانعی شاعیر، بەهەموو هێزییەوە تکای خوێنێکی لەو میللەتە کرد کە "با هەموو جوتیار و پاڵە و ڕەنجدەران، یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان"، بەڵام کەس یەکی نەگرت و شیعرەکەش نەسخ بووەوە، چونکە ئەم قەومە نە جوتیاری ما، نە پاڵە و نە ڕەنجدەران، ئێستا هەموویان خەبیر و لێکۆڵەر و چاودێری سیاسیی ژێر سپلیتن و سەرقاڵی شرۆڤەی سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتین و بڕیاریش نییە بەم زووانە یەک بگرن!

ڕێک سەت ساڵ پێش ئێستا، لە سلێمانی تفەنگی مارتینی کورت دروست دەکرا، تەنانەت فیشەکەکەشی هەر لە سلێمانی دروست دەکرا و بارووتەکەشی بە بەرمیل لە ڕووسیای قەیسەرەوە، بەڕێگەی باکووری کوردستاندا دەهێنرا. پێنج هەزار سوارەی عەشیرەتی جاف و پێنجسەد سوارەی عەشیرەتی شوان و زۆربەی سوارەکانی عەشیرەتی هەمەوەند، بە مارتینی دروستکراوی سلێمانی، چەکدار و پۆشتە بوون!

ڕێک دووسەت ساڵ پێش ئێستا، میر محەممەدی میری سۆران، بۆ ئەوەی دەستدرێژییەکانی عوسمانی و سەفەوی بۆ سەر میرنشینەکەی ڕابگرێت، وەستا ڕەجەبی ناردە فەرەنسا بۆ فێربوونی چەکسازی و کە هاتەوە تۆپی بۆ لەشکری سۆران دروست کرد. کەچی پاش دووسەت ساڵ، هەموو کورد و سەرکردەکانیشی، لەسەر تەلەفزیۆن دەکرووزێنەوە، گوایە لەبری جیهان شەڕ دەکەن و پێویستە جیهان چەکیان بداتێ، کەچی خۆیان ناتوانن وەک باوانیان، دوو تۆپ، سێ ڕاجیمە، گەرنا پەنجا تفەنگی مارتینی کورت دروست بکەن! وەستا ڕەجەب گەر باپیرەی ئینگلیزەکان یان ڕووسەکان بووایە، ئێستا ئەوەندە دیزاین و ئەندازەی تۆپەکەیان بەرەو پێشەوە بردبوو کە لە ترسی تۆپی (ڕەجەبی دوورهاوێژ) یان (ڕەجەبی کیشوەربڕ) چین و ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا زەندەقیان چووبوو! ئێستا هەموو کۆبوونەوەکانی بان کی مۆن و یو ئێن لەسەر مەترسیی کڵاوە ئەتۆمییەکانی سەر تۆپی ڕەجەبی دوورهاوێژ دەبوو!

خۆ پێشتر لە وتارێکی تردا گوتم، کورد حەوت هەزار ساڵ پێش ئێستا لە چەمچەماڵ کشتوکاڵی دەکرد، کەچی ئێستا ئەوەش ناکات، تەنانەت لە ڕابردووی خۆیشی دواکەوتووە! ئێوە تەنیا سەیر بکەن، قورسترین شەڕی جیهان لە حەلەب و ڕەققەی سووریایە، کەچی بازاڕەکانی ئێمە پڕە لە سابوونی ڕەقی و حەلەبی، تەنانەت ئەوان لە سابوون دروستکردنیش نەوەستاون، ئێمە سەت ساڵ پێش ئێستا لە سابوونکەرانی سلێمانییەوە ئەو سابوونەمان دروست دەکرد، کەچی ئێستا گەڕ و گولیش ببین، دروستی ناکەین! سوێند بەخوا تا دوو ساڵ پێش ئێستا، حاجی ژنە خەجیجە کە دراوسێمان بوو، لفکەی دەچنی، کەچی ئێستا ئەویش لفکە ناچنێ!

پێویستە لەباری کۆمەڵناسییەوە بەچڕی لە کورد بکۆڵرێتەوە و ڤایرۆسی ئەم نەخۆشییە کوشندانەی دیاری بکرێت و ڤاکسینی دژە ڤایرۆسی لێ بدرێت! بۆچی ئێستا کورد هیچ دروست ناکات؟ ئارد و پێستە و شەکر و سۆپا و سەوزە و گۆرەوی و تفەنگ و ناوکەفی پیڵاو و بەتانی و بنێشت و بەرمیل و هەزاران شتی تر کە بەرهەمهێنانیان ئاسانە، کەچی لە دەرەوە هاوردەیان دەکات! لاپتۆپ دروستکردن گەر کارێکی سەخت بێت، خۆ جانتاکەی ئاسانە، بۆچی دروستی ناکەن؟ گوتمان دروستکردنی ئایپاد و ئایفۆن سەختە، ئەی بۆ کیف و کەڤەرەکەی ناچنن؟

ئێستا کورد نەک کەرەستە، بەڵکو گوند و شاریش هاوردە دەکات، گوندی ئەڵمانی و ئیتاڵی و ئینگلیزی، لوبنان سیتی و ئەمەریکان سیتی و دەیان سیتی تر. ئەم کۆمەڵگەیە هەرچی دروستکراوەکانی دونیا هەیە، لە دەرەوە هاوردەی دەکات و کەچی جگە لە مرۆڤ، جگە لە تاکەکانی خۆی، هیچ شتێک بۆ دەرەوە هەنارده ناکات!

ئێوە تێبینی بکەن، زۆربەی کورد، پێش ئەوەی هەر پیشەیەکی تری هەبێت، دادوەرە و ڕۆڵی دادگا دەگێڕێت، لەگەڵ تاکسییەکدا سوار بە، هەتا دەتگەیەنێتە شوێنەکەت، سەدان تاوانبارت بۆ دەستنیشان دەکات. لەگەڵ سەوزەفرۆشێکدا دەمەتەقێیەک بکە، هەتا چوار دەسک سەوزەت بۆ دەکاتە عەلاگەیەکەوە، چل کەست وەک جاش و خیانەتکار و دز و گەندەڵ و تاوانبار پێ دەناسێنێ، چەند سەرکردەیەکت لێ دەکاتە یەسوعی زەمانە و چەندی تریشت بە لایقی ملپەڕاندن و لەداردان بۆ ڕاڤە دەکات!

کوردیش وەک هەر میللەتێکی شڵەژاوی ڕۆژهەڵاتی، بەپێچەوانەی ئەو بنەما یاساییەوە کە (هیچ کەس سزا نادرێ، هیچ کەس تاوانبار نییە هەتا بەندێکی یاسایی یەکلایی نەکاتەوە)، کەچی هیچ دەرفەتێک بۆ دادوەرەکان ناهێڵنەوە، بەڵکو خۆیان خۆبەخۆ تاوانبارەکان دەستنیشان دەکەن و سزاشی بەسەردا دەسەپێنن!

سەرۆک خێڵێکی کورد، بڕیاری کوشتنی سەرۆک خێڵێکی تر دەدات، بە غوڵامەکانی دەڵێت، هەر کە هات و گوتم ئادەی کوڕگەل ئەسپە عوبێدە ناڵ بکەن، ئێوە دەستبەجێ بیکوژن، ئەسپە عوبێدە، کۆدێک بووە بۆ کوشتن، من بە (نەفیکردن) کردم بە تایتڵی نووسینەکەم. ئێوەش تکایە ئەسپە عوبێدە ناڵ مەکەن.



مەسعودی مەلا هەمزە

# راگەیاندنی یەکێتی و بەرەکانی جەنگ

ئەگەرچی هەمیشە رام وابووە کە پێویستە مێژوو و سەروەرییەکانی رابردوو ببنە هەوێنی ئایندەیەکی باشتر، لە پاڵ ئەمەشدا هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبوومە کە ئەو سەروەری و مێژووە لەگەڵ وێرانەی ئێستادا بەکاربهێنرێتەوە.

ئەم پێشەکیە کورتەم رێک بۆ راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە لە رابردوودا خاوەنی دەیان سەروەری بووە و ئێستا خەریکە دەبێتە وێرانە.

لەم نووسینەدا نامەوێ باس لە کاریگەرییەکانی ململانێی ناوخۆی یەکێتی بکەم بەسەر راگەیاندنەوە، بەڵکو دەمەوێ زۆر راشکاوانەتر قسە لەسەر رۆڵ و پێگەی میدیای یەکێتی بکەم لە رووماڵکردنی رووداوەکانی ئەمدواییەی بەرەکانی جەنگ لەگەڵ داعشدا، کە لەم حاڵەدا میدیای یەکێتی زۆر سەرلێشێواوانە کاری کردووە و پەیامی روون و ئاشکرای نەبووە.

لەم نووسینەدا نامەوێ و گەرەکم نییە لە هەوڵ و ماندووبوونی کادیرانی راگەیاندنی یەکێتی کەم بکەمەوە، چونکە دڵنیام لەوەی ئەوان بە مووچەی زۆر کەمتر لە هاوپیشەکانیان کاری زۆر زیاتر و دڵسۆزانەتر دەکەن، ئەی کەوایە خەتاکە هی کێیەو کێشەکە لە کوێیە؟

بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەو راستیە بڵێین کە میدیا و راگەیاندنی یەکێتی بەسەر دوو بەشدا دابەش بوون، بەشێکیان ئەو ئۆرگانانەن کە لە ژێر چەتری مەکتەبی راگەیاندن کاردەکەن (بەداخەوە ئێستا ئەو مەکتەبە پووکاوەتەوە)، بەشێکیشیان ئەو ئۆرگانانەن کە لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی یەکێتییەوە بەڕێوە دەبردرێن و زۆرجار کارکردنیان لەگەڵ ئەجێندا و بەرنامەی (ی.ن.ک) یەک ناگرێتەوە و بگرە بۆ هەندێ بەرژەوەندیی تایبەت یەکێتیش بچووک دەکەنەوە.

نموونەی زیندوو بۆ وتارەکەم دەبەستمەوە بەو ناوچانەی کە جەنگی دژی داعشیان تێدایە و هێزی یەکێتی و پارتی و پەکەکە تێیدا بەشدارن، ئاشکرایە کە لە وەها حاڵەتێکدا پێویستە راگەیاندنی یەکێتی لەپاڵ گەیاندنی راستیی رووداوەکان وەک خۆی، بایەخی تایبەت بە هێزی (ی.ن.ک) یانیش فەرماندە سەربازییە یەکێتییەکان بدات و لەو رێگایەوە بە وەرگر بڵێ ئەوە هێزی حیزبەکەی منە لە سەرجەم سەنگەرەکاندا ئامادەیی هەیە و بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەن، بەڵام ئایا راگەیاندنی یەکێتی ئەمەی کردووە؟ بێگومان نەخێر. زۆرجار لەخۆم دەپرسم ئەرێ بۆ نایکەن؟ دەبێ جیاوازیی فەرماندە و پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە کەرکووک و جەلەولا چی بێ لەگەڵ فەرماندەیەکی تر کە لە سنووری شنگال یان زۆنی زەرددایە؟

ئەگەر مرۆڤ واقیعی بێ و هەر بە راست بیەوێ لە رێگای راگەیاندنییەوە خزمەت بە ئەجێندای حیزبەکەی بکا، دەبێ بایەخی زیاتر بەو ناوچانە بدات کە حیزبەکەی تێیاندا نفوزی کەمە یان خراپە، بەڵام بەداخەوە راگەیاندنی (ی.ن.ک) ئەمەی نەکردووە و رێک پێچەوانەکەی کردووە.

زۆرجار و لەکاتی هێرش و رووبەڕووبوونەوەکانی داعشدا بەداخەوە راگەیاندنی یەکێتیم وەک ئۆرگانی لایەنی تر هاتووەتە بەرچاو کە لەخێری خۆی جار جارە باس لە قارەمانێتییەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی دەکا.

راستە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و نابێ ئاوا بە سانایی تێپەڕبێ، بەڵام بە بڕوای من هۆکاری ئەو کێشەیە بێ خاوەنیی راگەیاندنی یەکێتییە لە بڕیار و سیاسەتی روون بەرامبەر رووداوەکان، ئەگینا لەکاتی رێگرتن لە تیمی کوردسات نیوز و گەلی کوردستان بۆچی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بێ دەنگە و بە پارتی ناڵێ ئەرێ کاکە ئەمە یانی چی؟ یان بەشێکی زۆر لە بەرپرسە باڵاکانی یەکێتی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی پێویست ناکا لەسەر راگەیاندنێک بێنە جواب کە لە کۆتاییدا چەند کەسێک سەرپەرشتییان دەکەن و زۆرجار بڕیارەکانیان ئەو میدیایە دەکاتە ئۆرگانی لایەنی تر نەک یەکێتی و ئەو بەرپرسانەشی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەرپەرشتی راگەیاندنەکان دەکەن لەسەریان نایەنە جواب و لایان گرنگ نییە رێ لە راگەیاندکاری یەکێتی دەگیرێ یان نا؟

خاڵێکی تری جەوهەری و کێشەی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەرەکانی جەنگ و لەکاتی هێرشەکاندا بریتییە لە جیاوازیکردن بەرامبەر هێزەکانی یەکێتی، ئاشکرایە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان خاوەنی هێزێکی گەورە و قارەمانی پێشمەرگەیە، بەڵام بەداخەوە راگەیاندنی (ی.ن.ک) نەیتوانیوە وەک پێویست راگەیاندنی هەموو هێزەکان بێ. باشترین بەڵگە بۆ ئەمە دەتوانین بچین لە فەرماندە مەیدانییەکان بپرسین تا ئەم راستیەمان باشتر بۆ روون ببێتەوە، بە جۆرێک وای لێهاتووە ئەگەر لە هێرشەکاندا هێزێکی دیاریکراوی یەکێتی بەشداری بکا ئەوا بایەخی زۆر تایبەت بە هێرشەکە دەدرێ و لەنێو بەشدارانی هێرشەکەشدا تەنها چەند کەسێک، بەڵام ئەگەر لە هێرش و قارەمانێتی زۆر گەورەدا ئەو هێزانە بەشدار نەبن ئەوا لای راگەیاندنی یەکێتی ئەو هێرشە جێی بایەخ نییە و رووماڵکردنەکەی لە (5-6) هەواڵی بەپەلەی ژێرنووس و (2-3) پەیوەندی تەلەفۆنی تێپەڕ ناکا.

ماوەتەوە بڵێم وەک چۆن زۆرجار دەگوترێ جەنگی داعش فێرگەیەکی زۆر باش بوو بۆ رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، ئاواش ئەم جەنگە دەریخست کە راگەیاندنی (ی.ن.ک) لە چ قەیرانێکدایە و چۆن ناتوانێ مینبەری راستەقینەی هەموو یەکێتییەکان بێ و پەیامی روون و ئاشکرای هەبێ، بۆیە پێویستە هەرچی زووە چاو بە راگەیاندنی یەکێتی-دا بخشێنرێتەوە و بۆ لەمەودوا کارەکانی ئەو ئۆرگانە میدیاییانە وردتر و بە بەرنامەتر ئەنجام بدرێ و بە سەرجەم هێز و لایەنەکانیش بگوترێ کە رێگرتن لە میدیای یەکێتی و بەکارهێنانی لە بەرژەوەندیی خۆتان مایەی قبوڵ نییە و ئیتر راگەیاندنی یەکێتی دەکەینەوە بە راگەیاندنە کاریگەرەکەی جاران.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# حەشدی شەعبی بکەنە پێشمەرگە

ئەو بەرمیلە بارووتەی داعش لەگەڵ خۆی هێنایە گەرمەسێر و خورماتوو، هێشتا نەتەقیوەتەوە، بەڵام هەر دەتەقێ. حەشدی شەعبی، کە ساڵ و نیوێکە هاتووەتە ئەو ناوچەیە، دەیزانی هاتنی بەدەست خۆیەتی و گەڕانەوە نا، بەڵام ئێمە بڕوامان کردبوو کە لەشکرێکی رزگارکەرمان هێناوەتە کوردستان و هەر کاریان تەواو بوو، بە گوڵباران و ماچوماچ بەڕێیان دەکەینەوە. ئێستا لە خورماتوو حەشد کەڵەگایی دەکات. ئێمەش لەوەدا تێماوین کە چۆن نەهێڵین ئەو گرێی حەشدە لێمان ببێتە شەڕی داعشێکی نوێ.

ئایەتوڵڵا سیستانی لەو رێنماییە بیست خاڵییەیدا کە بۆ هەڵسوکەوتی چەکدارانی حەشد دەریکردووە، زۆر شتی لێ قەدەغە کردوون. بۆ نموونە دەڵێت "نابێ هاوسەر و کەسوکاری ئەندامانی داعش و هەوادارانیان لە ناوچە جەنگییەکاندا بەدەستی حەشدی شەعبی زیانیان پێ بگات". لە خاڵێکی دیکەدا سیستانی دەڵێت: "دەبێ رێزی ئایین و نەتەوەکانی دیکە بگرن و هەوڵ بدەن دۆستیان بن نەک دوژمن". لە شوێنێکدا دیکەشدا دەڵێت: "تەنانەت ئەگەر ویستتان لە شوێنێک دارێک ببڕنەوە، لەوە بکۆڵنەوە کە چەندە پێویستە ئەو دارە ببڕدرێتەوە. ئەگەر ناچار نەبن، نەکەن بیبڕنەوە"!

لە ماوەی رابردوودا، لە گەرمەی شەڕی دژی داعش لە خورماتوو و دواتر لە گەرمەسێریش، چوومەتە ناوچەکانی بندەستی حەشدی شەعبی. لە هیچیەک لەو ناوچانە نەمدیتووە چارەکی ئەو رێنماییانەش جێبەجێ کرابن کە سیستانی دەریکردوون. بۆنموونە لە خورماتوو بە چاوی خۆم بینیم چۆن گرووپە جیاوازەکانی نێو حەشد، واتە خوراسانی و حیزبوڵڵا و گرووپەکانی دیکە، توندوتیژی بەرامبەر خەڵکی بێدەرەتان و ناشیعە دەکەن. خۆم و ئەو تیمە رۆژنامەڤانییەی لەگەڵم بوون، سەرلەئێوارەیەک لە سەنتەری شاری خورماتوو خەریک بوو ببینە نێچیری چەوری یەکێک لەو گرووپانە.

ئەوەی لە خورماتووەوە چووبێتە ئامرلی، ناتوانێ خۆی لە شارۆچکەی سوننەنشینی سلێمان بەگ نەبان بکات. حەشدی شەعبی ماڵ بە ماڵی سلێمان بەگیان سووتاندبوو، هێشتاش دووکەڵ لەنێو هەندێک لەو ماڵانەوە بەرز دەبووەوە. لە گوڵاڵە حەشد نێوەڕاستی شارەکەیان گرتبوو. لەبەرچی؟ چونکە دووکان و بازاڕ و بانک و دامودەزگاکانی دیکە هەموویان لەوێ بوون. هەفتەیەک پاش کۆنترۆڵکردنەوەی گوڵاڵە، هیچ دوکانێکم نەبینی نەشکێندرابێت و تاڵان نەکرابێت. چەکدارانی حەشد وەک شانازی بۆ ئەو کارەیان بە دەستوخەتی درشت رستەی یادگارییان لەسەر دار و دیواری دوکانەکان نووسیبوو. لە سەعدییەش ئەوەی روویدەدا و دەمانبینی زۆر لە گوڵاڵە و خورماتوو خراپتر بوو. بۆیە بەردەوام بیرم لە رێنمایی دارنەبڕینەکەی سیستانی دەکردەوە. ئاخر حەشد ریزە دووکانی لرفەدەدا، کەچی سیستانی داربڕینی لێ قەدەغە دەکردن!

بەڵام ئەمە دیوێکی دیمەنی ئەو حەشدەیە کە زۆرتر لە ساڵێکە پۆستاڵی خستووەتە سەر خاکی باشووری کوردستان. دیوەکەی دیکەی ئەوەیە لە ئامرلی رۆڵەی دڵسۆزی ئەو شارۆچکە تورکمانییە شیعەنشینەم بینی کە لەپێناوی پاراستنی ماڵ و حاڵی خۆیان ببوونە حەشد و شەڕێکی قارەمانانەشیان لەدژی داعش کردبوو. لەنێو تازە خورماتووش خەڵکی شیعەی شارۆچکەکە دیوارێکی بەرگرییان بە دەوری خۆیان و ماڵ و منداڵیاندا کێشابوو، وەک حەشدی شەعبی ناوچەکانی خۆیانیان دەپاراست.

کاتێک شەڕی داعش دەستیپێکرد، پێشمەرگە لە گەرمەسێر و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری کەرکووک پێویستی بە هاوکاریی حەشدی شەعبی و هەر هێز و گرووپێکی دیکە هەبوو. بۆئەوەی نەهێڵن داعش بەرەو کەرکووک و ناوچەکانی دیکە پێشڕەوی بکات. بەڵام ئێستا لەجیاتی ئەوەی حەشدی شەعبی هاوکاریی پێشمەرگە بکات، سەرئێشەی نوێی بۆ دروست دەکات. چارەسەریش ئەوەیە دوو جۆر حەشد لەو ناوچەیە لەیەکدی جیابکەینەوە: یەکێکیان گرووپەکانی حیزبوڵڵا و خوراسانی و ئەوانی دیکەن کە لە شارەکانی عێراقەوە هاتوون و لەو ناوچەیە جێگیرکراون. ئەو حەشدانە بە خۆشی بێت یان بە ناخۆشی دەبێ بڕۆنەوە و کوردستان بەجێبهێڵن. چونکە بەقەولی ئێرانییان "کارشان تمام شد" و چیدیکە مانەوەیان پێویست نەماوە.

گرووپێکی دیکە ئەو حەشدانەن کە خەڵکی ئامرلی و تازە خورماتوو و ناوچەکانی دیکەن و دەیانەوێ ناوچەکانیان لە تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبی و نەتەوەیی بپارێزن. ئەمانە رۆڵەکانی ئەو ناوچەیەن و بمانەوێ و نەمانەوێ هەر دەمێننەوە. بۆ ئەوانە گرنگە وەکچۆن حکومەتی کوردستان هێزی بۆ کاکەیی و ئێزدی و شەبەک و کریستیانەکان دروستکرد، ئاواش پێشمەرگە تورکمان و شیعەکانی ناوچەکە بکاتە مایەی سەقامگیری نەک سەرئێشە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



رۆژان چاوی لە پۆستەکەی فەلاح مستەفایە
« 11

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین**: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

